# منداڵ لە جینۆسایدی ئەرمەندا

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

ڕوبینا پێرومیان

# منداڵ لە جینۆسایدی ئەرمەندا

(سێ لێکۆڵینەوە)

لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

ناوی کتێب: منداڵ لە جینۆسایدی ئەرمەندا

نووسین و لێکۆڵینەوەی: پرۆفیسۆر د. ڕوبینا پێرومیان

بابەت: جینۆسایدی ئەرمەن (سێ لێکۆڵینەوە)

لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

دیزاین: هەرێم عوسمان

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم: ٢٠٢٦

چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

زنجیرە: ١٠٠/٥٦٠

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی (٢٢٤٥)ی ساڵی٢٠٢٦ ی پێدراوە.

بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

## پێڕست

وتەیەک ........................................................................ ٧

١ دامەزراوەکانی بەتورککردن و ئاسیمیلەکردن لە چاوی ئەو منداڵە هەتیوانەی ئەرمەنەوە کە هەڵاتن و دەرباز بوون.................................................................... ١٧

٢ نووسەرانی نەوەی سێیەمی ئەرمەنە ئەمریکییەکان و گەڕان بە دوای خودناسی و لەیادنەکردنی جینۆسایدەکەدا .............................................................. ١٠٦

٣ جیهانی نائارامی لیۆناردۆ ئەلیشان (١٩٥١ – ٢٠٠٥): قوربانییەکی سووتان لەسەر قوربانگەی جینۆسایدی ئەرمەن ...................................................................... ١٤٨

## وتەیەک

خوێنەری بەڕێز

ئەم کتێبەی لە بەردەستتایە خانمێکی ئەرمەن نووسیوێتی و بریتییە لە سێ باس و لێکۆڵینەوە، کە لە هەرسێکیدا بنکۆڵکارییەکی وردی کردووە. پێش ئەوەی کورتەیەکی باسەکانتان پێ بناسێنم حەز دەکەم پرۆفیسۆر ڕوبینا پێرومیان خۆی بناسن. ئەم خانمە کە ئێستا لە تەمەنێکی هەڵکشاودایە و لەمساڵدا، ٢٠٢٦، کە ئێمە ئەم باسانەی ئەوی بە کوردی تێدا دەخوێنینەوە تەمەنی گەیشتووەتە نەوەد ساڵ و هەر بەردەوامە لە کار و بەخشش لەپێناوی پرسی ئەرمەنی نەتەوە و گەلی خۆیدا و بەهیوام تەمەندرێژ بێت. ڕوبینا نەوەی سێیەمی جینۆسایدی ئەرمەنە و بێجگە لەو قوربانییە لە ئەژمار نەهاتووانەی گەلەکەی کە لە جینۆسایدا لەناوبران زۆرێک خزمان و کەسانی بنەماڵەکەشی بەو دەردە چوون و ئەوانەیان کە ڕزگاربوون لە ئێران گیرسانەوە و ئەم لێرە گەورە بووە و خوێندنی ئەندازیاریی لە زانکۆی تاران تەواوکردووە. پاشان لە ساڵی ١٩٧٨دا بە خانەوادەوە

دەگوێزنەوە بۆ ئەمریکا و لە زانکۆی کالیفۆرنیا بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەب و مێژووی ئەرمەندا بە دەست دێنێت و هەر لەو زانکۆیەش دەبێتە مامۆستای ئەم بوارە و لێرەوە گەشتی توێژینەوەی دەست پێدەکات لەسەر پرس و ڕەهەندەکانی جینۆسایدی ئەرمەن و بەتایبەتیش ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبدا و کتێب و لێکۆڵنەوەکانی بەرچاون و لە پاشکۆی کتێبەکەدا زیاتری لەبارەوە باسکراوە. توێژینەوەکانی دکتۆر پێرومیان لەم کتێبەدا خۆیان لە سێ تەوەردا دەبیننەوە:

یەکەم: دامەزراوەکانی بەتورککردن و ئاسیمیلەکردن لە چاوی ئەو منداڵە هەتیوانەی ئەرمەنەوە کە هەڵاتن و دەرباز بوون. ئەم تەوەرە بەشی زۆری کتێبەکە پێکدێنێت و نووسەر وردەکارییەکی زۆری کردووە لەسەر چارەنووسی ئەو منداڵانەی کە بە هەرشێوەیەک بووە لە کوشتن ڕزگاریان بووە یان پێش ڕاگواستنیان دایک و خانەوادەکانیان سپاردوونیان بە ماڵە دەراوسێ تورک و کوردەکانیان، یان لە ڕێگەی ڕاگواستندا فڕێندراون یان دایک و باوک و کەسوکاریان لەناوچوون و منداڵەکانیان هەتیو کەوتوون و سەرگەردان بوون و هەر لەو دەمەدا دەوڵەتی تورکی عوسمانی و مسیۆنێرە (مژدەدەر) کریستیانەکانی کە لە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپاوە هاتبوونە ناو خاکی عوسمانییەوە و دەزگا و دامەزراوەی زۆری تەبشیرییان چێکردبوو، ئەوانیش لە پاڵ

دەوڵەتدا گەلێ خانەی هەتیوانیان دامەزراندبوو. زۆرێکیش لەو منداڵانە لەم خانانەوە کەوتنە ماڵەکان و لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی تورکیای ئەو دەمەدا توانەوە و دواتر ڕەگ و بنەچەی خۆیان نەناسییەوە. نووسەر لێرەدا باسی ئەو منداڵانە دەکات کە کەمێک کزرتر بوون و دواتر بە هەر شێوەیەک بووە لە ماڵەکان و هەتیوخانەکانەوە هەڵاتوون و تێکەڵی کۆمەڵگەکانی دیاسپۆرای ئەرمەن بوونەتەوە، لەو وڵاتانەی کە ئەرمەنە ڕزگاربووەکانی جینۆساید سەری خۆیان بۆ هەڵگرت و تێیاندا گیرسانەوە، بە تایبەتی ئەمریکا و کەنەدا و وڵاتانی ئەوروپا و گەلێ لە وڵاتانی تری دنیا. نووسەر بۆ ئەم کارەی چەندین چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەو شایەتحاڵ ودەربازبووانەدا کردووە، کە ئەزموونی ئەو ژیانە تاڵ و پڕ تراجیدیایەیان کردووە لە منداڵییاندا. هەروەها چەندین کتێب و بەرهەمی مێژوویی و ئەدەبی و بیرەوەری و یاداشتی نووسەرانی ئەرمەن و غەیرە ئەرمەنی پشکنیوە و لەم باسەدا کۆمەڵێک نموونەی زیندوو دەهێنێتەوە کە مووچڕکە بە ڕۆح و جەستەدا دەهێنێت و مەگەر هەر خەڵکانی جینۆساید زەدەی وەک کورد درکی پێبکەن، کە بە داخەوە بەشێک لە کوردی خۆیشمان پشکی بووە لە ئەنجامدانی ئەو تاوانەدا، سا بەهەر هۆیەکی ئاینی و کرێگرتەیی دەوڵەت و هەژاری و شرەخۆرییەوە بووبێت،

هەرچەندە لایەنی مرۆڤدۆستی و چاکەی بەرچاویشی هەبووە بۆ ڕزگارکردنی ئەو مرۆڤە لێقەوماوانە و هەر لەو دەمەدا و دواتر و تا ئێستاش بەردەوامیی هەیە و خۆیشی هەمان تراجیدیای ئەزموونکرد و هێشتا هەر درێژەی هەیە.

دووەم: نووسەرانی نەوەی سێیەمی ئەرمەنە ئەمریکییەکان و گەڕان بە دوای ناسنامە و لەیادنەکردنی جینۆسایددا. نووسەر لەم بەشەدا وردەکارییەکی زۆر دەکات لەسەر ئەو پەخشان و ڕۆمان و دیوانە شیعرییانەی لەسەر جینۆسایدی ئەرمەن دەدوێن و چیرۆک و یاداشت و گێڕانەوەی ڕزگاربووانیان کردووە بە کەرەستەی ئەدەبێکی بەرز. لێرەدا نووسەر تیشک دەخاتە سەر ئەو لایەنەی ڕزگاربووانی ڕاستەوخۆی دوای جینۆساید، کە بە نەوەی دووەمیان ناودەبات و ساڵانێکی زۆر لە ژێر کاریگەریی و تراومای کۆمەڵکوژییەکاندا بە بێدەنگی دەمێننەوە و هیچ ناگێڕنەوە بۆ نەوەکانیان چونکە مەرگەساتەکە ئەوەندە زەبربەخش بووە کە باسکردنی بۆ نەوەکانیان لە ئەقڵ و تەنانەت خەیاڵیش بەدەر بووە و گەلێکیان باسوخواسی مەینەتیی ئەم ئەزموونە تاڵەیان بردووەتە ژێر گڵەوە. بەڵام پاش هەڵمەتێکی هاندانی بێوچانی نەوەی سێهەمی ڕزگاربووانی ئەرمەن لە دیاسپۆرادا، ڕزگاربووانی نەوەی دووەم کەوتوونەتە گێڕانەوەی ئەوەی بەسەریان هاتووە،

هەروەها گێرانەوە و نووسینی بیرەوەرییە تاڵەکانیان بۆ نەوەکانیان، کە نووسەر بە نەوەی سێیەمی داناون و ئەوانیش دەکەونە کارکردن لەسەری چ بە وەرگێرانیان بۆ ئینگلیزی و زمانانی زیندووی تری جیهان و چ وەک کەرەستەی خاویش بۆ نووسین و بەرهەمهێنانی ئەدەب و هونەرێکی بەرزی شیعر و ڕۆمان و شانۆ و فیلم و .. تاد. هەروەها ئەمە کاری لە هونەرمەند و نووسەرانی تری جیهان کردووە بۆ هاوسۆزیی لەگەڵ پرسی ناساندنی جینۆسایدی ئەرمەن بە تەواوی دنیا. لەم بەشەدا ناوی دەیان ڕۆمان و دەقی ئەو کۆپلە شیعرانەی شاعیرانی ئەرمەن دەبینی کەوا چەند هونەریانە ئەو تراجیدیایە کاری تێکردوون و ڕەنگیداوەتەوە لە شیعر و ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکانی تریاندا. نووسەر و ڕەخنەگری ئەرمەنی ئەمریکای باکوور، لۆرن شیرینیان تێبینیی ئەوە دەکات کە "ساڵی ١٩١٥ وەک سیمبۆڵ و هێمایەک کار دەکات کە لە ڕێگەیەوە ئەرمەنەکان زانیارییان لەسەر خۆیان هەیە و خۆیان دەبینن. چونکە پاش ڕزگاربوونیان لە جینۆساید، نەک هەر دەبێت باوەڕیان بە خۆیان هەبێت، بەڵکو دەبێت قەناعەت بە کەسانی تر بکەن کە باوەڕیان بە بوونیان هەبێت. ئەدەبیاتی دیاسپۆرا یان ڕەوەندی ئەرمەنی دەربڕینێکە بۆ ئەم پێویستییە". نووسەرێکی تریان ئەم پرسیارە گەورەیە ئاڕاستەی

مرۆڤایەتی دەکات و لە مۆتیف و پاڵنەری کوشتاری ئەرمەن دەپرسێت: "ئەی باشە ئەوە چییە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی لەو شێوەیە؟ ئاخۆ چەند ڕقیان لە ئەرمەنەکان بووبێت بۆ ئەوەی بتوانن دراوسێیەکی خۆیان بکوژن کە نانیان لەگەڵیان بەشکردووە، بۆ کوشتنی مەعمیل و کڕیارێکی دڵسۆز کە بەردەوام سەردانی دوکانەکەیان دەکرد، بۆ کوشتنی هاوڕێیەکی خوێندکاری کۆلێج کە لەگەڵیدا دانیشتبوون و خوێندوویانە، یان پێکەوە سەیری یاریی تۆپی پێیان کردووە، یان شیعری ویتمانیان هاوبەش و ئاڵوگۆڕ کردووە کە هەردوکیان شەیدای بووبوون"!.

سێیەم: جیهانی نائارامی لیۆناردۆ ئەلیشان (١٩٥١ – ٢٠٠٥): قوربانییەکی سووتان لەسەر قوربانگەی جینۆسایدی ئەرمەن. نووسەر لەم بەشەدا ژیاننامەی شاعیرێکی ئەرمەنی بەو ناوەی سەرەوە هەڵدەبژێت و لەگەڵ بەشێک لە شیعرەکانیدا لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەسەر دەکات، وەک نموونەیەکی نەوەی سێیەم کە چۆن کاریگەریی جینۆسایدیان لەسەرە و ئاوێتەی ڕۆح و ژیانیان بووە و ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کەوا پرسی جینۆساید لای ئەرمەن پشتاوپشت کاری خۆی دەکات بۆ لەبیرنەکردنی و کارکردنی سەرومڕ لەسەری نەک هەر بە مەبەستی ئەوەی جارێکی تر لێیان ڕوونەداتەوە بەڵکو تەوزیفکردنیە بۆ

ئەوەی گیانی بەرخودان لای نەتەوە و گەل بە زیندوویی بمێنێتەوە و بتوانێت لەناو جەنجاڵیی جیهانی ئەم چەرخەدا نەک هەر بمێنێتەوە و نەفەوتێت بەڵکو بتوانێت شوێنی شایستەی خۆیشی بگرێت وەک گەلیکی زیندوو. لیۆناردۆ ئەلیشانی شاعیریش وەک ڕوبینا پێرووومیانی نووسەری ئەم باس و لێکۆڵینەوانە، لە ئێران لەدایک بووە و گەورە بووە و بنەماڵەی ئەمیش دەربازبووی جینۆسایدی ئەرمەنە. ساڵی ١٩٧٣ ڕوویکردووەتە ئەمریکا و لەوێ دکتۆرای بەدەستهێناوە و نزیکەی بیست ساڵ مامۆستای ئەدەبی فارسی و ئەرمەنی بووە لە زانکۆی یوتا لە ئەمریکا. لە تەمەنی نۆ ساڵیدا نەنکی ورد و درشتی بەسەرهاتی تاڵی کۆمەڵکوژییەکانی ئەرمەن و بە ڕێکەوت ڕزگاربوونی خۆیی بۆ دەگێڕێتەوە و کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بەجێدێڵێت و وەک نیمچە شێتی لێدێت و هەر بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە تا کۆتایی ژیانی لە ساڵی ٢٠٠٥دا، کەچی سەرباری دابڕانی لە خێزان و منداڵەکانی و بەتەنهایی ژیان و پەنابردنە بەر مەی و بەدمەستی، بەڵام وەک شاعیرێکی هەست ناسک و خاوەن داهێنان لە شیعردا دەمێنێتەوە. داپیرەی ئەم شاعیرە لە تەمەنی چواردە ساڵیدا لە کۆمەڵکوژیی ڕزگاری بووە بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە لە میلانخۆلیا و کەساسیی ژیانی دوای جینۆساید دەرباز بێت و هەمان کاریگەرییشی بۆ

ئەلیشانی نەوەی گواستووەتەوە و هەردوکیان تاکۆتایی ژیانیان ئەو مۆتەکە و تراومایە بەرینەداون. ئەلیشان بە پەخشان و شیعریش نووسیویەتی: "داپیرەم ساڵی ١٩٧٨ لە نەخۆشخانەیەکی دەروونیی لەندەن لە سەر جێگە کەوتووە و چاوەڕێی مردن بووە، بەڵام پێش ئەوەی گیان بسپێرێت سوارەکانی تورک بە تفەنگ و شمشێری دەستیانەوە دێنە بەرچاوی و چواردەوری دەگرن و ئەمیش لەتاوا دەقیژێنێت و هاوار دەکات: ئامان دووریان بخەنەوە لێم و لەو ساتەدا دوا هەناسەی دەدا و گیان دەسپێرێت".

**بۆ ئەوەی نەنکم دابنێم و پشوو بدات**
**ئاخر ئەو قورسە و من ئێستا پیر بووم و**
**هەست بە ماندوێتی دەکەم.**
**پێناچێت مەسەلەکە هێندە گرنگ بێت**
**کە من سەرەتا نەنکم لە کۆڵ دەکرد**
**کاتێ ئەو لەڕ و لاواز و چواردە ساڵ بوو**
**منیش بەزەحمەت تەمەنم دەگەیشتە نۆ ساڵ.**

**(ئەلیشان، ٢٠٠٢)**

دوا پەیڤم لەم وتە کورتەدا ئەوەیە کە ئێمەی کوردی جینۆساید زەدەش کاتێ بیر لە خەم و دووکەڵی بێئامانی ئەوان و خۆمان و گەلانی تری هاودەردمان دەکەینەوە نازانم چۆن وەک ئەلیشانی شاعیرمان بەسەرنایەت؟ ڕەنگە

وەڵامیشمان لە زاری پیرەژنێکی دەربازبووی ئەنفالی لای خۆمانەوە دەستبکەویت کاتێ دەڵێ: "ڕۆڵە ڕۆح لە شوێنێکی سەختدایە بۆیە دەرناچێت!"

من ڕوبینا پیڕومیان و کاک نیشانی هاوسەریم ساڵی ٢٠١٤ لە کۆنفرانسێکی جیهانیی جینۆسایددا ناسی و ساڵی دواتریش لە کۆنفرانسێکی یادی سەد ساڵەی جینۆسایدی ئەرمەندا لە یەریڤان بینیمەوە و کتێبێکی خۆیی داپێم بە ناونیشانی: "ئەوانەی لە تورکیا بەردەوامییان بە ژیان دا لە دوای ساڵی ١٩١٥"

“And Those Who Continued Living in Turkey after 1915 ”

لە ئێستادا سەرقاڵی وەرگێڕانی ئەو کتێبە ناوازەیەم و بەهیوام زوو دەرفەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی بۆ بڕەخسێت.

**محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**

# ١
# دامەزراوەکانی بەتورککردن و ئاسیمیلەکردن لە چاوی ئەو منداڵە هەتیوانەی ئەرمەنەوە کە هەڵاتن و دەرباز بوون

## پوختە

هەرچەندە منداڵە هەتیوەکانی ئەرمەنستان جێگەی سەرنجی ئەم توێژینەوەیەن، بەڵام لە چوارچێوەیەکی فراوانتردا وەرگیراون، چونکە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵە هەتیوەکانی یۆنانی و ئاشووری و ئەرمەنی - بە هەموو هاوبەشی و جیاوازییەکەوە - نیشاندەری مەبەستە بۆ لەناوبردنی گرووپە بەئامانجگیراوەکانی مرۆڤ وەک لە ڕێککەوتننامەی جینۆسایددا پێناسەی دەکات.

ئەم توێژینەوەیە باس لەو مێتۆد و شێوازانە دەکات کە حکوومەتی عوسمانی وەریگرتووە و ئەو ڕێوشوێنە تەواوکەرانەی کە پێویستن لە پرۆسەی جێبەجێکردنی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو منداڵە بێشومارانەی لە چوارچێوەی سیاسەتی قڕکردنی گشتگیر و تەواودا. ئەمەش بریتی بوو لە

دامەزراندنی خانەی منداڵانی هەتیو لە تورکیادا، کە هەندێکیان بە شێوەیەکی مەجازی پێیان دەگوترا مەکتەب (قوتابخانە ئایینیەکان) و بە شێوازگەلی دڕندەییانە ناچاری بوون بە ئیسلامیان دەکردن و دەیانناردن بۆ ماڵە موسڵمانەکان هاوڕێ لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجەدانێکی بێئاماندا و لە هەمان کاتدا بە ئامانجی نهێنی و شاراوەی باشکردنی ڕەگەز لە ڕێگەی دەزگا و دامەزراوەی بەتورککردنیانەوە و بێجگە لەوەش، مامەڵەی قێزەونانەی ئەم منداڵانە، لە ئەشکەنجەدان و دەستدرێژیکردنە سەر و کوشتنیان بە درێژایی ڕێگاکانی ڕاگواستنیان. باسەکە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەزموونی دەستە و تاقمی دیاریکراوی ئەم منداڵە قوربانیانە، لەوانەی لەم پیلانەدا گیانیان لەدەستدا و ئەوانەی ڕزگاریان بووە و گەیشتوونەتە جیهانی دەرەوە یان بەردەوام بوون لە ژیان لە تورکیادا، وەک موسڵمان، ڕاستیان کردبێت یان بە خۆنواندن بووبیت، بێجگە لەو مەسیحییانەش کە ئایین و باوەڕی خۆیان پاراستبوو سەرباری هەموو ئاستەنگ و سەختییەک کە بەرەوڕووی بووبوونەوە. بە پشتبەستن بە چاوپێکەوتن و گێڕانەوەی کەسیی ئەم منداڵە هەتیوانە و لێکۆڵینەوە نوێیەکان لەسەر بارودۆخی دەروونیی نەوەکانیان، ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ئاسەوار و کاریگەرییە کورتخایەنەکان، چونکە بە زۆری ئەم نەوەیە لە

ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بووە بە نەوەیەکی مردوو و ناتوانێت بە تـەواوی بەشداریی بکات لە بـەردەوامبوونـی گـەل و نەتەوەی ئەرمەندا، سەرەڕای ئاسەوارە درێژخایەنەکانی جینۆساید کە پشتاوپشت دەکەن و بارگرانییەکی دەروونییان لەسەر خەڵک و نەتەوە دروستکردووە بە جۆرێکی وا کە دۆخەکەیان ئاڵۆز کردووە و بوون بە ڕێگر لە پرۆسەی چاکبوونەوە و سارێژبوونی برینەکان.

ڕێککەوتننامەی جینۆسایدیش ئاماژە بە کاریگەرییەکانی ئەم مامەڵە جینۆسایدییانەی ناکات کەوا گەل و نەتەوەی ئەرمەن هێشتا لە هەوڵ و خەباتدایە بۆ تێپەڕاندنی.

وشـە سـەرەکـیـیـەکـان: تـەکنیکـەکـانی کـۆمـەڵـکوژی، چاوپێکەوتنی مێژووی زارەکی، بیرەوەرییەکانی ڕزگاربووان، هـەتـیـوخـانـە ئـەمریکی و ئـەوروپـی و ئـەرمـەنـەکـان و هەتیوخانەکانی تورکیا، ماڵە موسڵمانەکان، تەکنیکەکانی دەربـازبـوون و مانەوە، کۆکردنەوەی منداڵە هەتیوەکان، کاریگەرییەکانی نەوە دوای نەوە، مۆتەکە و وێنە و هێما ئایکۆنییەکان.

تێبینی: ئەم باسە لە گۆڤاری نێودەوڵەتیی توێژینەوەکانی یینۆسایدی ئەرمەن -International Journal of Armenian Geno cide Studies، ژمارە ٢، ٩ی ساڵی ٢٠٢٤دا بڵاوکراوەتەوە.

## پێشەکی

ڕێککەوتننامەی ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید،"گواستنەوەی زۆرەملێی منداڵانی گرووپی ئامانج بۆ گرووپێکی تر" (مادەی دووەم، فەسڵی ها) وەک تاکە بڕگەیەک دەناسێت کە بە ئاشکرا پەیوەندیی بە کردەوە تایبەتەکانی منداڵانەوە هەیە و هیچ باسێکی تر لە سیاسەتی جینۆسایدی ئامانجدار لە دژی ئەم گرووپە نەکراوە و مەبەست لێی زەقنەکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەزموونی زەبربەخش دژ بە منداڵە ڕزگاربووەکان بووە و لە هەمان کاتیشدا گەلانی ڕزگاربوو لە خەباتی بێکۆتایی خۆیاندا بۆ زاڵبوون بەسەریدا و چاکبوونەوەیان. ئەم باسە تیشک دەخاتە سەر منداڵانی ئەرمەن بۆ زیاتر ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوەی مەسەلەی ئەرمەنی. بەڵام لە چوارچێوە فراوانەکەیدا دەتوانێت هەندێک ڕۆشنایی بخاتە سەر مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی هەتیوی یۆنانی و ئاشوورییەکانیش - بە هەموو هاوبەشی و جیاوازییەکەوە - بۆ سەلماندنی وێنە گەورەکە وەک نیشاندەری نیاز و مەبەستی تورکە لاوەکان بۆ لەناوبردن لە ڕێگەی جینۆسایدەوە.

بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، بایەخی سەرەکیی توێژەران و مێژوونووسانی ئەرمەن سەلماندنی ڕاستی و دروستیی جینۆسایدی ئەرمەنەکان بوو کە بە شێوەیەکی سەرەکی

سەرنجیان لەسەر بەڵگەنامەکردنی مێژوویی ڕووداوەکە بوو. تێکەڵکردنی بیرەوەری و کار و بەرهەمی ئەدەبی بۆ باشتر تێگەیشتن لە کارەساتەکە و لایەنە مرۆییەکەی دیاردەیەکی نوێیە. دواجاریش ناتوانرێت جینۆسایدی ئەرمەنەکان وەک تەنها ڕووداوێکی مێژوویی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەو پێیەی وردەکاری و کاردانەوەکانی لە ئێستادا حاشا هەڵنەگرن و میللەت لە دەرئەنجامەکانیدا دەژی، کە بەپێی پێویست دانیان پێدا نانرێت و مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت.

ئەم باسە بەدواداچوون بۆ ئەو شێوازانە دەکات کە حکوومەتی عوسمانی پیادەی کردووە و ئەو ڕێوشوێنە تەواوکەرانەی کە پێویستن لە پرۆسەی جێبەجێکردنی مامەڵەکردن لەگەڵ ژمارەی زۆری ئەو منداڵانەدا لە چوارچێوەی سیاسەتی قڕکردن و لەناوبردنی گشتگیریدا. هەروەها لێکۆڵینەوەش لە کاریگەرییە کوشندە و پڕووکێنەکانی ڕابردوو و ئەو برینە هەرگیز سارێژنەبووانە دەکات کە ئەم هەتیوانە بە درێژایی ژیانیان هەڵیانگرتووە و کاریگەرییان لەسەر تەواوی کردار و ڕەفتاریان و تێڕوانینیان بۆ ژیان هەبووە. بەڵام لە پێشدا دەمەوێت سوپاسی کارەکانی پرۆفیسۆر ڤاهاکن دادریان بکەم، وەک دەرکەوتووترین زانا و بنکۆڵکار لە توێژینەوەکانی جینۆسایدی ئەرمەندا، کە دەستی

بە باسەکە کرد و زەمینەی سازکرد بۆ لێکۆڵینەوەی منداڵان وەک لقێکی جیاواز لە ناو تێکڕا قوربانییاندا[١].

بۆ پێشکەشکردنی پاشخانێکی ئەم مشتومڕە سەبارەت بە سیاسەتەکانی قڕکردنی تایبەت بە منداڵان، سەرەتا تیڕوانینێکی گشتی لەو شێوازانە دەخەمە ڕوو کە قووڵتر و ناسراوترن (لە هێنری مۆرگێنتاوەوە تا ڤاهاکن دادریان)، بە پشتبەستن بە نموونەی وەرگیراوی یادەوەریی ئەو کەسانەی هێشتا لە ژیاندا ماون. پاشان قسە لەسەر ئەو هەتیوخانانەی تورکیا دەکەم کە کەمترین بەڵگەیان لەسەرە و بە دەگمەن لە بیرەوەرییەکانی ڕزگاربووواندا باسکراون و هۆکاری ڕواڵەتیی ئەوەیە کەوا کەم کەس لەم دامەزراوانە هەڵاتوون یان ڕزگاریان بووە. دیارە بە ئەگەرێکی زۆرەوە منداڵانی دەستبەسەر لەم دامەزراوانەی تورکیادا زۆر بچووک بوون و ڕەگ و ڕیشەی خۆیان لەبیرکردووە و بە تەواوی لە کۆمەڵگەی تورکیادا تواونەتەوە و ئاسەواریان بزر بووە، خۆ ئەگەر تەمەنیان ئەوەندە بووبێت کە لەبیریان مابێت، ئەوە لەگەڵ یادەوەرییەکی تاڵ و ئازاربەخشی ناتەبا لەگەڵ دۆخی خۆیاندا ژیاون و بێدەنگی و هیچ نەدرکاندنیان بەسەردا سەپاوە.

## منداڵان وەک بەشێک لە ڕاگوێزراوان لە ڕێگاوبانەکانی ڕاگواستندا

بە فەرمانەکانی ڕاگواستن قۆناخی یەکەمی چارەسەری کۆتایی دەستپێکرد. بە زۆرییش پێش ئەوە گرتن و سەربڕینی خەڵکە نێرینە و باڵقەکان جێبەجێ دەکرا و زۆربەی ژن و منداڵ و پیرەکانیان ڕاپێچی ڕێپێوانی مەرگ دەکرد. بەڵام دیارە بەتەنها ڕاگواستن و تەنانەت بەئەنقەست توندکردنەوەی ستەم و شەکەتی و ماندوێتیی ڕێگا چارەسەرێکی خێرا و یەکلاکەرەوەی لێنەکەوتەوە. لەبەر ئەوە جەندرمەکانی یاوەری کاروانەکان، ئەو پیرەژن و پیرەمێردانەی کە جێدەمان و نەیاندەتوانی بە ڕێکردنی کارواندا بگەن دارکاری دەکرد و دەیانکوشتن. برسێتی و تینوێتی و نەخۆشی کە لە ناو ئۆردووگاکانی ئاوارەکاندا بڵاو بووبووەوە هێشتا کارەکەی تەواو نەدەکرد. بەڵکو هێرشە ڕێکخراوەکانی تورک و کوردەکان بۆ سەر گوندەکانی ئەرمەن و تاڵانکردن و ڕووتکردنەوە و کوشتن و فڕاندنی منداڵ و ژنانی گەنج زیاتر کاریگەریی خۆیان سەلماندبوو.

هۆڤانێس موگردیچیان لە لاپاجلێ (گوندێکە لە چیای ئامانوس) ئیفادە و شایەتی ئەوە دەدات کە: "... بە پاچ و تەور و چەقۆ و کوتەک و بێڵ و داس نزیکەی پێنجسەد کەسیان کوشت. ئەوان بەم کوشتارە دانەکەوتن بەڵکو

زۆرێک لە ژنە گەنجەکانیان لەگەڵ خۆیان بە دیلی برد".
پاشان زیاتر لەسەری دەڕوات و دەڵێ: "ساڵح کە زاوای کوێخای گوندەکە بوو لە کاروانێکدا دەستی بەسەر کچێکی سێزدەساڵانی ئەرمەنیدا گرت و لەگەڵ خۆیدا بردی و نانی نەدەدایە و ئەویش لە تاو برسێتی هێلکەیەکی دزیبوو خۆیی پێ تێر بکات و سزاکەی ئەوە بووە کە فڕێیداوەتە ناو بیرێکی وشکەوە کە قووڵیی چل مەتر بووە. هەڵبەت نامرۆڤایەتی هیچ سنوورێک ناناسێت!"[٢]

هەر لە دۆخ و سیاقی ئەم بابەتەدا، ئەم شایەتحاڵانە و زۆر کەسی تری هاوشێوەیان ڕاستییەک پیشان دەدەن تەواو پێچەوانەی ئەو ئیددیعایەی حکوومەتە کە جەندرمەکان بۆ پاراستنی ڕاگوێزراوان یاوەریی کاروانەکانیان دەکرد. دیروهی کویمجیان هایگاس لە کۆنیا ئەو ئیددیعایەی تورکیا ڕەتدەکاتەوە کە جەندرمەکان کاروانەکانیان دەپاراست و باندی جەردە و تێرۆریستانیش تاوانی زۆریان دەکرد لە دژی ئەرمەنەکان. "من شایەتحاڵێکی زیندووی ئەم درۆ و دەلەسانەم و شایەتیی ئەوە دەدەم کە ئەوان ئێمەیان نەپاراست و لە ڕاستیدا ئەوان خۆیان سەرچاوەی ئەنجامدانی تاوان بوون..."[٣]

هێرش و هەڵکوتانەسەری بچڕبچڕ و تەقەکردنی هەڕەمەکیی بەردەوام نەدەبڕایەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا

هـەزاران ڕاگـوێـزراو، کە لەو هەموو دەرد و مەینەتی و ئازارەی ڕێ ڕزگاریان بوو، لە کۆتاییدا بە حاڵ و بارێکی زۆر خراپ گەیشتنە دوا مەنزڵیان لە بیابانی سووریادا. زۆرێک لە بەرپرسانی ناوخۆیی کوشتنی بەکۆمەڵیان بە شێوازی جیاواز وەک تاکتیکێک بەکارهێنا بۆ ڕزگاربوون لەو کۆمەڵە گەورەیەی ئاوارەکان کە لە خاک و ناوچەکانیان کۆبـووبـوونـەوە. گـارۆ پـۆلادیـان لـە بیرەوەرییەکانیدا ئەو شێوازە پیشان دەدات کە "ئەحمەد بەگی دڕنـدە" لە بیابانی سووریادا پەیڕەویی دەکرد، کە لە قوستەنتینیەوە تـازە نێردرابوو بۆ ئـەوەی جێگەی ئەو کەسە بگرێتەوە کە ئاسانکاریی دەکـرد و شێواز نەرمتری پیادە دەکرد. ئەحمەد بەگ چیچانییەکانی بەکاردەهێنا، کە دڕندەترین هۆزی بیابان بوون و بەڵێنی دەسکەوت و تاڵانیی باشی پێدابوون و تفەنگی بەسەریاندا دابەشکرد و بەرپرسیارێتیی پاکتاوکردنی یەکجارەکیی ئەرمەنەکانی پێسپاردن. ئەوانیش "بە تفەنگی دەستیانەوە و بەسەر ئەسپەوە، ئەرمەنەکانیان ڕاپێچ دەکرد و لە ژێر پێی ئەسپەکانیاندا دەیانشێلان و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی تەقەیان دەکرد و هەندێکیان کوشت و هەندێکی دیکەیان بریندار کرد و دەستدرێژییان کردە سەر کچە گەنجەکان و بەجێیاندەهێشتن تا بمرن و پاشان ئەو چەند کەسەی لە کوشتارەکە ڕزگاریان بوو ڕیزیان

کردن".[٤] گەلێ جاریش کە ڕاگوێزراوان دەرباز دەبوون و دەگەیشتنە بیابانی سووریا، لەوێ بێ نان و بێ ئاو و بێ هیچ لانە و پەناگەیەک پەرش و بڵاو دەبوونەوە و بەجێیاندەهێشتن بۆ ئەوەی لەناوبچن.

## منداڵان وەک بەشێک لە قوربانیانی کوشتنی بەکۆمەڵ

شێوازێکی تری کوشتنی بەکۆمەڵ کە وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ ڕاگواستن بەکارهێنرا و ئەویش بەندکردنی خەڵک بوو لە کەنیسەکان و سووتاندنیان بە زیندوویی بە ئاگرتێبەردانی کەنیسەکە. کۆستان زاریان نموونەی لەو حاڵەتانە دەگێڕێتەوە لە کتێبەکەیدا "دەنگەکانی ناو کەنیسە Voices in the Church". هەریپسیمێ زینیان (عەجەمیان) لە ماڵگارە ڕووداوێکی تری بە زیندوویی سووتاندنی ڕاگوێزراوان دەگێڕێتەوە و دەڵێ: پاشماوەی کاروانەکەیان گەیشتبووە دێرەزور کاتێ کە جەندرمەکان دەستیان کرد بە کۆکردنەوە و جیاکردنەوەی منداڵان. دایکی هریپسیمێی کچە تەمەن هەشتساڵان کە تاکە ڕزگاربووی خێزانە گەورەکەیان بوو، بەرگەی ئازاری ئەم دابڕانەی نەگرت و لە بەر چاوی هریپسیمێ ڕایکرد بۆ ڕووبارەکە و خۆی فڕێدایە ناو ئاوەکەوە. کۆمەڵێک لەو ئاوارانەی کە مابوونەوە

بە زیندوویی سووتێنران و ئەوانی تریان پاڵ پێوەنان بۆ ناو ڕووباری فورات بۆ ئەوەی بخنکێن. منداڵان ئاگرەکەیان دەبینی و بۆنی تەرمی سووتاوەکانیان دەکرد و گوێیان لە قیژە و هاواریان بوو.[٦]

شۆغەر تۆنایان ئەو ڕۆژەی دێتەوە یاد کە چۆن عەسکەری تورک پەلاماری ڤارتینێسەی گوندەکەیان دان لە نزیک مووش و داگیریان کرد و تەواوی گوندنشینەکانیان لە دوو تەویلەی گەورەدا کۆکردەوە و ئاگریان تێبەردان. ئەو دەمە شۆغەر تەمەنی چواردە ساڵ بوو. لەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ڤێرجینیێ سڤازلیاندا، شۆغەر هەوڵدەدات ئەو کارەساتە وێنا بکات کە لە ناو تەویلە بڵێسەی ئاگر و دووکەڵی تەویلەکەدا ڕوویدا. هەندێکیان لەم دۆزەخە ڕزگاریان بوو تەنها لەبەر ئەوەی پێش ئەوەی بڵێسەی ئاگرەکە هەمووان بخوات، ساپیتەکە دارِمابوو. ئەو و خوشکەکەی توانییان بەسەر داروپەردووی وێرانەکەدا سەربکەون و هەڵبێن. بەڵام لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا بەردەوام دەیگوت "خۆزگە منیش دەرباز نەبوومایە، ئای لەو دەرد و مەینەتییەی پێیدا تێپەڕیم".[٧] ئەوەندە ساڵ دوای ئەوە، یادەوەرییەکان هێشتا زیندوون و هێشتا ژیانی ئەویان هەر بەدبەخت و پڕ کوێرەوەری کردووە.

لە هەموو ئەو شایەتییانەی سەرەوەدا هیچ مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ منداڵانی بچووکدا نییە. منداڵان بەشێکن لە دانیشتووانی گشتیی بەئامانجگیراو کە بە درێژایی ڕێگای ڕاگواستنەکە تووشی ستەم و پاکتاوکردن بوون.

## مێتۆد و شێوازە تایبەتەکانی قڕکردنی منداڵان

ڤەهاکن دادریان ئەو شێوازە ئەهریمەنییانەی کە حکوومەتی تورکیا، یان نوێنەرە ناوخۆییەکانی جێبەجێیان کردووە بۆ ڕزگاربوون لە هەزاران منداڵی بچووک، ژمارەی زیادەی هەتیو لە پرۆسەی کۆمەڵکوژی و ڕاگواستندا دەژمێرێت و بەڵگەی لەسەر دەکات.[8] ئەو باس لە ژەهراویکردنی بەکۆمەڵ و "حەمامی هەڵم" دەکات – واتە کوشتنی منداڵی بچووک و کۆرپە بە هەڵمی گەرم – خنکاندن، دەستدرێژیکردنە سەر کچان و تەنانەت کوڕانی گەنجیش، سووتاندن یان زیندەبەچاڵکردنی منداڵان و ئەو منداڵانەی کە لە لایەن تورک و کورد و عەرەبەکانەوە هەڵگیراونەتەوە بۆ ئەوەی یان لای خۆیان بیانهێڵنەوە یان لە بازاڕی کۆیلەدا بیانفرۆشن.

لە کتێبی "ئیندێکسی بابەتیی" کۆکراوە قەبارە گەورەکەیدا کە سەدان چاوپێکەوتنی ڕزگاربووانی تێدایە و زۆربەیان لە ئەرمینیای سۆڤییێت بوون، هەروەها لە کتێبی "ئیفادەکانی

یینۆسایدی ئەرمەن بۆ شایەتحاڵە ڕزگاربووەکان The Ar- menian Genocide Testimonies of the Eyewitness Survivors”، ڤێرجین سڤازلیان ١٣١ چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەو کەسانەدا کردووە کە یان شایەتحاڵی دەستدرێژیکردنە سەر برا و خوشکێکیان بوون یان خۆیان دەستدرێژییان کراوەتە سەر، ٣٢ باس و گێڕانەوە لە هێرشکردنە سەر کاروانەکانی ڕاگوێزراوان لە لایەن چیچان و چەرکەسییەکانەوە، بە مەبەستی جیاکردنەوەی منداڵان بۆ سەربڕینیان و فڕاندنی منداڵانی گەورەتر بۆ بەکارهێنانیان وەک کۆیلەی سێکسی و کرێکاریی زۆرەملێ، یان فرۆشتنیان، لە ناو ئەوانەدا ١٢٦ باس و گێڕانەوە لە تورکاندن یان بەئیسلامکردنی زۆرەملێی ئەو قوربانیانە هەیە کە دواتر هەڵهاتوون و گەڕاونەتەوە بۆ ئایین و باوەڕی یەکەمجاریان، ٧٤ باسی منداڵ و کۆرپەی سووتاو یان بە زیندوویی نێژراو یان لە کەندڕێکەوە فڕێدراونەتە خوارەوە یان فڕێدراونەتە ناو چاڵێکەوە یان خنکاون، یان دەستدرێژیی کراوەتە سەریان و کوژراون، ٧٨ باس و گێڕانەوە لە ڕزگاربووانێک کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە قوتابخانە و کەنیسە و ماڵ و تەویلە و گەوڕ و چاڵ و ئەشکەوتەکان لە ئەرمەنەکان پڕ کراون و ئاگریان تێبەردراوە.

**ژەهراویبوون** - گێڤۆرگ چیفتچیان تەمەنی شەش ساڵ بوو کاتێ سەربازەکان هەڵیانکوتایە سەر کابووسێی گوندەکەیان و گوندنشینەکانیان دایەبەر خۆیان پێش ئەوەی دەرفەتی سەرکەوتنیان بۆ سەر شاخی موساداغ بۆ بڕەخسێت و بەرگریی لە خۆیان بکەن. ئەو کاروانەکەی لەبیرە کاتێ گەیشتووەتە حەما و لەوێ ٥٥ منداڵی تەمەن ٥ - ٦ ساڵ لە ئەشکەوتێکدا بەند کرابوون بۆ ئەوەی بەهۆی برسێتی و گەستن و پێوەدانی مار و مێرووەوە بمرن. وەک کوڕە بچووکەکان لەبیریانە، پاشایەکی تورک گێڤۆرگی بردووەتە ماڵەکەی خۆی بۆ گسکدان و پاککردنەوە و پاشان هێندەی فەلاقە کردووە تا بێهۆش بووە. هەرچۆنێک بێت گێڤۆرگ توانیوێتی ڕابکات و دواتر بیستبووی کە هەمان پاشا منداڵەکانی ناو ئەشکەوتەکەی ژەهرخواردوو کردووە بۆ ئەوەی مردنیان خێراتر بکات.[٩]

لیڤۆنتی ئازادیانی تەمەن هەشت ساڵان باس لە سەختیی ڕاگواستنەکە دەکات کە چۆن جەندرمەکان ئاوارەکانیان کوشتووە بۆ کەمکردنەوەی ژمارەیان. ئەو کچە منداڵە هەتیوخانەیەکی تورکیای لەبیرە کە ماوەیەکی کورت تێیدا ژیاوە و دەگێڕێتەوە کە ڕۆژێکیان هەموو منداڵە هەتیوەکانی ئەرمەنیان لە هەتیوخانەکەدا کۆکردووەتەوە بۆ ئەوەی گوایە خواردنیان پێبدەن. ئەو نەیدەزانی چی لەو خواردنەدا

هەیە کە منداڵە نابیناکان خواردوویانە و پاشان ئەم منداڵە کوێرانەیان فڕێداوەتە دەرەوە بۆ ئەوەی بمرن. بەڵام ئەو چۆن لەم کارەساتە پڕ دڕندەییە ڕزگاری بووە، یان لە ناو ئەم منداڵانەدا بووە و بە موعجیزەیەک ڕزگاری بووە، ڕوون نییە.[١٠]

**خنکان** – نێرگز ژەمکۆچیان خەڵکی کوتۆرا (کە ئەمڕۆ ئۆردووە) لە سەر دەریای ڕەش، دەگێڕێتەوە کە هە موو ئەرمەنەکانی شارۆچکەکە دەرکراونەتە دەرەوە و پێش دەستپێکردنی ڕاگواستنەکە کوژراون. داپیرەی نێرگزی تەمەن چوار ساڵ و هاگۆپی برا دوو ساڵانەکەی بە دراوسێیەکی یۆنانی دەسپێرێت. منداڵەکان تا دەرچوونی فەرمانی حکوومەت بۆ لەسێدارەدانی هەرکەسێک کە ئەرمەنەکانیان داڵدە دابێت یان شاردبێتەوە، لای ئەو خێزانە داڵدەدراون. پاش ئەم بڕیارە منداڵەکان فڕێدرابوونە سەر شەقام. تەمەنی نێرگز زۆر لەوە بچووکتر بووە کە هەموو ئەمانەی لەبیر بێت و چیرۆکەکە زۆر دواتر لە لایەن دایکی و داپیرەیەوە بۆ گێڕدراوەتەوە. بەڵام ئەوەی لە هەست و بیریدا پاراستوویەتی و هەرگیز لە یادی ناکات ئەو ساتەوەختە بووە کە بە هۆی سروشت و خووی مانەوەوە دەستبەرداری برا نەخۆشەکەی بووە و لە ناو ئەو کۆمەڵە منداڵەدا جێیهێشتووە کە جەندرمەکان لە کەناری دەریادا

کۆیان کردبوونەوە و لەوێ دووریانخستبوونەوە. ئەو لە پشتی دار و دەوەنەکانەوە بینیبووی کە چۆن زەبتییەکان zaptiehs ژنە تورکەکانیان دووردەخستەوە، کە لەوێ کۆبووبوونەوە بۆ یارمەتیدانی منداڵەکان بە پێدانی پارچە نانێک و کووپێک ئاو. هەروەها گوێی لە هاوارکردنی زەبتییەکان بووە: "خەمی تنوێتیی ئەوان مەخۆن، چونکە بەم زووانە ئاوێکی زۆریان دەبێت بۆ خواردنەوە" و بە ترس و تۆقینەوە تەماشای دەکرد چۆن زەبتییەکان منداڵەکان بە دەم قیژە و گریانەوە هەڵدەدەنە ناو ئاوی دەریاوە بۆ ئەوەی بخنکێن. ئەوە دواجار بووە کە براکەی تێدا بینێت، بەڵام ئەم بە درێژایی ژیانی یادەوەریی ئەو دیمەنە و ئەو نیگا ترسناکەی کە لە سەر دەموچاوی براکەی بوو لە ئاگایی و لە خەویشدا بەرۆکی بەرنەدەدا و سەردانی دەکرد.

هەرچەندە نێرگز هەموو تەمەنی گەورەیی خۆی لە سوخومی و لە کەناری جوانی دەریای ڕەشدا بەسەربردووە، بەڵام هەرگیز نەیتوانی خۆی لەگەڵ دیمەنی دەریادا ئاشت بکاتەوە. بۆ ئەو، "ئاوەکانی دەریا بەڕواڵەت بێباکانە جەستە و ڕۆحی ئەرمەنە لەناوچووەکان، خنکاو و لەدایک نەبووەکانی گرتبوو، فرمێسک و قیژە و هاواریان لە ڕێگەی خوێ و تاڵیی ئاوی تاریک و نرکە وناڵەی شەوانەی شەپۆلەکانیەوە هەستیان پێدەکرا و ئازار و ترس و تۆقینیان هێشتا بەرەو

شێتبوونم دەبەن ئەگەر زاتم هەبێت و دوای چەندین ساڵ بوێرم لە دەریا نزیک ببمەوە!"[١١]

خنکانی بەکۆمەڵ تەنیا هەر لەسەر ویلایەتی تراپیزۆن قۆرخ نەبوو. ڤەهاکن دادریان گەلێ نموونەی خنکانە بەکۆمەڵەکانی باسکردووە کە لە ناوچە جیاوازەکانی ڕووباری فورات ڕوویانداوە.[١٢] دادریان بە ئاماژەدان بە کچە ڕزگاربوویەکی ئەرمەنی باس لە خنکانی ٢٠٠٠ منداڵی ئەرمەن دەکات بە فەرمانی مستەفا سیدقیی سەرۆکی پۆلیسی دێرەزور، لە ٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩١٦دا. "ئەوان لەبەرچاوی سەرۆکی پۆلیس دوو دوو هەڵدەدرانە ڕووبارەکەوە کە چێژێکی تایبەتی لە شوێنی دراما و کارەساتی خنکانەکە وەردەگرت".[١٣]

لە گێڕانەوەیەکی زۆر زەق و کاریگەردا لەبارەی ئەزموونە پڕ تراجیدیاکەیەوە، کە دوای گەیشتن بە ئەمریکا لە ساڵی ١٩١٧دا نووسراوە، ئارشالویس ماردیگیان (گۆڕاوە بۆ ئۆرورا ماردیگانیان لە ئەمریکا) بە وردییەکی زۆرەوە باس لەو دڕندەیی و بەربەرییەت و ئەشکەنجە نامرۆڤانە باوەڕپێنەکراوانە دەکات کە بەسەری هاتووە یان شایەتحاڵی بووە.[١٤] ئیعدامکردنی دڕندانەی کوڕە بچووکەکان بە خنکاندنیان لە ڕووبارەکەدا. هەروەها دەگێڕێتەوە کەوا کاروانەکە گەیشتبووە مەلاتیە (مەڵەتێ) و وەک ئەوانیتر

کە پێشتر گەیشتبوون و لە دەرەوەی شارەکە هەواریان خستبوو.

"لەوێ سەربازەکان چوونە کەمپ یان خێوەتگەکانەوە و هەموو ئەو منداڵانەیان لەگەڵ خۆیان برد کە تەمەنیان لە پێنج ساڵان زیاتر بوو. پێم وایە ژمارەیان لە هەشت نۆ هەزار زیاتر بووبێت. تەنانەت سەربازەکان هاتنە ئەو ماڵەی کە من تێیدا لەگەڵ ئەرمەنییە "گۆڕاو یان هەڵگەڕاوەکاندا" بووم و سەرەڕای بەڵێنەکانی سەرۆکی شارەوانی کچ و کوڕەکانمانیان برد. ...ئەوان منداڵەکانیان بردە پەڕی شارەکە کە تیپێک لە کوردانی ئاغجەداغ چاوەڕێیان دەکرد. ...کوردەکان وەک ڕانە مەڕ بەرەو ڕووباری تۆکمە ڕاپێچیان کردن. لە کەناری ڕووبارەکەدا کوڕەکان فڕێدرانە ناو ڕووبارەکەوە و کچەکانیشیان برد بۆ گوند و شارە کوردییەکان بۆ ئەوەی وەک محەممەدی پەروەردە بکرێن"[١٥] (محەممەدی بە واتای موسڵمان دێت – وەرگێڕ).

**فرۆشتن لە بازاڕی کۆیلەدا** – بازاڕەکانی کۆیلە هەمیشە شانۆیەکی ئەزموونی ئازار و ئەشکەنجەدان بوون بۆ ئەو کچ و کوڕانەی کە بەم شێوە زەلیلکەر و نامرۆڤانە نمایش دەکران. ئۆرورا ماردیگانیان تۆقینی سامناکی خۆی لە ماڵی بەکران ئاغای کۆیلەفرۆشی بەدناوی مووش بیر دەکەوێتەوە. "دە هەزار کچی ئەرمەن، کچە ناسک و هەڵبژاردەکانی ماڵە

مەسیحییەکان، کچانی زانکۆ و کۆلێجەکان، مامۆستایانی گەنجی قوتابخانە، کچانی ماڵە دەوڵەمەند و هەژارەکان، ئەزموونی هەمان هەستی تۆقین و تێرۆریان دەکرد کە ئەو ڕۆژە بەسەر مندا هات کاتێ تێگەیشتم کە لە ماڵی ئەم کۆیلەفرۆشە بەدناوەدا دیلم". ئەوجا باسی ئەم پرۆسە قێزەونە و ئەو کچە کلۆڵ و چارەڕەشانە دەکات کە تووشی بوون. بازاڕ پڕ بوو لەم کاڵا بازرگانییە، بۆیە نرخ هێجگار هەرزان و کەم بوو. ئەرشالویس بە یەک مەجیدی (نزیکەی ٨٥ سەنت) کڕدرا و بردیانە ئەو ماڵەی کە جەودەت بەگی والیی وانی تێدا بوو، کە دواتر بوو بە فەرماندەی سوپای تورکیا کە لە دژی ڕووسەکان دەجەنگا.

هریپسیمێ زینیان (عەجەمیان)ی تەمەن هەشت ساڵان، وەک پێشتر باسمانکرد، لە نێو ئەو کۆمەڵە منداڵەدا بوو کە لە کەمپی ئاوارەکانی دێرەزور لە دایکیان جیاکرابوونەوە، ئەو باس لەوە دەکات کە ئەو منداڵانەی لە دۆڵێکی ئەو نزیکانەدا کۆکرابوونەوە، هاواریان دەکرد و دەگریان. ئەو شەوە منداڵەکانیان بە بێ نان و ئاو هێشتەوە و خەریکبوو لە تینواندا دەخنکان، دنیا تاریک بوو، چەم و جۆگە ئاوێکیان دۆزییەوە و بە هەڵەداوان کەوتنە سەری و تا توانییان لێیان خواردەوە. بۆ بەیانیەکەی بە ترسەوە دەموچاوی یەکتریان بینی کە پەڵە پەڵە خوێنی پێوەبوو. تومەز ئەم جۆگەیە

خوێناوی خزم و کەسوکارە کوژراوەکەی خۆیان بووە کە لێیان خواردووەتەوە. دواجار منداڵەکان بۆ دوور بران و فرۆشرانە بەدووەکان. لەویٚ ناوی هریپسیمیٚ گۆڕدرا بۆ حەمدییە و ڕوومەت و قۆڵەکانی خاڵکوت (تاتوو) کرابوو، وەک هەموو ژنانی خێڵە بەدووەکان و لەو ماڵە عەرەبەدا ژیاوە تا لە ساڵی ١٩١٩دا لە لایەن ئاندرانیک و هێزەکەیەوە ڕزگارکرا.[١٦]

**دەستدرێژیکردن** – دەستدرێژیکردنە سەر کچان و ژنانی گەنج و پیر و تەنانەت کوڕانیش کارێکی ئاسایی و بەربڵاو بوو. بەگوێرەی دادریان، لە هەندێک ناوچەدا "کەنیسەکانی ئەرمەنی وەک سۆزانیخانەی کاتی بەکاردەهێنران".[١٧]

هێنری مۆرگێنتاو بەبیٚ بەکارهێنانی ئەم وشەیەش دەستدرێژیی سێکسیی بەربڵاو دەسەلمێنێت و دەڵێت: "لە پشتەوە سوپایەکی بچووکی کچان بەجێماوە کە وەک کۆیلە فرۆشرابوون، کە زۆرجار لە بەرانبەر یەک مەجیدی، یان نزیکەی هەشتا سەنتدا و کە دوای خزمەتکردنی مەبەستە گڵاوەکانی کڕیارەکانیان، ناچار بوون ژیانی لەشفرۆشی بگوزەرێنن".[١٨] کەرۆپ بێدوکیان، ئەو کوڕە تەمەن نۆ ساڵەی خەڵکی سیواس بە ڕێگای ڕاگواستنیانەوە، ئەو هێدمە و شۆکە ترسناکەی بیر دێتەوە کە تووشی بوو کاتیٚ بە چاوی خۆی ئەو ئەتککردنە قێزەونەی بینی کە لە لایەن شەش کوڕی تورکەوە

دژ بە کچێکی جوان ئەنجامدرا. ئەوان جلەکانی دڕاند و دەستدرێژییان کردە سەری و ئەوجا فەرمانیان پێکرد هەستێت و بە ڕووتی سەما بکات، دواجاریش بینی کە چۆن بە ترس و تۆقینەوە بەرەو ڕووبارەکە (فورات) ڕایکرد و خۆی خنکاند.[١٩]

دیرۆهی کۆیمجیان هایگاس بە نووسینی چیرۆکی ژیانی بە ئەرکی خۆی دەزانێت قسە بۆ هەزاران کچ و ژنی ئەرمەنی بکات کە "بۆ هەمیشە لە لایەن دەستدرێژکارانی تورکەوە تێکشکان و وێران بوون".[٢٠]

ئێستەر/ گێزیر خەدیجەی دایکی مارگرێت ئانهێرست عەجەمیان، ژیانێکی نوێی لە ئەمریکا دەستپێکرد بەڵام بە ئازاری یادەوەریی ئەزموونە تاڵ و ترسناکەکەیەوە دەژیا: "تەنها شتێک کە لەگەڵ خۆم هێنابووم بۆ ئەمریکا یادەوەریم بوو - ئەو شتەی کە بەتوندی دەمویست لە دوای خۆمەوە بەجێیبهێڵم"[٢١]. ئەو تەنانەت پێش ئەوەی چیرۆک و بەسەرهاتەکەی بۆ کچەکەی بگێڕێتەوە، بە بێمەبەست کاریگەریی ئەو ئەزموونە ترسناکەی بۆ گواستەوە. مارگرێت بە دەم ترسی تورکەکان و خراپە و شەڕخوازیی سێبەرێکی بەدقوومەوە گەورە بوو کە بەسەر ماڵەکەیاندا دەسووڕایەوە. ئێستەر لە تەمەنی ٩٨ ساڵیدا بڕیاریدا چیرۆک و بەسەرهاتەکەی بگێڕێتەوە، "هەر کاتێ من مردم، ڕاستی

لەگەڵمدا دەمرێت. دەبێت تۆ و منداڵەکانت بزانن من چیم بەسەرهاتووە و بە چیدا تێپەڕیوم". ئێستەر و خێزانەکەی لە ئەماسیاوە کەوتنەڕێ و ئەو کاتە تەمەنی سێزدە ساڵ بوو. ئەم خێزانە خۆیان ڕادەستی ستەم و مەینەتیی درێژایی ڕێگەی ڕاگواستن کرد و تا دەهات لێیان کەم دەبووەوە، تا لە دواجاردا ئێستەر خۆی بە تەنها مایەوە، نەخۆش و لەڕ و لاواز خەریکبوو لەبرسا بمرێت. ژنێکی ئەرمەنی بەتورککراو ڕزگاری کرد و خستیە ژێر بەزەیی و چاودێریی خۆیەوە. بەڵام دواتر دایە دەست ژن و مێردێکی بەساڵاچووی بێ منداڵی تورکەوە. لەو ماڵە تورکەدا ناوی گۆڕدرا بۆ گێزیر خەدیجە و وەک کچێکی ماڵەکە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، بەڵام لە لایەن یوسف بەگی "باوکیەوە"، کە ئەفسەرێکی سەربازیی خانەنشینکراو بوو دەستدرێژیی سێکسیی کرایە سەر. لێرەدا گاڵتەجاڕییە ترسناکەکە ئەوەبوو کە خانمی هاوسەری یوسف بەگ، بەڵێنی دابوو وەک ئەو کچەی کە هەرگیز نەیبوو مامەڵەی لەگەڵ بکات و ئاگاداری بێت، کەچی "منی وەک سۆزانییەک بۆ هاوسەرەکەی بەکاردەهێنا". دواتر ئێستەر هەڵهات بۆ خانەیەکی هەتیوان کە هەموو هەفتەیەک تورک و کوردەکانی دەوروبەری دەهاتن بۆ ئەوەی یارمەتیدەرێک، منداڵێک، یان هاوسەرێکیان دەستبکەوێت. لەوێ گەنجێکی تورک ئێستەری هەڵبژارد و

وەک ژنی خۆی بردیەوە بۆماڵەکەی، بەڵام دوای ئەوەی کە زانی پەردەی کچێنیی نەماوە، بە بەردەوامی لێی دەدا و جنێوی بە ئایینەکەی دەدا، "دینینی سیکتر "dinini siktir"، واتە هەی بێدین. ئەو بەردەوام بەر لێدان و جنێودان و سووکایەتیکردن بە ئایینەکەی و باوباپیرانی دەکەوت، بەو هیوا و ئیرادەیەی کە ڕۆژێک هەر دێت بەرەو ئازادی هەڵبێت. ئێستەر لەو ماڵەدا تەنها کەنیزەک و کۆیلەی سێکس بوو، بەڵام خۆشبەختانە منداڵی نەبوو. لەو کاتەشەوە کە تووشی هێدمە و شۆکە ترسناکەکانی ڕێپێوانی مەرگ بوو، لە سووری مانگانە چووبووەوە، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو ستەمکاری و دڕندەییانەی بەرانبەری ئەنجامدرا، دان بەوەدا دەنێت کە ئەو پیاوە دڵڕەق و دڕندەیەی خۆشویستووە. ئاخۆ لێکدانەوەیەکی دەروونیی هەیە بۆ ئەم جۆرە پەیوەندییە، کە لە ناو ژنانی فڕێندراوی سەردەمی جینۆسایددا شتێکی نامۆ نەبووە؟

ئێستەر بە خراپ مامەڵەکردن و لێدان و دەستدرێژیی سێکسی، ژیانی خۆی لەو ماڵەدا بۆ ماوەی سێ ساڵ ڕاکێشا تا دەرفەتێکی هەڵهاتنی بۆ هەڵکەوت کە بگاتەوە زێدی لەدایکبوونی خۆی. بەڵام کاتێ لە کۆتاییدا گەڕایەوە بۆ ئەو شارەی جارانی، لە لایەن ئەو ئەرمەنانەوە کە بووبوون بە موسڵمان و خۆیان لە ڕاگواستن بەدوورگرتبوو و

دەیانویست ساڵانی سەخت و تاریکی لەبیر بکەن، تووشی سەرکۆنە و سووکایەتی پێکردن هات. "مۆرتسیر Mortseer (لەبیرکردن!) بوو بەو وشەیەی کە هەموویان بەکاریاندەهێنا". ئێستەر گاڵتە و سووکایەتیی زۆری پێکرا چونکە "کەوتبووە ناو "بۆیاخی ڕەشەوە" [کە توانج و ناتۆرەیەکی ئەرمەنییە بۆ ژنێک کە لەگەڵ دوژمندا خەوتبێت] و جارێکی تر هەرگیز پاک نابێتەوە". دواجار لە لایەن خێزانێکی ئەرمەنییەوە داڵدەدرا و لەگەڵ خۆیاندا گەیاندیانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

لە سەرەتای ژیاننامەکەیدا کە لە لایەن مای ئێم. دەرداریانەوە نووسراوە[٢٢] ڤێرجین بە جیهانی ڕادەگەیەنێت، "من لەوێ بووم! شایەتحاڵ بووم! قوربانی بووم!"، ئەوەی کە بینیم و بەسەرمهات و بەرگەم گرت، لە خەیاڵ بەدەرە. ڤێرجین خوێنەر دەباتەوە مەیدانەکانی کۆمەڵکوژی بۆ گوێگرتن لە هاواری ئازار و پاڕانەوە بۆ بەزەیی پێداهاتنەوە و بانگەوازی بێدەسەڵات کە "ئەڵڵا نێردەهسەن Allah nerdehsen؟" (خوایە تۆ لە کوێی؟). ڤێرجین بێتاوانیی خۆی و ڕۆحی خۆی و باوەڕەکەی لەدەستدا بە هۆی زەبری ستەمی پڕ لە دڕندەییەوە: "باوەڕم بە ئایین نەما، لەو کاتەوەی لە دەستی دەستگیرکەرە عەرەبەکانم هەڵهاتووم نە نوێژم کردووە و نە چوومەتە کەنیسە و لەو کاتەوە بەردەوام ڕقم لە نوێژە".

ڤێرجین تەمەنی سێزدە ساڵ بوو کاتێک لە ماڵی منداڵییەوە لە شاری قەیسەری لەگەڵ دایکە بێوەژنەکەی خستیانە ناو کاروانی ڕاگوێزراوانەوە، چونکە ئەو بژاردەیەی ڕەتکردبووەوە کە ئەگەر ببێتە موسڵمان ڕزگاری دەبێت. لە ڕێگەیاندا بە قەتمەدا تێپەڕین و ئەوجا حەڵەب و دواجاریش گەیشتنە سەرێ کانی (رأس العين) لە بیابانی سووریا کە ئاوارە ڕزگاربووەکانیان تێدا ترنجاندە کەمپێکی تەنگەبەرەوە بۆ ئەوەی بە برسێتی و نەخۆشی بمرن. دوای چوار مانگ سەربازەکان هەڵیانکوتایە سەر کەمپەکە و ئەو ئاوارانەی کە مابوونەوە بۆ پاکتاوکردن و لەناوبردن کۆیانکردنەوە. ڤێرجین لەوەدا بوو بمرێت کاتێ عەرەبێکی بەدوو پێشنیازی داڵدەدانی کرد لە ماڵی خۆیدا و ئەویش ڕازی بوو، بە مەرجێ دایکی و چەند ژنێکی تریش لەگەڵ خۆی ببات و بۆ ماوەیەک ڕزگاری بوو. لێرە ناوی گۆڕدرا بۆ نورە و دەموچاویان پڕکرد لە خاڵ (تاتوو). بەڵام کابرای عەرەبی بەدوو نەخشە و پلانێکی تری داڕشتبوو وهاوەڵەکانی ڤێرجینی کوشت و لە خێوەتگەی خێڵەکەی خۆیی دوورخستەوە و دەستدرێژیی سێکسیی کردەسەر. ئەم کچە منداڵە سێزدە ساڵانە کڵۆڵ و بەدبەختە چەند جارێک هەوڵیدا ڕابکات و هەموو جارێک دەگیرایەوە، بەڵام دواجار توانی هەڵبێت بۆ حەڵەب. ڤێرجین پتر لە نیو سەدە دوای گەیشتنی بۆ ئەمریکا دەستی بە

نووسینی بیرەوەرییەکانی کرد و وێنە و خەیاڵە ترسناکەکان هێشتا هەر ڕۆحیان دەکوتا و هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی ڕابوردووی بیربچێتەوە و خاڵە کوتراوەکانی سەر ڕوومەتی بیرهێنانەوەیەکی بەردەوام و سەرچاوەی شەرمەزاری و خەمۆکی بوون بۆی. دواجار لە ڕێگەی زنجیرەیەکی درێژخایەنی نەشتەرگەرییەوە ڕزگاری بوو لێیان، بەڵام هەرگیز لە مۆتەکە و بارگرانیی یادەوەرییەکانی ڕابوردوو ڕزگاری نەبوو.

گەیانێی داپیرەی لیۆناردۆ ئەلیشان ئەتک نەکرابوو، بەڵام ئەو ڕووداوەی کە شەرەفی ڕزگار کرد و ژیانی سەندەوە بەردەوام ئازاری دەدا. لیۆناردۆ دەنووسێت " کچێنیی خۆی لەدەستدا و بوو بە پەیکەرێکی گوناهبار" و کاتێ کە بە تەنها دەبوو، یان پێی وابوو تەنهایە، دەیدایە پرمەی گریان، وەک لیۆناردۆ دەیگێڕێتەوە و جارجار دەبرایە کلینیکی دەروونی بۆ چارەسەر و شیاندن. لیۆناردۆ تەمەنی تەنها نۆ ساڵ بوو کاتێ داپیرەی ئەو نهێنییەی لەلا درکاند کە بۆچی ئەوەندە کلۆڵ و بەدبەختە و هۆکاری گریانە بەردەوامەکەی چییە:

"ڕۆژێکیان کاپتنە تورکەکە بە ئەسپێکی بەڵەک بەڵەکەوە بەلایدا تێپەڕیوە. ئەم شاڵێکی سووری بەسەرەوە بوو کە بەنرخترین شت بووە لای. کاپتنەکە پێی گوتووە: 'ئەمشەو دێم بۆ لات' پیرەژنێکیش پێی گوتووە کە شاڵەکەی فڕێبدات و

ئەویش بە گوێی کردووە. ئەو ئێوارەیە تەماشای کردووە کاپتنەکە لەگەڵ کچێکدا ڕۆیشتووە کە شاڵ یان سەرپۆشە سوورەکەی ئەمی بەسەرەوە بووە. پاشان کاپتنەکە بەبێ کچەکە گەڕاوەتەوە. ئەمیش لەو شەوەدا فرمێسکی ئاسوودەیی هەڵوەراندووە، بەڵام تا کۆتایی ژیانی بە فرمێسکی پەشیمانی باجەکەی داوە".[٢٢]

گەیانێ بوو بە ڕوخساری خەمباری تەواوی دەرد و ئازارەکانی گەل و نەتەوە و لە هۆنراوەکانی لیۆناردۆدا وەک ژنێکی شێت دەردەکەوێت کە سوارەکانی تورک لە چواردەوری تەختی مردنەکەیدا دەبینێت لە نەخۆشخانەیەکی ئەقڵی و دەروونیدا لە لەندەن. لیۆناردۆ ئەلیشانی نەوەی سێیەمی ڕزگاربووی جینۆسایدی ئەرمەن، لە چنگی مۆتەکەی کارەساتەکەدا دەژیا و ئەویش هاوبەشیی خەم و مەینەتیی داپیرەی دەکرد و بووبووە بەشێک لەو تراجیدیایە. "هەوڵ دەدەم ببمە بینەری ئەو کارەساتە کە لە ژوورێکی نەخۆشخانەکەی لەندەن لە ساڵی ١٩٧٨دا گەیشتبووە لووتکەی ئەوەی کە نەنکم پێش مردنی سوارە تورکەکانی لە دەوری جێگە خەوەکەی خۆی بینی. بەڵام بەداخەوە من بینەر نیم، بەڵکو کارەکتەرێکی گیرۆدەی ئەو شانۆگەرییەم کە هەرگیز ناگاتە لەنگەر و هاوسەنگیی خۆی".[٢٤] کاریگەرییە دەروونییە زیانبەخشەکانی ڕابردوو نەک تەنها هەر ژیانی

کەسەکە تێکدەدات بەڵکو بەردەوامیشە لە کاریگەری دانان لەسەر نەوەکانی کە دادێن.

من چاوپێکەوتنی زۆرم کردووە و شایەتی و ئیفادەی زۆرێک لە ڕزگاربووانم خوێندووەتەوە کە کچی منداڵ و گەنج بوون لە سەردەمی جینۆسایددا. مەسەلەکە زۆر ئازاربەخش بوو بۆ ئەوان پێ لەوە بنێن کە دەستدرێژییان کراوەتە سەر یان بە زۆر لەگەڵ تورکێک یان کوردێک یان عەرەبێکدا ژیانی هاوسەرگیرییان بەڕێکردووە و زۆر کەمیشیان وایان کردووە. ئەوە لاپەڕەیەکی تاریک بوو لە ژیانیاندا و پێیان باش بوو هەر بە نهێنی بیهێڵنەوە. وەلێ ساتێنیک کینۆسیان نیگەران نەبوو دان بەوەدا بنێت کە لەبەر داماوی و پێویستییەکی زۆر لە مووسڵ، کە دوا مەنزڵی ڕاگواستن و ڕێپێوانە پڕ دەرد و مەینەتییەکەی بوو لە کارتز (نیکۆمیدیا)ی زێدی خۆیەوە، ناچار بوو لە ماڵە تورک و عەرەبەکاندا وەک کارەکەر ئیش بکات. بەڵام ساتێنیکی تەمەن پانزە ساڵ بۆ ڕزگارکردنی شەرەفی خۆی ناچار بوو لەم ماڵانە هەڵبێت و ڕۆژێکیان، دیسان لەبەر هەژاری و پێویستییەکی لەڕادە بەدەر، براکەی فرۆشتی بە حیلمی بەگ کە ئەندازیارێکی تورک بوو و ئەویش بە ناچاری خۆیی ڕادەستکرد. ساڵی ١٩١٨ کاتێ کە سوپای بەریتانیا مووسڵی گرت، حیلمی بەگ بەرەو قوستەنتینیە (ئیستانبوڵ – و) هەڵهات و ساتێنیکی

بەجێهێشت، تا دواجار توانیی بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی و لەوێ لەگەڵ سامۆیڵ سپانداریان، کە ئەندامی سوپای خۆبەخشی ئەرمەنستان بوو، هاوسەرگیریی کرد.[٢٥] ئاخۆ پاڵنەری ئەم هاوسەرگیرییە بەزەیی پێدا هاتنەوە بوو وەک گەلێ جار ڕوویدەدا؟ ئاخۆ ئەم پیاوە دەیزانی کە بووکەکەی دەستدرێژیی کراوەتە سەری؟ ئەمەش کێشەیەکی گەورە بوو بۆ زۆرێک لەو کچانەی کە لە دەستی دەستگیرکەرە موسڵمانەکانیان ڕزگاریان دەبوو یان هەڵدەهاتن.

ئەمانە نموونەیەکی کەم بوون لە شایەتی و ئیفادەی ئەو کەسانەی بەو دۆخەدا تێپەڕیبوون و لە ژیاندا مابوونەوە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان. بێگومان چیرۆک و بەسەرهاتی نەگێڕدراوەی تر لە ئەژمار نایەن لەبارەی ئازار و ئەشکەنجە و دەستدرێژی و پاشانیش خۆکوشتنی گەلێکیان بۆ ئەوەی کۆتایی بە بوون و ژیانی ڕیسواکراویان بهێنن.

شێوازێکی تری قێزەون بۆ لەکۆڵکردنەوەی بەکۆمەڵی ژمارەیەکی هێجگار زۆری منداڵانی ئەرمەن وەک ئەوەی دادریان بەڵگەداری کردوون، سووتاندن یان زیندەبەچاڵ کردنی منداڵان بوو . "لە سووتاندنی بەکۆمەڵی منداڵە هەتیوەکانی ئەرمەندا، شەیتانگەراییەکی سادیستی ئاشکرا زیاتر لە کاردا بوو. دوای لەناوبردنی خەڵکی ئەرمەن، ئەوانەیان کە مابوونەوە بووبوونە مایەی بێزاری و

بێئۆقرەیی بۆ تاوانباران. لە چەند ڕوویەکەوە کۆتاییهێنان بە کلۆڵی و نەهامەتییەکانیان لە ڕێگەی سووتاندنی بەکۆمەڵیانەوە بە گونجاوترین و کەمخەرجیترین ڕێگە دادەنرا".[٢٦] گارۆ پۆلادیان دیمەنێکی لەم شێوەیەی خوارەوە لە بیابانی سووریا وێنا دەکات. کاتێ کە چیچانەکان بە فەرمانی ئەحمەد بەگ کوشتارەکە ئەنجام دەدەن، "ناڵە و هاوار هاوارێکی سامناک بوو! ئاگرێکی گەورە بەدیدەکرا و چیچانەکان ئەو منداڵانەی کە کۆیان کردبوونەوە بەزیندوویی دەیانسووتاندن. دەستڕێژ و تەقەکردنە هەڕەمەکییەکانی جەندرمەکان قیژە و هاوارەکانی بێدەنگ دەکرد".[٢٧]

هایکۆ ڤاردانیان، کوڕێکی گەنجی خەڵکی شارور بوو و کاتێ لە کاری ڕۆژانەی لە کێڵگە هاتەوە ماڵ بۆ ئەوەی دیمەنێکی ترسناک ببینێت. دوو خوشکە زەندەقچووەکەی پێیان وتووە کەوا "عەسکەرەکان" خۆیان کردووە بە ناو کۆڵێتەکەیاندا و لە بەردەم دایک و باوک و دوو برا بچووکەکەیاندا دەستدرێژییان کردووەتە سەریان. ئەوان دایک و باوکیان ئەشکەنجە داوە و پاشان کوشتوونیان و دوو برا بچووکەکەشیان فڕێداونەتە ناو تەنوورەکەوە و بە زیندوویی سووتاندوونیان [تەنوور جۆرە کوورە یان فڕنێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە کە لە زەویدا هەڵکەندراوە و بو نانکردن بەکاردێت].

هاروتیون گریگۆریان کە لە ساڵی ١٩١٥دا هەرزەکار بووە، بە وردی باسی ڕێگای ڕاگواستنەکەیان دەکات لە گوندی ئاڤردنیک لە ئەرزڕووم و ئەو شوێنانەی کە پێیاندا تێپەڕیون و ئەو سەختی و مەینەتییەی بەسەریان هاتووە و هەرچۆنێک بووە بەرگەیان گرتووە. دواجار کاروانەکەیان گەیشتووەتە قەراخ شارۆچکەی دێرەزور. لەوێ قایمقامی نوێی شارەکە، کە پیاوکوژێکی دڵڕەق بووە، فەرمانی سەربڕینی نەخۆشەکانی دەرکردووە. هاروتیون دەگێڕێتەوە: "ڕۆژێک، ٤٠ عەرەبانە منداڵیان کۆکردووتەوە و پیاوێک بە ناوی ئیسماعیل حەقی بردوونی و گشت ئەو بوونەوەرە بێتاوانانەی سووتاندووە".[٢٩]

بە گوێرەی دادریان کۆمەڵکوژیی لاوەکی یەکێکی ترە لە شێوازەکانی پاکتاوکردن و لەناوبردنی منداڵان:

"بەشێکی بەرچاوی تری منداڵانی ئەرمەن بوونە قوربانیی ئەو کۆمەڵکوژییە بەرفراوانەی لاوەکی کە لە هەموو گۆشەکانی ئیمپراتۆرییەتەکەدا ئەنجامدرابوون، ئەو کۆمەڵکوژییانەی کە تەواو نائاسایی و سامناک بوون. وەک باڵیۆزی ئەمریکا هێنری مۆرگێنتاو باسی دەکات کە "بۆ دەستپێوەگرتنی ‹باروت و تەقەمەنی› جووتیارانی موسڵمان لە دێهاتدا، وەک گرووپی پشتیوانی بۆ باندە تاوانکارەکان کە بۆ ئەرکی کۆمەڵکوژی دەستنیشان کرابوون (ئەم باندانە

بە تەشکیلاتی مەخسووسە ناودەبران- وەرگێڕ)، ڕۆڵیان دەگێڕا و'کوتەک، چەقۆ، تەور، پاچ، داس، بێڵ و مشاریان' بەکاردەهێنا. ئەم جۆرە ئامێرانە... بووە هۆی مردنێکی ئازاربەخشتر لە تفەنگ و دەمانچە".[٣٠]

ئورۆرا ماردیگانیان دەگێڕێتەوە:

"بە دڵنیاییەوە نزیکەی پێنجسەد منداڵ و مێرمنداڵی کوڕ لەگەڵ ئێمەدا بوون کە تەمەنیان لە نێوان هەشت بۆ پانزە ساڵ بوو. ئەمانە هەموویان کۆکرابوونەوە و سەربازەکان بۆ شوێنێکی دوور ڕاپێچیان کردن و هەموو منداڵە بچووکەکان دەگریان و هاواریان دەکرد و ئێمە بۆ ماوەیەکی زۆر گوێمان لە قیژە و هاواریان بوو. کاتێکیش گەیشتینە عەرەبکیر، لە لایەن ئاوارەکانی ترەوە لەوێ پێمان گوترا کە هەموو کوڕەکان هەر کە لە گرد و چیاکانیان تێپەڕاندن بۆ ناو دۆڵەکە و ڕاستەوخۆ لە حەسەن چەلەبی بەولاوە، هەموویان کوژراون. لەوێ سەربازەکان بە کۆمەڵی دە و پانزە کەسی دەیانبەستن بە یەکەوە و پاشان بە شمشێر و نێزە سەریانبڕین. ئەو ئاوارانەی لە سیڤاسەوە (یان سیواس - و) بەو ڕێگایەدا تێدەپەڕین، تەرمەکانیان لەسەر ڕێگاکە بینیبوو".[٣١]

ئۆهانێس ئاکاراکیان لە ئێگین (ئاغن) باس لە ئەزموونی لێقەومانی خێزانەکەی دەکات لە کاتی ڕێپێوانە هەشت ڕۆژییەکەیان لە ئێگینەوە بۆ فورونجولار لە نزیک مەڵاتیە. لەو کاتەدا ئەو تەمەنی پانزە ساڵ بوو، کوڕێکی بەهێز بووە و توانای بەرگەگرتنی ئەو دۆخە سەختەی گرتووە. زۆرێک بە هۆی برسێتی و نەخۆشییەوە گیانیان لەدەستداوە. ڕێگاکە پڕ بووە لە تەرمی ئەو کەسانەی پێشتر ڕاگوێزرابوون و ئاوەکان بە تەرمی شیبووە و بۆنکردوو پیس بووبوون کە بە سەر ئاوەوە بوون. لە فورونجولار جەندرمەکان هەموو کوڕە بچووکەکانیان لە کاروانەکەدا کۆکردبووەوە و سەریانبڕیبوون. ئۆهانێس لە لایەن خاوەن هێستریکەوە ڕزگار کرا و بردیەوە بۆ ئاغن و ئەودوای خێزانەکە لەسەر ڕێگای حەڵەب هەموویان لەناوچوون.[٣٢]

لە کۆتایی ساڵانی کارەساتەکەدا هەڵمەتێکی بەرچاوی کۆکردنەوەی منداڵان و کردنەوەی خانەی هەتیوان لە لایەن ئەمریکی و ئەوروپییەکانەوە و تەنانەت میسیۆنێرە ئەڵمانەکانیش دژی درێژەکێشانی ئەم پرۆسەیە کاریان دەکرد و بەگژ نیاز و مەبەستی حکوومەتدا دەچوونەوە بۆ لەناوبردنی تەواوەتی. ئەم هەتیوخانانە بە بودجەیەکی کەم کاریان دەکرد و نەیاندەتوانی هەلومەرجێکی گونجاوی ژیان و گوزەران بۆ ئەو منداڵە هەتیوانە دابین بکەن لەم

دەزگا و دامەزراوە قەرەباڵغانەدا. بەڵام کێشەی سەرەکی ئەوە بوو کە نەیاندەتوانی لە بەرانبەر هێرشی تورک یان عەرەب ئاسایش و سەلامەتی دابین بکەن. لە زۆر حاڵەتدا، بە تایبەتی لە دۆخی نادڵنیایی دوای جەنگدا، سەربازانی تورکیا هەڵیاندەکوتایە سەر ئەم هەتیوخانانە و منداڵەکانیان دەفڕاند بۆ ئەوەی بکوژرێن یان لە بازاڕی کۆیلەدا بفرۆشرێن.

## کورتەی ئەزموونی منداڵان لە ماڵە موسڵمانەکاندا

چارەنووسی منداڵانی ئەرمەن بە شێوازی جیاواز لە ماڵە موسڵمانەکاندا کۆتاییان دەهات. چارەسەرە تایبەتەکانی منداڵان، کە لەم توێژینەوەیەدا باسکراون، ئاماژەیان بە ١) سەربازانی تورکیا، یان زەبتییەکان کە یاوەری کاروانەکان بوون، جیاکردنەوەی منداڵان بە درێژایی ڕێگاکانی ڕاگواستن، سەربڕینی منداڵان بە تایبەتی زۆر بچووک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئەوانیتر لە بازاڕدا لە لایەن بازرگانانی کۆیلەوە دەفرۆشران، ٢) چیچان و چەرکەسییەکان هێرشیان دەکردە سەر کاروانەکان، سەربڕینی منداڵی بچووک، ڕفاندنی منداڵی گەورەتر بۆ ئەوەی وەک کۆیلەی سێکسی و کرێکاری زۆرەملێ بەکاریانبهێنن، یان بیانفرۆشن، ٣) گوندنشینانی موسڵمان بە درێژایی ڕێگاکانی ڕاگواستن

ئازادییان پێدرابوو دەستکەوتی خۆیان لەو کاروانانە بەدەستبێنن کە بە گوند و ناوچەکانیاندا تێپەڕ دەبوون، وەک مێرمنداڵانی تەمەنی کارکردن وەک یارمەتیدەر و کۆیلە و ئافرەتانی گەنج وەک هاوسەر و کەنیزەک و کۆیلەی سێکس، ٤) دایک و باوکان، بە هۆی نائومێدییەوە منداڵەکانیان بە خێزانە موسڵمانەکان دەسپارد، لە پێش ڕاگواستنندا یان بە درێژایی ڕێگاکان بە هۆی مەترسیی فەوتان و فڕاندنەوە، ٥) سەربازانی تورکیا هەڵیاندەکوتایە سەر هەتیوخانەکانی ئەرمەنی و میسیۆنەرییەکان و دەرکردنی منداڵەکان و مامەڵەکردن لەگەڵیان وەک لە خاڵی یەکەمدا هاتووە، ٦) بەرپرسانی تورک دەستکەوتی تایبەتی خۆیان هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی لای خۆیان بیانهێڵنەوە یان وەک دیاری بۆ سەرووی خۆیانی بنێرن، ٧) تورک و کورد و عەرەبەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا "سەردانی" خانەکانی هەتیوانیان دەکرد و کچان و کوڕانیان وەک یاریدەدەر و کرێکاری کۆیلە و هاوسەر و کەنیزەک و کۆیلەی سێکس دەبردەماڵەکانی خۆیان. ئەمانە تەنها ئەو کەناڵە سەرەکییانە بوون کە منداڵانیان بەرەو چارەنووس یان گۆڵگۆتای کۆتایی دەبرد کە لەوێوە ئازارە گەورە و سەختەکانیان دەستی پێدەکرد بە گۆڕینی ناو و سووکایەتیکردن بە ئایین و باوباپیرانی منداڵەکە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دووبارەبوونەوەی

پێشێلکاری و دەستدرێژیی سێکسی بەسەر کچان و کوڕان و بێگومان ناچارکردن و ئەشکەنجەدانی موسڵمانبوون، ئەم دواییەشیان بە هۆی فەتوای سوڵتان عەبدولحەمیدەوە بوو کەوا کۆیلەکردنی ئەرمەنەکان و مەسیحییەکانی تری لە ماڵ و خێزانە تورکەکان قەدەغە دەکرد ئەگەر نەهێنرابنە سەر ئایینی ئیسلام. پاڵنانی ئەو منداڵ و کچ و ژنە گەنجانە بۆ ناو خێزانە موسڵمانەکان سیاسەتێکی داڕێژراو بوو بە ئامانجی قووتدان و تواندنەوەیان بوو لە کۆمەڵگەی تورکیادا. حکوومەت بە ڕاگەیاندنی فەرمانێک بۆ ئەو مەبەستە هانی ئەم کارەی دا و تەنانەت لە ڕێگەی تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەتەوە کە ناوی "سندووقی پەنابەران" بوو بۆ کەمکردنەوەی بارگرانیی دارایی لەسەر ئەو جۆرە خێزانانەی ئەو منداڵانەیان دەگرتە خۆیان، یارمەتیی دەدان. لە هەندێک حاڵەتدا مڵک و خاوەنداریی خێزانی منداڵە ڕفێنراوەکە دەگوێزرایەوە بۆ سەر خێزانە موسڵمانەکە.

بە حوکمدان و هەڵسەنگاندنی ئەزموونی منداڵانی ئەرمەن لە ماڵە موسڵمانەکاندا لە شایەتحاڵەکان خۆیانەوە کە لەم توێژینەوەیەدا باسکراون و کورتەکەی سەرەوە، دەمەوێت ئیشارەت بۆ ئەو بەڵگانە بکەم کە بە ڕاستی ئەم ماڵانە هەریەکەیان دامەزراوەیەکی بەئیسلامکردن بوون و جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ ئەو هەتیوخانانەی تورکیادا نەبوو کە لە خوارەوە باسیان کراوە.

## ئەزموونە دڵتەزێنەکانی منداڵانی ئەرمەن لە هەتیوخانەکانی تورکیادا

پێشوازی کردنی منداڵانی ئەرمەن لە هەتیوخانەکانی تورکیادا، کە وەک دامەزراوەیەکی بەتورککردنی بێبەزەییانە و بێوچان کاریان دەکرد، پێشهاتێک بوو کە دواتر پەرەسەندنی بەخۆوە بینی یان بیرۆکەیەکی لاوەکی بوو بۆ بەکارهێنانی ئەو منداڵە هەتیوانەی کە مابوونەوە و بەرهەمهێنانی نەوەیەکی تورک لێیان و کە تەنها هەندێکیان تەمەنیان ئەوەندە بوو کە ڕەگ و ڕیشەی ئەرمەنی خۆیان لەبیر نەکەن. هەرچەندە ئەم ئۆپەراسیۆنانە پێویستیان بە ڕێکخستن و ستاف و بودجەی دیاریکراو هەبوو، ئەگەرچی کەمیش بوو، بەڵام بەڵێنی ئەنجامێکی باشتریان بە حکوومەت دا بەراورد بە کوشتنی ڕاستەوخۆ بە مێتۆد و شێوازە سەرەتاییەکان کە تێچوویان لەسەر حکوومەت شتێکی ئەوتۆ نەبوو لە کاتێکدا جەنگ وێرانی کردبوو. بەڵام وەک پۆلادیان و سورمێلیان و زۆری تریش ئیشارەتی پێدەدەن، حکوومەت ئامراز و توانای پێویستی نەبوو بۆ ئەوەی لە هەموو گۆشەیەکی وڵاتدا خانەی هەتیوان دابنێت و بەو پێیە پرۆسەی کوشتنی بەکۆمەڵ بەردەوام بوو.

بەگشتی هیچ بەڵگەیەک نییە لەسەر بوونی خانەی هەتیوان یان پەناگە تەنانەت بۆ منداڵە هەتیوەکانی تورکیاش.

ئەمە دیاردەیەکی جەنگی جیهانیی یەکەم بوو. دەوڵەت پێویستی بە دابینکردنی ئەم جۆرە دامەزراوە و ئاسانکارییە بوو بۆ منداڵانی سەربازانی تورکیا کە لە شەڕدا گیانیان لەدەستدابوو یان بە سەختی بریندار و کەمئەندام بووبوون، بەتایبەتی لە بەرەی جەنگی ڕووسیادا. ئەم هەتیوخانە تازە ڕێکخراوانە لە زۆر ناوچە لە سەرانسەری ئیمپراتۆرییەتەکەدا کاریان دەکرد، زۆربەیان لە بیناکاندا دانرابوون کە لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگدا لە دامەزراوە ئەوروپییەکان دەستیان بەسەردا گیرابوو. نزیکەی ٨٠ خانەی هەتیوان هەبوون،[٣٣] کە هەندێکیان منداڵانی ئەرمەنیشیان وەردەگرت سەرەڕای نارەزایەتیی حکوومەت لە سەرەتاوە بۆ ئەوەی منداڵانی ئەرمەن وەرنەگرن و خۆراکیان پێ بدەن.[٣٤] جێی داخە کە هەندێک لە دایکانی ئەرمەن، لەوانەی لە ڕێگای ڕاگواستنیاندا شەکەتی و بێبەشبوون و برسێتی ڕووی تێکردبوون منداڵەکانیان بردە ئەم دامەزراوانە بە ترووسکاییەکی هیواوە کە لە ژیاندا بمێننەوە. بەڵام کاتێ کە منداڵە ئەرمەنەکان وەردەگیران دەستبەجێ ناوێکی تورکییان پێدەدرا و ناچار دەکران ببنە موسڵمان و ئەگەریش کوڕ بوونایە خەتەنە دەکران. پاشان ناچاری خوێندنی قورئان دەکران و ڕۆژانە چەندین جار نوێژی تورکییان پێدەکردن و وتەی "تەنها خودایەک هەیە و پێغەمبەرەکەی محەممەدە – لا إله إلا الله

محمد رسول الله" دووبارە بکەنەوە. هەروەها بەکارهێنانی هەر زمانێک جگە لە تورکی قەدەغە کرابوو. ئەو زۆرەملێیە کاری خۆی کرد پاش ماوەیەک ئەم منداڵانە و بەتایبەتی زۆر بچووکەکان ڕابردووی خۆیان لەبیرکرد و ناسنامەی زۆرەملێیان وەرگرت. ئەم چارەسەرە تایبەتەی منداڵان لە کاتی خۆیدا شێوەی گرت و بوو بە شێوازێکی فەرمی و هاندەری قڕکردنی تەواو.

دیارە شایەتحاڵەکان سەبارەت بە ژیان لە هەتیوخانەکانی تورکیادا زۆر نین. بەڵام هەموویان باس لەو ئەشکەنجە جەستەیی و دەروونییە ترسناکانە دەکەن کە منداڵە هەتیوەکانی ئەرمەن تووشی بوون بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن ناوی خۆیان و باوانیان و کولتوور و زمان و ئایینەکەیان لەبیر بکەن. دیارە یەکەم هێدمە بۆ هەموویان ئەو ناوە تورکییە بوو کە پێیاندرا بێجگە لە کردەوەی ئازاربەخشی خەتەنەکردنی زۆرەملێش.[٣٥]

لە ڕۆمانی "تانتان Tantane"دا، هاگۆپ ئۆشاگان باس لە هەڵهاتنی کوڕێکی تەمەن پێنج ساڵانی ئەرمەنی دەکات لە خانەی هەتیوانی تورکیا لە قوستەنتینیە.[٣٦] گێڕانەوەکە ڕەنگدانەوەی شڵەژانی دەروونیی منداڵەکە دەردەخات کە لە ئەنجامی ئەزموونی ئەو جیابوونەوە زەبربەخشە لە دایکی دروستبووە، کە بە هەر جۆرێک

بووه له کاتی ڕاگواستن و ڕێپێوانی مەرگدا لەدەستیداوە و لەو ترس و تۆقین و بێزارییەی کە هەتیوخانەکە وروژاندوویەتی لای. بە گوتەی ئۆشاگان، "تورکێکی خێرخواز" منداڵە کوڕەکەی بە زیندوویی لە ژێر ژمارەیەک تەرمی ڕاگوێزراوی کۆمەڵکوژکراودا دۆزیوەتەوە و بە ئیلهام وەرگرتن لە "خواپەرستی و تەقوای ناوازەی ڕەگەزەکەی و بە دڵخۆشییەکی دادپەروەرانەی کە کارێکی چاکەی کردووە"،[٣٧] منداڵەکەی بردووە بۆ خانەی هەتیوان کە بۆ پەروەردەکردنی منداڵانی ئەرمەنی وەک موسڵمان دامەزرابوو. چیرۆکەکەی ئۆشاگان بەرجەستەکردنێکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ ئەو بارە دەروونییە سەختەی کە بەرەوڕووی هەموو منداڵانی هەمان چارەنووس بووەتەوە لە دۆخی ئەو کاتەیان و دواتر لە ژیانی گەورەییاندا کاتێ بە ڕێگەی یادەوەریدا گوزەر دەکەن. لە یادەوەرییەکانیدا منداڵە پێنج ساڵانەکە بە پێی پەتی و برسێتی و مێزەرە شڕێکی سپی بە سەریەوە لە کاروانێکی مەرگدا ڕێدەکات. خوشک و براکانی هەموویان لەگەڵیدان، هەموو منداڵانی شارۆچکەکە ... و خوشکەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ کەم دەبنەوە ... و براکانی یەک لە دوای یەک لە ڕێگا لێی دادەبڕێن". یادەوەرییەکانی منداڵەکە تێکەڵەیەک دیمەنی ترس و تۆقینی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە، لە پاڵ ئەو دەنگ و ڕەنگانەدا کە لە گوندە بنەڕەتییەکەی

خۆی و ماڵە پڕ بەختەوەرییەکەیدا ئاشنا بوون پێی. بەڵام ڕۆژێکیان دەرگایەکی بچووکی دۆزییەوە لە دەروازە گەورەکەی لەم کۆشکە کۆنەدا کە لە زیندان دەچێت و بە کراوەیی هێڵراوەتەوە و کوڕە بەپەلە خۆی دەخزێنێتە دەرەوە و چاوی بە تەلار و ساختمانەکان دەکەوێت، تاریک و چۆڵن بە شێوەیەک کە دڵەڕاوکێیان دەورووژاند و ئەمیش کەوتە ڕاکردن. لە مەودایەکی دوورتردا دەگاتە ئاپۆرەیەکی زۆری خەڵک کە قەشەیەک پێشیانکەوتووە. ئەو سروودەکە و پۆشاکە درێژەکەی پیاوەکە دەناسێتەوە. "تێر پاپا" (قەشە - باوک) هاوار دەکات، بەڵام کەس گوێی لێناگرێت. دڵتەنگە بەڵام بەدوای جەماوەرەکەدا دەڕوات و لەناکاو شەقامەکان چالاکتر دەبنەوە. تەنانەت گوێی لە وشەی ئاشنا دەبێت کە لە ماڵەکانی پەنجەرەی کراوەدا دەگوترێ. پاشان گوێی لە زرنگەی زەنگەکان دەبێت، "تان، تان، تان" هەر وەک زەنگی کەنیسەی گوندەکەیان. ڕادەکاتە ژوورەوە و ڕاستەوخۆ بەرەو ئەو پیرە پیاوەکە دەڕوات کە پەتی زەنگی کەنیسەکە ڕادەکێشێت. گێڕانەوەکە بە دیمەنێکی دراماتیکیی دۆزینەوە و ژنێکی ڕەشپۆش کۆتایی دێت، کە منداڵەکانی و هەموو خێزانەکەی لە بیابانەکەدا لەناوچوون، دەستی کوڕەکە دەگرێت و هەردوکیان بە هیوایەکی نائومێدەوە دەڕۆن بۆ

دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ.

هامپارتزوم چیتجیانیش هەموو ئەو ترس و زەلیلییەی ئەزموون کرد کە دامەزراوەکانی تورکیا بوون بە هۆکاری. ئەو و براکانی لە مەکتەبێکی (واتە قوتابخانەیەکی) تورکیدا دانران.

هەر چوار براکە، پێکەوە لەگەڵ ١٥٠ - ٢٠٠ کوڕ کە تەمەنیان لە نێوان چوار بۆ شانزە ساڵدا بوو، لە مەکتەبەکەدا مانەوە، ئەو "بینا ترسناکە"، وەک هامپارتزوم بیری دێنێتەوە، سەربازێکی تورک پاسەوانی دەرگاکەی دەکرد. شەوی یەکەم پڵاوی ساوەریان هێنا، لە ماڵێکی چۆڵکراوی ئەرمەنەکانەوە، بەڵام کۆن و بۆگەنی کردبوو. مەنجەڵەکە پڕ بوو لە کرم. کوڕەکان برسی بوون، بەڵام کەس دەستی لێ نەدا.

ئەم قوتابخانە تورکییە بە دڵنیاییەوە ناوەندێکی بەتورککردن بوو بە زۆر، بە هەر جۆرە زۆرەملێیەک بووە. ناوی هامپارتزوم گۆڕدرا بۆ ڕوشدی. کوڕەکان پارچەیەک نانی وشکیان پێدرا و ڕێگەیان پێدرا ئاوی فوارەکە بخۆنەوە. بەڵام وێرانکەرترین ئەزموون بۆ ئەم کوڕانە نادڵنیایی چارەنووسیان نەبوو، یان دوورکەوتنەوە لە دایک و باوکیان، بەڵکو ئەو کارە پڕ شەرمەزارییە بوو کە چەند ڕۆژێک لە دوای یەک ناچار بوون ئەنجامی بدەن. کوڕە

گەورە و بەهێزەکان ڕەوانەی دەرەوە کران بۆ تاڵانکردنی ماڵە ئەرمەنەکان کە ئێستا هەموویان چۆڵ بوون، هەروەها بۆ هێنانی کەلوپەل بۆ ئەو کەنیسە ئەرمەنییەی دەستی بەسەردا گیرابوو کە تاڵانی و دەستکەوتەکانی وەک موڵکی حکوومەتی تورکیا تێدا بپارێزرێت. بێگومان ئەو ئەفسەرە تورکانەی کە سەرپەرشتیی ئۆپەراسیۆنەکەیان دەکرد، ئەوەی پێیان خۆش بوو، دەیانبردە ماڵەوە. نە یاسا هەبوو، نە لێپرسینەوە. نزیکەی ساڵێک دواتر لە کاتی یاخیبوون و هێرشی کورد بۆ سەر شارۆچکەی پێری، کوردەکان ئاگریان تێبەردا. شوێنەواری منداڵیی هامپارتزوم لە دووکەڵدا نوقم بوو. لە دوورەوە سەیری دەکرد، کەنیسەی ئەرمەنیش سووتا و هەموو ئەو گەنجینە و کەلوپەلە بەنرخەی ئەرمەنەکانی بیرهاتەوە کە منداڵانی قوتابخانەی تورکی ناچار بوون بۆ ئەوێی بگوازنەوە و هەڵیانبگرن. هەستی بە ئازاری لەدەستدانی هەمیشەیی دەکرد بۆ ئەو شتەی لە لای خۆشەویست و بەنرخ بوو، تێکەڵ بە هەستێکی تۆڵەکردنەوە بۆ ئەوەی دەیزانی کە تاوانباران خۆشیی لە ماڵ و سامانی ئەرمەنیش نابینن.

چەند ڕۆژێک لە مەکتەبدا مامۆستا و مەلاکان هەوڵیان دەدا کوڕەکان فێری یاسا و ڕێوڕەسمی ئیسلام بکەن، بەڵام دواتر ڕەنگە بەو بیرکردنەوەی کە بەتورککردنی

کوڕە گەورەکان زۆر قورس دەبێت، جیایان کردنەوە. هامپارتزوم و کاسپەڕی برا جمکەکەی لەو کەسانە بوون کە چارەنووسیان وابوو بکوژرێن. هامپارتزوم بە شێوەیەکی موعجیزە ئامێز هەڵهات - کە خۆی ناوە "یەکەم هەڵهاتنی من" و - تورکێک بە ناوی کۆر مامۆی خستیە لای خۆی. بەڵام ویژدانی ئازاری دەدا، چونکە دەستبەرداری برا بچووکەکانی بوو بۆ ئەو تورکە ستەمکارانە. شەوانە ڕادەچڵەکی و لە خەودا ناوی براکانی بانگ دەکرد. کۆر مامۆی زۆر میهرەبان بوو و هەستی بە خەم و پەژارەی ئەم کوڕە دەکرد، بۆیە بە نهێنی دیدارێکی بۆ ڕێکخست چاوی بە برا بچووکەکانی بکەوێت کە هێشتا لە خانەی هەتیوانی تورکیادا بوون و خواردنی پێدان. دوایین جار کە هامپارتزوم براکانی بینی، پێیانگوت تورکەکان دەیانبەن بۆ لای باوک و دایکیان. ئەم دەیزانی ئەوە مانای چییە، بەڵام هیچ بژاردەیەکی دیکەی نەبوو جگە لەوەی لێیانگەڕێ بڕۆن. دەرد و مەینەتییەکانی هامپارتزوم بەردەوام بوو لە وەسفکردنی وردی ئەو شوێن و کەسانەی کەوتبووە لایان، ژیانی ناخۆشی، ئەو چەندین جارەی کە نزیک بووبووەوە لە مردن بە هۆی برسێتی و برینەکانیەوە کە لەسەر ئەو ڕێگا سەختەی وەک هەڵاتوویەک گرتبوویەبەر و لە ترسێکی

بەردەوامدا دەژیا لەوەی بیگرن و بیکوژن.[٣٨]

بیرەوەرییەکانی چیفتجیان تایبەت و دەگمەن نییە، بەڵکو تەنیا یەکێکە لەوانەی کە وردەکارییەک لەو جیهانە دۆزەخییەی دڕندەییەکانی تورکیات پێدەبەخشێت. ئەمانە کتێبن، زۆربەیان بە زمانی ئەرمەنیی ڕەسەنی خۆیانن و کەمێکیان وەرگێڕدراون بۆ زمانی ئینگلیزی، کە دەبێت بیانخوێنینەوە. ئەمانە کتێبگەلێکن کە دەتوانن بۆ چەند ڕۆژێک لە خەمۆکی و شڵەژان و نیگەرانیدا بمانهێڵنەوە. ئەمانە لەوە زیاترمان لێ داوا دەکەن کە ئێمە دەمانەوێت، ئەگەر بمانەوێت لە جینۆسایدی بەردەوامی ئەرمەنەکان تێبگەین. کافکا جارێکیان گوتویەتی: ئەم کتێبانە "وەک سەختی و ناڕەحەتییەک تووشمان دەبن و بە توندی ئازارمان دەدەن، وەک مردنی کەسێک کە لە خۆمان زیاتر خۆشمان دەوێت، وەک خۆکوشتن .... [ئەوانە] پاچی سەهۆڵشکێنن .... بۆ شکاندنی دەریای بەستەڵەکی ناخمان".[٣٩]

بەدناوترین خانەی هەتیوانی تورکیا کە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵە هەتیوەکانی ئەرمەنی لەخۆگرتبوو لە عەنتۆرا بوو، لە چیای لوبنان لەسەر موڵکێک کە پێشتر بە خاوەندارێتیی باوکانی لازاریی (ئیلیعازەری - و) فەرەنسی بوو کە کەنیسە و قوتابخانە و بەشی ناوخۆییان لەوێ دامەزراندبوو بە هەموو بەش و کارمەندەکانیانەوە. دوای هەڵگیرسانی

جەنگ فەرەنسییەکان ئەوێیان بەجێهێشت و موڵکەکە بە شێوەیەکی سروشتی لە لایەن حکوومەتی تورکیاوە دەستی بەسەردا گیرا و کرایە هەتیوخانەی تورکیا. ئەم دامەزراوەی بەتورککردنە نزیکەی هەزار منداڵی هەتیوی ئەرمەنی لەخۆگرتبوو کە زۆربەیان کوڕ بوون و لە سەرانسەری وڵاتدا کۆکرابوونەوە و نزیکەی چوارسەد منداڵی کوردیشی لەخۆدەگرت. دیارە جەمال پاشا گرنگییەکی تایبەتی بەم هەتیوخانەیە دابوو و خالیدە ئەدیبی چالاکوانی تورکی لەسەر دامەزراندبوو بۆ ئەوەی بە تاقمێکی گەورەی مامۆستا و پاسەوان و چێشتلێنەر و هتد دامەزراوەکە بەڕێوەببات. بەڵام سەرەڕای ناوبانگی وەک بیرمەندێکی خوێندەوار و پێشکەوتنخواز، خالیدە ئەدیب بوو بە ئامرازی جێبەجێکردنی نامرۆڤانەترین هۆکار بۆ سڕینەوەی هەموو ئاسەوارێکی ئەرمەنیبوون لەم منداڵانەدا بە مەبەستی بەرهەمهێنانی ئەو هاوڵاتییە تورکەی کە جەمال پاشا ئارەزووی دەکرد.

هەرچەندە لە ماوەی دەیەی ڕابردوو یان زیاتردا، بڕێکی بەرچاوی زانیاری لەسەر ئەم دامەزراوە ترسناکە و ئەو دڕندەییانەی لەوێ ئەنجامدراون، دەرکەوتن، بەڵام تۆمارەکانی ئەو هەتیوخانەیە کە ناوی هەموو منداڵە هەتیوەکانی تێدابوو - ناوە ئەرمەنییەکان سڕابوونەوە و ناوی تورکییان بۆ دانابوون. لە ساڵی ٢٠١٠دا یادگارییەک

دانرا بۆ ڕێزلێنان لەو هەتیوانەی کە بە هۆی ئەشکەنجەدان و برسێتییەوە گیانیان لەدەستدابوو، تەنیا دوو تۆماری یاداشت و بیرەوەریی سوودمەندانی پێشووی ئەم هەتیوخانەیەم دۆزییەوە، کە ئەوانیش هاروتیون ئەلبۆیاجیان و کارنیگ پانیان بوون.

ئیفادەی هاروتیون ئەلبۆیاجیان کە زۆر کورتە و زانیاریی زۆر کەم و باسی کوتوبچڕی تێدایە و لە لایەن ڤێرجین سڤازلیانەوە تۆمارکراوە.[٤٠] لەم ئیفادەیەدا، هارۆتیون سەرەتا باس لە ڕاگواستنی تەواوی گوندی فەندێجاک دەکات، لە نزیک زەیتون، پاشان بە ئەزموونی خۆی لە "هەتیوخانەی تورکیی جەمال پاشا" دەستپێدەکات، بەبێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە کە چۆن براوەتە ئەوێ. هەڵبەت ناوی گۆڕراوە بۆ شوکری بە ژمارە ٥٣٥ وەک پاشناوی و خەتەنەش کراوە. ئەوجا باسی سزای ئەو منداڵانە دەکات کە بوێریی ئەوەیان هەبووە بە زمانی ئەرمەنی قسە بکەن، یان بۆ دایکیان گریاون، یان لە تاو ئازاری برسێتی خواردنیان دزیوە. مێتۆد و شێوازەکان قێزەون بوون، سووکترین سزا بۆ چەند ڕۆژێک خواردنیان لێدەگرتنەوە. پاشان ئەوە هەبوو کە گوناهباران لە دەرەوە بوەستن و بۆ چەند کاتژمێرێک سەیری خۆر بکەن تا بیناییان زیانی پێدەگەیشت و بۆ ماوەیەکی کاتی کوێر دەبوون. سزایەکی

تری جەستەیی فەلاقەکردن بوو، کە بە تەلی پۆلا یان دار لە ژێرپێی قوربانییەکەیان دەدا و منداڵەکە بەرگەی ئەو ئێش و ئازارە سەختەی نەدەگرت و بێهۆش دەبوو، بەڵام سزاکە بەردەوام دەبوو.

هەروەها شایەتیی ئەوە دەدات کە منداڵەکان هەمیشە برسی و لاواز بوون و زۆرێکیان تووشی نەخۆشیی ئیسکۆرڤی (ئێسکە نەرمە - و) بوون و گیانیان لەدەستداوە (نەخۆشییەکە بە هۆی بەدخۆراکی و کەمیی سەوزە و میوەی تازە و ڤیتامین سییەوە دروست دەبێت). نهێنی مانەوەی ئەو لێهاتوویی بوو لە پیشە دەستییەکان کە لە باوکی ئاسنگەریەوە فێری بووبوو و خزمەتێکی بچووکی پێشکەش بە هاوڕێ هەتیوەکانی و کارمەندانی هەتیوخانەکە دەکرد و بەمەش پارچە نانێکی زیادە یان تەنانەت پارەشی بەدەستهێناوە. ئەو سەردانێکی جەمال پاشای لەبیرە، و چۆن وەک کوڕێکی بەهرەمەند پێی ناسێندراوە. زانیاریی گرنگ لە ئیفادەکەیدا سەبارەت بەو ڕۆژەیە کە منداڵە هەتیوەکان بەیانیی زوو لە خەو هەڵساون و بینیویانە کەس لەوێ نەماوە. سوپای تورکیا پاشەکشەی کردبوو، بەیروت ئازاد کرا و تەواوی کارمەندان و پاسەوانەکان و بەڕێوەبەرەکە، هەموویان دیارنەمابوون، و هەڵهاتبوون، جگە لە ئەزرا بەگی دەرمانسازەکە. هەروەها کوردێکیش بە ناوی سلۆ جێمابوو

کەوا کوڕە گەورەکان زۆر باشیان لێدابوو، چونکە بە کوڕێکی هەتیوی گوتبوو بە ناوی خورێن، کە ٩٩ ئەرمەنیی کوشتووە و ئەگەر ئەمیش بکوژێت ئەوە ژمارەکە دەبێتە سەد. هاروتیون دەگێڕێتەوە کە ئەزرا بەگ فەرمانی بە منداڵە هەتیوەکان کردبوو کە لە هۆڵی کۆبوونەوەکەدا کۆببنەوە و لە مێزێکەوە بۆ مێزێکی تر دەچوو و پرسیاری لە هەتیوەکان دەکرد کە ناوی ئەرمەنییان چییە و دواتر ڕایگەیاندبوو کە "لە ئێستا بەدواوە ناوە ئەرمەنییەکانتان بپارێزن چونکە ئێوە ئەرمەنن". ئەزرا بەگ لای منداڵەکان درکاندبووی کە ڕێنمایی پێدراوە منداڵە هەتیوەکان ژەهرخواردوو بکات، بەڵام ئەم پابەندی فەرمانەکان نەبووە و دەیزانی لەسەر ڕابردووی لە خانەی هەتیواندا سزا دەدرێت.

بە هۆی کارنیگ پانیان و بڵاوبوونەوەی بیرەوەرییەکانیەوە بوو بە زمانی ئەرمەنی لە دوای مردنی، بە ناوی (هەتیوخانەی عەنتۆرا، ١٩٩٢) کە کۆمەڵگەی ئەرمەنی ڕێگەیان پێدرا بچنە ناو ئەو جیهانە تاریکەی هەتیوخانەکەی جەمال پاشاوە، کە هێشتا شوێنەکەی نادیارە.[٤١] بەڵام لەم بەینەدا میساک کەلەچیانی توێژەر شوێنی ئەم خانەیەی هەتیوانی دەستنیشان کردووە و لە درێژەی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەکانیدا، تۆمار و گۆڕی ٣٠٠ منداڵی هەتیوی دۆزیوەتەوە کە لە ژێر زەبری

ئەشکەنجەدان و برسێتیدا گیانیان لەدەستداوە. باوکانی لازاری (ئیلیعازەری) ئێسکوپرووسکەکانیان دۆزیبووەوە کاتێک دەستیان بە بیناسازی کردبوو بۆ زیادکردنی پۆلی نوێی خوێندن لە ساڵی ١٩٩٣دا و ئێسکەکان لە گۆڕی بێ ناونیشانی گۆڕستانی کۆمپاوندەکەدا نێژران. هەروەها کەلەچیان ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە کۆکردنەوەی پارە و یارمەتی بۆ دروستکردنی مۆنۆمێنتێکی یادگاری لە شوێنی هەتیوخانەکە و گۆڕستانەکەدا.

بیرەوەرییەکانی کارنیگ پانیەن، وەک زۆربەی بیرەوەرییەکانی لەم چەشنە، بە وەسفێکی ورد و ناسکی منداڵییەکی بەختەوەر دەست پێدەکات، لە کەشێکی نموونەیی و ئایدیاڵدا، ماڵێکی پڕ لە خۆشەویستی و خۆشی، لەگەڵ دایک و باوک، خوشک و برا، باپیر، خاڵ و مام و پوور و ئامۆزا و پوورزادا و پاشان لێقەومان و کارەسات دێت. کارنیگ پانیان تەمەنی تەنها پێنج ساڵ بوو کاتێ ڕاگواستنە پڕ کارەساتەکە دەستیپێکرد. لە میانی ڕێپێوانی مەرگ لە کیورین (گورون)ی زێدی خۆیەوە بۆ حەما لە لێواری بیابانی سووریا، کارنیگ دایکی و برا و خوشکەکەی لەدەستدا. مردنی هەریەکەشیان بۆ ئەو کارەساتێک بوو بۆ خۆی. باوکی لە سوپای تورکیادا بە سەرباز گیرابوو و هەرگیز نەگەڕایەوە. کارنیگ بە تاق و تەنیا و بە هەتیوی لە ژێر چاودێریی باپیرە نەخۆشەکانیدا

بوو. ژیان لە کەمپی ئاوارە و پەنابەران لە دەرەوەی حەما هێند سەخت بوو بەرگەی نەدەگیرا. نەخۆشی و برسێتیی ڕۆژانە دەیهاڕین و بەرۆکی بەرنەدەدان. بۆ ڕزگارکردنی کوڕە بچووکەکە، باپیرە و داپیرە بە دوودڵییەوە ڕازی بوون کە بینێرن بۆ خانەیەکی هەتیوان لە شارۆچکەکەدا کە لە لایەن قەشەیەکی پرۆتستانتەوە بەڕێوەدەبرا. بۆ ئەو خانەی هەتیوان بەهەشتێک بوو بەراورد بە ژیانی هەفتەکانی کۆتایی لە کەمپەکەدا. لێرە منداڵەکان بە سکێکی نیوە تێر و نیوە برسییەوە دەژیان، بە هۆی سەختی و ئاستەنگی پەیداکردنی خواردنەوە، بەڵام بە باشی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا. لە کۆتاییدا کارنیگ ڕەوانەی خانەی هەتیوانی عەنتۆرە کرا و لەوێ بیری دێتەوە کە پرۆسەکە بە گۆڕینی ناوی ئەرمەنی منداڵان دەستی پێکردووە و بە لێدانی توند بۆ ئەوانەی بەرەنگاری دەبوونەوە و خوویان بە ناوە ئەرمەنەکانیانەوە گرتبوو، یان ئەوانەی کە هێشتا بە زمانی ئەرمەنی قسەیان دەکرد. زۆرێک لە منداڵان بە هۆی ئەوەی یەک وشەی زمانی تورکییان نەدەزانی، ناچار بە بێدەنگی دەمانەوە. نۆرەی کارنیگ هات و مامۆستای قوتابخانەکە زللەیەکی لە کارنیگ دا، چونکە پێداگریی لەسەر ئەوە دەکرد کە ناوی کارنیگە. پاشان منداڵە داماوەکەی بەر شەق دا کە کەوتبووە سەر زەوی. کارنیگ لە تاو ئازاری سەخت بێهۆش کەوت و

بردیان بۆ کلینیکی بێ پزیشک و بێ دەرمـان، هەروەها بەشەخۆراکی ڕۆژانەی پارچە نانێک و جامێک ئاو. پاشان بە ناوێکی تورکیی مەحمود و ژمارەی ٥٥١ بۆ ناوی خێزان هاتە دەرەوە. بەدخۆراکی هەڕەشەیەکی مەترسیدار بوو و زۆرێک لە منداڵەکان نەخۆش کەوتن. "دکتۆر" پشکنینی نەخۆشەکانی کرد و دەرمانی پێدان. "لەبری چاکبوونەوە، زۆرێک لە منداڵە کوڕەکان گیانیان لەدەستدا".

کوڕەکان یاخی بوون و بە هەر شێوەیەک کە لە توانایاندا بوو بەرەنگاری نەخشە و پلانەکانی جەمال پاشا بوونەوە کە بە دڕندەترین شێواز جێبەجێ دەکران. "ئەوە شەڕێکی نایەکسان بوو لە نێوان ئیدارە و قوتابییاندا. بە ڕوونی پلانی جەمال پاشا ئەوە بوو کە ئێمە بە تورک بکات، بەڵام ئێمە بڕیارماندا بەرەنگاری ببینەوە - نەک بە هۆی نەتەوەگەریی دەمـارگـرژانـەوە، کە ئێمە لـەو کـاتـەدا هێشتا زۆر منداڵ بووین بۆی، بەڵکو تەنها لەبەر ئەوەی دەمانویست دەست بە شوناسی خۆمانەوە بگرین، کە تەنها شتێک بوو بۆمان مابووەوە".

کارنیگ سەردانەکەی جەمال پاشای لەبیرە کە ڕووداوێکی نائاسایی بوو لە خانەی هەتیواندا و ئەو خانمەی کە لە ناو یاوەران و تاقمەکەیدا بوو، کە لە دوای خۆی مانەوە و ڕۆڵی بەڕێوەبەری ئۆپەراسیۆنەکەی گرتە ئەستۆ. ئەو خالیدە

ئەدیب بوو کە کارنیگ وەک ژنێکی دڵڕەق و بێبەزەیی لەبیریدا ماوە، کە بایەخی بە چارەنووسی منداڵەکان و کارەکەی نەدەدا و پەیوەندیی لەگەڵ منداڵاندا نەدەکرد بەڵام هەمیشە لە دانیشتنەکانی سزای ئێواران و ئەشکەنجەداندا ئامادە بوو. دەنگۆی ڕەفتارە نامۆ و نامرۆڤانە و شەیتانییەکانی لە ناو منداڵەکاندا بڵاو بووبووەوە.

سەردانەکەی جەمال پاشا هەروا بە ئاسانی نەڕۆیشت. لە کاتێکدا کە پشکنینی ڕیزەکانی منداڵە هەتیوەکانی دەکرد، هەندێک لە کوڕە گەورەکان لێی چوونە پێشەوە و بە بوێرییەوە گلەییان لە کەمیی بەشە خواردن کرد، "ئێمە خەریکبوو لە برسا دەمردین و تۆش ڕزگارت کردین. بەڵام پاشا، ئێمە هێشتا هەر برسیمانە! ڕۆژانە تەنها دوو نانی بچووکمان پێدەدەن، ئێمە وەکو پێش هاتنە ئێرە هەر برسین و بەم زووانە دەمرین ئەگەر فریامان نەکەویت و یارمەتیمان نەدەیت!". هەرا و غەڵبەغەڵبێک سەریهەڵدا و منداڵان هاواریان دەکرد "برسیمانە، برسیمانە"، پاشان بە دارەکاندا هەڵزنان و دەستیان دەکرد بە لێکردنەوەی بەری دارە کێوییەکان و خواردنیان. لەو ئاژاوە و پشێوییەدا کە دروستبوو، جەمال پاشا ڕووی وەرچەرخاند و لەگەڵ دەستە و تاقمەکەیدا ئەو شوێنەی بەجێهێشت. ئەوەی جێگای سەرنجە، هاروتیون ئەلبۆیاجیان لە کاتی سەردانەکەی جمال پاشادا باسی

ڕووداوێکی ئاوها گرنگ ناکات. بێگومان منداڵە هەتیوەکان لە سەر ئەم "یاخیبوونەیان" سزادران و ئەو ڕۆژە هیچ نان و خواردنێکیان نەدرایە. لەم سەروبەندەدا شەڕێکی گەرم دژی قسەکردن بە زمانی ئەرمەنی بەردەوام بوو و ئەوانەی وشەیەکی ئەرمەنییان لە زار دەرچووبایە دەگیران و بە توندی سزا دەدران "بە لێدانی بێبەزەییانە و سووکایەتی پێکردن و جنێودان" و دواتریش ترسناکترینیان کە فەلاقە بوو،[٤٢] وەک هاروتیونیش دەیگێڕێتەوە، ئەڵقەکانی مامەڵەی بەربەریانە لەگەڵ منداڵانی شەش تا دە ساڵان کارێکی زۆر قێزەون و دزێو بوو، تەنها لەبەر ئەوەی دەگریان و ناوی دایکیان دەهێنا یان نیشانەی خاچیان دەکێشا. سزادان بە فەلاقەکردن بەردەوام بوو و منداڵەکە لەتاو ئازاری سەخت دەیقیژاند و هاواری دەکرد و دواتر لەهۆشی خۆی دەچوو و ئەمەش ڕێکارەکەی ڕانەدەگرت. سزایەکی تری ترسناک ئەوەبوو کە منداڵەکە بۆ چەند ڕۆژێک لەبەر تیشکی ڕاستەوخۆی خۆردا بوەستێت بەبێ ئەوەی هیچ نان و ئاوێکی بدرێتێ و پاسەوانێکی دڕندەش چاودێریی دەکرد و ئەمە بەسەر ئەبراهامدا هات. کارنیگ لە یادیەتی کەوا: "دوای سێ ڕۆژ، کوڕە داماوەکە چیتر بەرگەی نەگرت و گیانی سپارد". بەڕێوەبەر لەبری ئەوەی ئەو شەپۆلە گەورەیەی تووڕەیی و ناڕەزاییە چارەسەر بکات، شێوازێکی

نوێی ئەشکەنجەدانی داهێنا. ئەو هەموو ئێوارەیەک منداڵە هەتیوەکانی لە حەوشەکەدا ڕیز دەکرد و ناوی ئەوانە دەخوێندرایەوە کە ئەو ڕۆژە شایستەی فەلاقەکردنن. ژمارەی لێدانەکان بەندبوو بە قورسیی "تاوانەکەوە" و لەوانەبوو لێدان بگاتە دوو سەد یان تەنانەت سێ سەد داریش و ... بەزۆری بەڕێوەبەر یەکەمجار دەستی بە لێدان دەکرد و پاشان، پاسەوانەکان کارەکەیان لەئەستۆ دەگرت تا ئەو کاتەی ماندوو دەبوون. ڕۆژێک، ناوی کارنیگ بانگ کرا و خستیانە ژێر دار و فەلاقەوە و دوای ئەوە دە ڕۆژ لە کلینیکەکەدا بوو تا بنی پێیەکانی چاک بووەوە و جارێکی تر توانی بە پێ بڕوات.

ئەوان بەردەوام ئەوەیان بیری منداڵان دەخستەوە کە "ئەرمەنی بوون تاوانە و سزای لەسەرە". کارنیگ شایەتیی ئەوە دەدات کە زمانی تورکی بوو بە زمانی زاڵ و وردە وردە منداڵ کەمتر سزا دەدرا بەهۆی پێشێلکردنی ئەو بنەما و یاسایەوە. بەڵام ئازارە سەختەکانی برسێتی پاڵی بە منداڵانەوە دەنا بۆ دزیکردن، تاوەکو هەر شتێکیان دۆزییەوە بیخۆن، لە کاغەز و مرەکەبەوە تا مێرووی تۆپیو. کارنیگ چووبووە پاڵ کۆمەڵێک منداڵی هەتیو کە بەردەوام شەوانە هەڵیاندەکوتایە سەر چێشتخانەکە یان لە کۆمپاوندەکەوە دزەیان دەکردە دەرەوە و سەوزە و میوەیان لە ماڵە

دەراوسێکان دەدزی و بە دەستکەوتەکەیانەوە دەگەڕانەوە و دەیانشاردەوە و ئەمەش یارمەتیی دەدان کە بۆ چەند ڕۆژێک بەرگەی برسێتی بگرن. ئەوان هەندێ جار ئێسقانی ئاژەڵ یان منداڵە هەتیوی مردوویان دەدۆزییەوە کە چەقەڵ و ڕێوی گۆڕەکانیان هەڵدەکەندن و دەریاندەهێنان و گۆشتی لاشەکانیان دەخوارد و ئێسقانەکانیان بەجێدەهێشت. ئەمان فێری وردکردنی ئەو ئێسقانانە بووبوون بە بەرد و پاشان هاڕاوەکەیان بە ئاوەوە دەخوارد. کارنیگ پێ لەوە دەنێت کە "برسێتی ئێمەی نائومێد کردبوو و لە مرۆڤبوونی خستبووین. من هەستێکی ئەوتۆم بەوە نەدەکرد کە ئەم ڕەفتار و کردەوەیە خراپ و قێزەونە و ... ئێمە بە تەواوی دابەزیبووینە ئەم ئاستە نزمەوە".

هەوڵەکان بۆ بە تورککردنی منداڵە هەتیوەکانی ئەرمەن لە هەتیوخانەکانی تورکیادا سەرکەوتوو نەبوون، ڕەنگە بە هۆی ئەو مێتۆد و شێوازانەوە بووبێت کە بە دڕندەییەکی ڕەها جێبەجێکرابوون. کارنیگ پانیان ڕاستی بۆچووە لەو تێبینییەیدا کە: "هەوڵ و کۆششی ئیدارە بۆ بەتورککردنمان شکستێکی بێئەنجام بوو". ئەوجا هۆکارەکان لە پرسیاری پڕ لۆجیک زمانپاراویدا دەخاتە ڕوو "ئایا مامۆستاکانمان درکیان بەوە دەکرد کە ئەوان بوون ئیرادەی ئێمەیان لە دژی ئەوان بەهێزتر کردووە؟ چۆن دەمانتوانی هەوڵبدەین

وەک مامۆستاکانمان بین لە کاتێکدا ئەوان ئەهریمەنێکی درندە و سادی بوون؟ چۆن دەمانتوانی شوناسە نوێیە تورکییەکانمان قبووڵ بکەین لە کاتێکدا تورکەکان کە ئەرکی چاودێریکردنی ئێمەیان پێسپێردرابوو، بێبەزەییانە بە بچووکترین سەرپێچیی ئێمە سووکایەتییان پێ دەکردین و لێیاندەداین؟".

## کێشەکانی کۆکردنەوەی هەتیوەکان لە هەوڵەکانی دوای جەنگدا

بارودۆخی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دوای جەنگ و بەتایبەتی قوستەنتینیەی داگیرکراوی هاوپەیمانان، کەشێکی لەباری بۆ ئەرمەنە ڕزگاربووەکان و ئەو ڕێکخراوانە ڕەخساند کە سەرلەنوێ دامەزرانەوە بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتێکی بەرفراوان بۆ وەرگرتنەوەی منداڵە هەتیوەکانی ئەرمەن لە ماڵە موسڵمانەکان و خانەکانی هەتیوان. بێگومان ئەو کارەش ئاسان نەبوو، هەرچەندە حکوومەتی عوسمانیی دوای جەنگ هاوکار بوو یان خۆی وا پیشان دەدا. دوای هەڵاتنی سەرکردەکانی تورکە لاوەکان و لە ژێر فشاری هاوپەیماناندا وەک مەرجێک بۆ ئاگربەست، حکوومەتی نوێ فەرمانی ئازادکردن و ڕادەستکردنی ئەو کچ و کوڕە ئەرمەنیانەی دەرکردبوو کە لە ماڵە موسڵمانەکاندا بە دیل

گیرابوون. هامپارتزوم چیتجیان ئەم ڕووداوە چارەنووسسازە تۆمار دەکات کاتێک لە ساڵی ١٩١٨ حکوومەت فەرمانی بە تورک و کورد کرد کە منداڵە ئەرمەنەکانی ژێر دەستی خۆیان بهێننە گۆڕەپانێک لە خاربێرت. "خزم و کەسوکار بەپەرۆشەوە بەدوای خۆشەویستە ونبووەکانیاندا دەگەڕان. ئەو منداڵە هەتیوانەی کە هێشتا لەبیریان مابوو بانگی ناوی خێزانەکانیان دەکرد. بەڵام زۆرێک لە منداڵە بچووکەکان لە ‹دایە و بابەیان› زیاتر لەبیر نەمابوو". ئەگەر کەس ئیددیعای منداڵە هەتیوەکەی نەکردایە، ئەوە ئەو خاوەن ماڵەی کە منداڵەکەی لەلابوو دەیتوانی بیباتەوە. هەر لەم گۆڕەپانەدا بوو کەوا خزمێکی کیرۆپی برا بچووکەکەی هامپارتزومی دۆزیبووەوە.[٤٣]

زاڤن دێر یاغییان، پاتریارکی ئەرمەن لە قوستەنتینیە، شایەتیی ئەوە دەدات کە زۆرێک لە تورکەکان "لە ترسی ئەوەی کە ڕەنگە لە لایەن هاوپەیمانانەوە سزا بدرێن، دەسبەجێ ئەم منداڵە هەتیوانەیان گەیاندووەتە کەنیسەی ئەرمەنی لە گەڕەکەکەیان یان ڕادەستی دراوسێ ئەرمەنەکانیان کردوون".[٤٤] ئەوان کەمینە بوون، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا هەڕەشەیان لە منداڵە هەتیوە ئەرمەنەکان دەکرد کە ئەگەر ناسنامەی ئەرمەنیی خۆیان ئاشکرا بکەن، دەکوژرێن. دێر یاغییان باس لەوەش دەکات کە هەندێک لە

منداڵە هەتیوەکان "بە زۆر لە ماڵەکانی تورکەکان وەرگیراون، بە زەبر و پشتیوانیی پۆلیسی هاوپەیمانان و هەندێ جار تەنانەت بە زەبری پۆلیسی تورکیاش". بەڵام لە هەمان کاتدا پۆلیسی تورکیا ئیددیعای دەکرد کە زۆر سکاڵای وەرگرتووە گوایە داواکارییەکانی ئەرمەن درۆیە و ئەو هەتیوانەی کە براون تورکی ڕاستەقینە بوون نەک ئەرمەن. "ماڵی بێلایەن" کە لەسەر فەرمانی باڵیۆزخانەی بەریتانیا دامەزرابوو، بۆ هێشتنەوەی ئەو منداڵانەی کە ناکۆکی لەسەر ناسنامەیان هەبوو. هاوکات دەنگۆ و تۆمەتبارکردن بە گەندەڵی و بەهەڵە حوکمدان لە لایەن کارمەندان و شەڕ و پێکدادانی ناوخۆیی لە نێوان سەرکردایەتیی ئۆرگانەکانی حوکمڕانیدا، شکۆمەندی و تەنانەت بوونی ماڵی بێلایەنیشی خستبووە ژێر پرسیارەوە. بەهەرحاڵ و بە پێی پاتریارک، ٣٠٠٠ منداڵی هەتیو ڕزگار کران کە زۆربەیان لە قوستەنتینیە بوون.

کۆکردنەوەی منداڵانی هەتیو لە ناوچەکانی ناوخۆی تورکیادا ئەرکێکی قورستر بوو، کە بە هەزاران لەو منداڵانە لە ماڵەکان و هەتیوخانەکانی تورکیادا بە دیل مابوونەوە. بە گوتەی پاتریارکیش هۆکارەکەی ئەوە بوو کە سوپای هاوپەیمانان نەچووبوونە ناوچەکانی ناوەوەی وڵاتەوە. هەروەها ڕەنگە ئەمەش هۆکارێک بووبێت کە بزووتنەوەی کەمالی لە ماوەیەکی کورتدا توانی سەربکەوێت و ڕەوتی

بووژانەوەی تازە سەرهەڵداوی ئەرمەن بگۆڕێت و بە هەمان شێوەش چارەسەری منداڵانی ئەرمەن کە ڕۆڵێکی چارەنووسسازیان هەبوو بۆ بەردەوامبوونی گەل و نەتەوەی ئەرمەن.

یەکێکی تر لەو ئاستەنگانەی کە بەرەوڕووی هەڵمەتی کۆکردنەوەی منداڵە هەتیوەکان بووەوە، دوودڵیی خودی ئەو منداڵانە بوو لە جێهێشتنی خێزانی موسڵمانەکانیان دوای ساڵانێکی ڕاهاتن لەگەڵ ژینگەکەدا و لەبیرچوونەوەی زمانی دایک و باوکیان و ڕاهاتن و گونجان لەگەڵ شوناسە تورکییەکەیاندا و بەتایبەتی کاتێ مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵدا دەکرا. هەندێکی تریان لەو نادڵنیاییە دەترسان کە چاوەڕێی دەکردن لە کۆمەڵگەی ئەرمەنیدا یان شەرمیان دەکرد لەوەی کە بوون بە موسڵمان و ئەو شوناسەیان قبووڵ کردووە کە بە زۆر بەسەریاندا سەپێنرابوو. هەندێکی تریشیان کە زۆربەیان کچانی کەم تەمەن بوون و دەستدرێژییان کراوەتە سەر و ناچاری ژیان کراون لە ماڵە موسڵمانەکاندا، بەتایبەتی کاتێ منداڵێک یان زیاتریان بووە لەو کەسانەی کە فڕاندوونیان و ڕازی نەبوون واز لەو منداڵانەیان بێنن و بە هەتیوی بێ دایک بەجێیانبێڵن. بڕیاردان لەم مەسەلە چارەنووسسازە بۆ هەندێک لە ژنە گەنجەکان هێدمە و شۆک بوو بۆ ئەوانەیان کە مامەڵەیەکی باشیان لەگەڵدا

کرابوو، وەک لوسەنتاگ کەوا کیرۆپ بێدوکیان چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە. ئەو ژنە بە کوڵ گریاوە چونکە نەیدەزانی چی بکات و ئاخۆ "مێردە" تورکەکەی جێبهێڵێت کە لەگەڵیدا باش بووە یان بگەڕێتەوە بۆ ڕەگ و ڕیشەی خۆی، بۆ نیشتمان و نەتەوەکەی؟ لە کۆتاییدا لوسەنتاگ بڕیاریدا بمێنێتەوە.[٤٥]

کیرۆپ بێدوکیان دەگێڕێتەوە کە چۆن گرووپە خۆبەخشە ئەرمەنەکان، بە هاوکاریی مسیۆنەرە ئەورووپی و ئەمریکییەکان و بە پشتیوانیی سوپای بەریتانیا، منداڵی هەتیویان کۆدەکردەوە، هەندێ جار بە زۆر لە دایک و باوکی بەخێوکەریان دەسەندەوە، ئەوەش ئەو کاتە بوو کە منداڵەکە دەیویست بڕوات و "دایک و باوک" ڕێگەیان نەدەدا.[٤٦]

مەحاڵە بزانین چەند لەو منداڵ و کچە گەنجانە لە ماڵە تورکەکان یان کوردەکان یان عەرەبەکاندا ماونەتەوە. هەندێکیان بە تەواوی بێئاگا لە ڕەگ و بنەچەی خۆیان گەورە بوون، بەڵام ئەوانەی تەمەنیان ئەوەندە بووە کە لەبیریان بێت، دەبێ هێدمە و ترۆمای دەروونی بە درێژایی ژیانیان لەگەڵدا بووبێت. هەرچۆنێک بووبێت هەردوو لایان گەل و نەتەوەی ئەرمەنیان لەدەستدا و بزر بوون.

تا ئەو کاتەی ئەم هەتیوانە دواجار گەیشتنە ناوەندی وەرگرتنی پەنابەران لە حەڵەب کە پێی دەوترا قشڵە

(سـەربـازگـە)، بێدۆکیان شایەتیی ئـەوە دەدات، ئـەوان کۆمەڵێکی بەدبەخت بوون و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازرانەوە. کاتێ کیرۆپ کە تازە لەگەڵ دایکی و دوو خوشکە گەورەکەی و برا بچووکەکەیدا یەکتریان گرتەوە، دەستی بە کارکردن کرد لەوێ (تەنها نۆ کەس لە شەست ئەندامی خێزانە گەورەکەی ڕزگاریان بوو)، نزیکەی هەزار ژن و منداڵ لە قشڵەدا جێگیر کران. کیرۆپ شایەتیی ئەوە دەدات کە هەموو ڕۆژێک منداڵانی هەتیو دەهێنران و ناویان تۆمار دەکرا و دەنێردرانە هەتیوخانەکان. هەندێک منداڵ ناوی ئەرمەنی خۆیان لەبیر بوو، بەڵام هەندێکیشیان تەنها ناوی تورکی خۆیان هێناوە. نزیکەی نیوەیان دەیانزانی لە کوێ لەدایک بوون، بەڵام کەسیان مێژووی لەدایکبوونی نەدەزانی... ئەوان ئەگەر ناوی خۆیان نەزانیایە، ناوێکیان پێدەدرا. ئەگەر نەیانزانیایە لە کوێ لەدایک بوون، نزیکترین شـار لـەو شوێنەوە کە لێوەی هێنرابوون وەک شوێنی لەدایکبوونیان تۆمار دەکـرا. لـەوەش قورستر مێژووی لەدایکبوون بوو کە نزیکەی هیچیان نەیانزانیبوو. مێژووەکە بەپێی قەبارەیان مەزەندە دەکرا و بە تەنها کاتی گەیشتنی ئەوان بۆ قشڵە بە وردی و بە ڕۆژ و مانگ تۆمار دەکرا.

جۆن میناسیان بە خەمبارییەوە دیدارەکانی لەگەڵ کچانی ئەرمەنی لە دیلێتیی عەرەب یان کوردەکان لە بیاباندا بەبیر

دێنێتەوە. لە نسیبین ژنێکی گەنجی ئەرمەنی کاڵ و شۆخ و ڕەنگ پەڕیوی ناسی کە بە پاڕانەوە داوای لێکرد یارمەتیی بدات بۆ ئەوەی جارێکی تر پەیوەندیی بە خەڵکەکەی خۆیەوە بکاتەوە[٤٧]. ژنێکی تری بینیبوو لەم منداڵتر و کەمتر سەرنجڕاکێش، بە ناوی ماکروهی و زۆر کڵۆڵ و نائومێد بوو چونکە ئاغاکەی خاوەنی بڕیاری دابوو چیتر نانی نەداتێ و بەجێیهێشتبوو. هەروەها میناسیان باسی کوڕێکی مێرمنداڵی ئەرمەنی دەکرد کە تەمەنی نزیکەی نۆ ساڵ بووە و ڕۆژێکیان هاتبووە کەمپەکە و لەسەر دزینی نان لێی درابوو. ئەم مێرمنداڵە چەند ڕۆژێک برسی بووە و لە ماڵە عەرەبێک هەڵاتبوو کە شوانیی بۆ دەکردن و دایک و باوکی خۆی لەبیر نەمابوو و بە زمانی ئەرمەنی قسەی نەدەکرد، بەڵام ناوە ئەرمەنییەکەی خۆی کە کیکۆر بوو لەبیر مابوو. میناسیان باڵی کێشابوو بەسەر ئەم منداڵە هەتیوەدا و خستبوویە ژێر چاودێریی خۆی و بەخێوی کردبوو و بە "بابە حەبیب" بانگی دەکرد (جۆن میناسیان ناوی حەبیبی لەخۆی نابوو بۆ ئەوەی وەک عەرەبێک بناسرێت). ئێستا کیکۆر و ماکروهی و ژنە شۆخەکە "گوڵە نامۆکان"ی بیابانن، وەک ئەوەی ناوی لێنابوون و هەموویان پشتیان بەم و بەڵێنەکەی بەستبوو کە لەو شوێنە وێرانەیە و لە ناوجەرگەی ناشوێندا

دەریانبهێنێت.[48]

ماکروهی کەمترین بەختی هەبوو، میناسیان لە کەمپەکەی بیابان جێی هێشتبوو دوای ئەوەی پێیزانی کە لەگەڵ دیلێکی ئوسترالیدا خەوتووە. بەڵام هەستی بە گوناه دەکرد لەو بارەیەوە. "باشە من هاوڕێ بووم یان لە پشتەوە خەنجەرم لێداوە؟ یان... ڕەنگە لەم خێوەت بۆ ئەو خێوەت چووبێت و دۆخی هێندەی تر داڕووخابێت؟"[49] بەڵام ئایا دەبێ ماکروهی لۆمە و سەرزەنشت بکرێت؟ ئاخۆ چەند ژنی گەنجی تری ئەرمەنی تووشی هەمان چارەنووس بوون و بەجێهێڵران بۆ ئەوەی بمرن، یان زیاتر و زیاتر نوقمی ژیانی لەشفرۆشی بن یان ببنە کەنیزەکی خراپەکار لە شار و گوندەکانی کورد و عەرەبەکاندا لەو بیابانە خنکێنەرەدا؟ ئاخۆ چەند ژنیان لە شارە گەورەکانی وەک حەڵەبدا گەڕانەوەیان ڕەتکردووەتەوە بۆ ناو خێزانەکانیان لە ترسی شەرمەزاری و سووکایەتی کردن بە شکۆ و کەرامەتیان؟ ڤارتوهی، کە هۆڤانێس مەگردیچیان لە حەڵەب بینیبووی یەکێک بوو لەو "پەپوولە بەهارییانەی کەوا کەوتبووە داوەکەوە، نەمامێکی سیس و ژاکاو بوو کە هەرگیز گوڵ ناکات، زۆرێک لەوانەی پێی سەرسام بوون دەستیان لەگەڵ تێکەڵ کرد و دڵڕەقانە پیسکرا و تێکشکێنرا و توورڕدرایە زێرابەوە".[50]

هەتیوخانەکانی دوای جەنگ کە لە لایەن ڕێکخراوە ئەرمەنییەکان یان مسیۆنێرەکانەوە و هەروەها "ماڵی

بێلایەن"ەوە بەڕێوەدەبرا، بە بودجەیەکی کەم و لە دۆخێکی زۆر خراپدا کاریان دەکرد. کارمەندانی بەڕێوەبردن هەوڵێکی تایبەتییان دا بۆ دۆزینەوەی کەسوکاری ئەو منداڵە هەتیوانە و ناردنی منداڵەکان بۆ لایان تاوەکو لەگەڵیان بژین. کێشەکە لەگەڵ ئەو ژنە گەنجانەدا بوو کە لە ژیانیاندا لەگەڵ دیلکەرەکەیان وەک هاوسەر یان کەنیزەک دەستدرێژیی کرابووە سەریان. هەندێک لەو ژنانە هەڵاتبوون و منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان بردبوو، هەندێکیان دووگیان بوون و لە خانەی هەتیواندا منداڵیان بوو، هەندێکی تریان منداڵەکانیان بەجێهێشتبوو و هەڵاتبوون. لە بیرەوەرییەکانیدا بە ناوی "کچێکی پەنابەر Refugee Girl" دیروهی کۆیمجیان هایگاس ئەرکی داکۆکیکردن دەگرێتە ئەستۆ لەو "هەزاران کچ و ژنە ئەرمەنانەی کە لە 'هاوسەرگیریی' زۆرەملێ هەڵاتوون لە هاوسەرە تورکەکان" و هەندێکیان "بە منداڵە کۆرپە نیمچە تورکەکانیانەوە لە باوەشیاندا، ئەو منداڵانەیان بەجێدەهێشت کە نەیانتوانیوە هەڵیانبگرن" و باس لە زۆرێک لەو ژنانە دەکات کە بۆ هەتا هەتایە بە تێکشکاوی بەجێهێڵران لە ژێر دەستی دەستدرێژکارانی تورکدا".[٥١]

لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەم بوونەوەرە هەژار و داماوانە ڕووبەڕووی زەبرێکی دەروونیی بوونەوە کە هەرگیز

چاکبوونەوەی بەخۆوە نەبینی. وەک هاگۆپ ئۆشاگان تێبینیی کردووە، ئەمە ئەو نەوەیە بوو کە "ڕاستەوخۆ لە هەتیوخانەکانەوە ئازادکرا بۆ ژیانی دەرەوە، تەنها بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لە نێو نەهامەتی و بێبەشییەکانی ژیاندا هەتیو ببنەوە"[52] و لە سەرووی ئازارەکانی خۆیانەوە، کۆمەڵگەی ئەرمەنی، بە تایبەت لە قوستەنتینیە، کە کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنی ئەزموون نەکردبوو، بە چاوێکی سووکەوە سەیری ئەم قوربانیانەیان دەکرد.

بەڕێوەبەرایەتی لە خانەکانی هەتیواندا دوای جەنگ هەوڵیدا ئەم ژنانە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو پیاوە ئەرمەنانەدا بکەن کە ڕزگاریان بووە و بیاننێرن بۆ جیهانی دەرەوە بۆ ئەوەی پشت بە خۆیان ببەستن و متمانە پەیدا بکەنەوە بەخۆیان. بەڵام زۆربەی ئەم پیاوانە لە ژنە تاتووکراوەکان ناڕازی بوون و دەیانزانی کە دەستدرێژی کراوەتە سەریان و ڕێکوڕەوان وەک کۆیلەی سێکس لە ماڵە موسڵمانەکاندا بەکارهێنراون. بێگومان مەسەلەیەکی کوتوپڕیی گەورە بوو بۆ من کە زانیم پزیشکێکی ئەرمەنی یەکەم نەشتەرگەریی جوانکاریی ئەنجامداوە بۆ لابردنی خاڵ یان تاتوو لەسەر ژنانی ئەرمەن. ئەم پزیشکە باشە تاتووەکانی لابرد، بەڵام شتێکی سەیرتر و نائاساییتری لەو ماوەیەدا کرد کە ئەویش نەشتەرگەریی دوورینەوە و گەڕاندنەوەی کچێنی بوو. بەم

کارە ئەو کچە ئەرمەنەی کە دەستدرێژیی کرابووە سەر، دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخسا پاکیزەیی کچێنیی بۆ بگەڕێتەوە و لەگەڵ ئەو پیاوەی کە داخوازیی کردووە هاوسەرگیری بکات. ڕوون و ئاشکرایە کەوا ئەو منداڵانەی کە لە ئەتککردن و دەستدرێژیی سێکسی ڕزگاریان بووە، کچ بووبن یان کوڕ، بە درێژایی ژیانیان هەستیان بە گوناە و شەرمەزاری کردووە.

## گرێ سارێژ نەبووەکانی ڕابردوو

هەتیوە کڵۆڵ و بەدبەختەکانی ڕزگاربووانی جینۆسایدی ئەرمەن، زۆر هەوڵیان دەدا لەبیری بکەن، یان وەک زاناکانی دەروونناسی دەڵێن، هاوسەنگی ڕابگرن لە نێوان بیرکردنەوە و وێنە و یادەوەرییەکانی پەیوەست بەو ئەزموونە تاڵ و زەبربەخشە و نموونە مەعریفییەکانی ئێستای جیهان. بەڵام وەک ماردی جۆن هۆرۆڤیتز دەڵێت و وەک لە درێژەی ئەم توێژینەوەیەدا باسکراوە، ئەم زانیارییە پەیوەندیدارەی هێدمە و تراوما توانای ئەوەی هەیە بەرگرییەکانی قوربانییەکە بشکێنێت و لە شێوەی فلاشباک و مۆتەکە و بیرکردنەوە نەخوازراوەکاندا دەستوەرداتە ناو هۆش و ئاگاییەوە. وێنە ترسناک و تۆقێنەرەکانی دایک و باوکیان کاتێ ئەشکەنجە دەدرێن و دەکوژرێن، خوشکەکانیان کاتێ دەستدرێژی

دەکرێتە سەریان و دەفڕێنرێن، یان ئەزموونی خۆیان، ئەتککردن و دەستدرێژیی سێکسی، شەوانە سەردانیان دەکردن و بە ترس و لەرزەوە هاواریان دەکرد. وێنەی زەینیی ئەزموونە زەبربەخشەکە لەپڕ دەردەکەوێت لەگەڵ بۆنێک، دەنگێک، بینینێک، یان دەستلێدانی شتێکدا و نائاگایی دەکەوێتە زاڵبوون بەسەر ئاگاییدا و قوربانییەکە دەباتەوە بۆ ئەزموونە زەبربەخش و ترۆماکە.

مۆتەکەکانی هامپارتزوم چیفتجیان دووبارە دەبوونەوە و هەرگیز نەیتوانیوە ئەو ئەزموونە خەمناک و هەندێ جاریش نەفرەتلێکراوانە ڕام بکات و مامەڵەیان لەگەڵدا بکات. ئەو ئەزموونانە بە زیندوویی مانەوە و لە قووڵایی زەین و مێشکیدا جێگیر بووبوون و لە هەمووشی سەختتر و ناهەموارتر لە شێوەی مۆتەکەی ترسناکدا سەریان هەڵدەدایەوە کاتێ کە ئازاد و لە ژینگەیەکی سەلامەت و پڕ ئەماندا دەبوو. "ئەو وێنانەی بە توندی هەڵگیراون دەست دەکەن بە دەرکەوتن و شیبوونەوە و تا ئەمڕۆش لە مۆتەکەکانمدا دووبارە دەبنەوە و .... هەرگیز فێر نەبووم چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو وێنانەدا بکەم و ئەوان بۆ هەمیشە ڕاوم دەنێن و هێرش دەکەنە سەرم".

مۆتەکەکان تاکە ڕووداوی هەڕەشەئامێز نەبوون لە ژیانی ئەم ڕزگاربووە بەدبەختانەدا. وەک دەروونناسەکان

و لە نێویاندا ماریان ماککۆردی وەسفی دەکەن، زەبر وێنەیەکی ئایکۆنی یان ڕەمزی دروست دەکات، "وێنەیەکی زەینی کە لە قووڵایی مێشکدا و لە سیستەمی لیمبیکدا هەڵدەگیرێت و بە ئاسانی بۆ توێکڵی مێشک بەردەست نییە"، بەڵام "هەندێ جار بەبێ بانگهێشت دەردەکەوێت کاتێ بۆن دەکەین، دەبیستین، دەبیبینین، یان دەست لە شتێک دەدەین کە دەمانباتەوە بۆ ئەو کاتەی کە ڕووداوە زەبربەخشەکە ڕوویداوە".[٥٣] زۆرجار شتێکی تایبەت دەنگ، شوێنێک، یان بۆنێک بەسە بۆ وروژاندن و سەرهەڵدانەوەی یادەوەرییەک، خۆشبێت یان خەمناک، کە پەیوەندیی بە ئەزموونێکی ڕابوردووەوە هەیە. هەموو ئەوانەی لە مردن ڕزگاریان بووە باس لەو جۆرە هەستانە دەکەن کە پەیوەندییان بە تاقیکردنەوە دڵتەزێنەکەیانەوە هەیە لە سەردەمی جینۆسایدەکەدا. هامپارتزوم چیتجیان بە بینینی تەرمی بەستووی کوڕێکی ئەرمەنی کە لە ماڵێکی کورددا لەگەڵیدا کاریان کردووە، تووشی شۆک بووە. ئەو و ژنێکی ئەرمەنی ویستبوویان بە شێوازی مەسیحییانە تەرمی ئەو کوڕە بنێژن و بە دەستی خۆیان لە زەوییەکی بەستەڵەکدا گۆڕیان بۆ هەڵکەند. دوای شەست و پێنج ساڵ، لە ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٨٠دا، کاتێ تەماشای هاوسەرەکەی دەکرد کە خەریکی ئامادەکردنی مریشکێکی بەستوو بوو بۆ

ژەمی ئێوارەیان لە جەژنی ئیپیفانیی (غەتتاس)ی ئەرمەنیدا، هامپارتزوم سەرلەنوێ هەستی ئەو سەردەمەی بۆ گەڕایەوە و هەمان ئەو ئازارەی بۆ نوێبووەوە لە ڕۆحیدا. "ئاخ، ئاخ هەوڵ بدەن نەوەی ئەرمەنەکان لەبیر بکەن، منداڵانی خەم و ئازێتباری". بێئەوەی هیچ هۆکارێک هەبێت بۆ هامپارتزوم کە یادەوەرییە تاڵ و ترسناکەکانی سەرهەڵبدەنەوە کەچی گەلێ جار گوێی بە دەنگەدەنگ دەزرنگایەوە. "تا ئەمڕۆش جەستەم دەلەرزێت". لە منارەی مزگەوتەکانەوە گوێی لە هاوارکردن و بانگەواز دەبێت "هەرکەسێک ئەرمەنییەک داڵدە بدات، پێنج ساڵ زیندانی دەکرێت و زنجیر دەخرێتە ملی!" ئەو بەردەوام هەست بەو ترسە دەکات کە وەک هەڵاتوویەک هەستی پێدەکرد، کە بێ ئامانج دەگەڕا و سەرگەردان بوو، بەردەوام بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ چی ڕوودەدات ئەگەر بگیرێت.

ئەم پیاوە لە ڕووی داراییەوە سەرکەوتوو بوو بەڵام لە ڕووی دەروونییەوە وێران بوو، برینەکانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو هەرگیز نەیتوانی لەگەڵ یادەوەریی ئەو بەڵایەی بەرگەی گرتبوو و ئەو دڕندەییانەی کە بەسەریهاتبوو، ئاشت بێتەوە. ئەو وەک ڕزگاربوویەک خۆی پێناسە ناکات بەڵکو وەک قوربانییەک و ڕوونی دەکاتەوە، "مرۆڤ هەرگیز لە جینۆسایدێک ڕزگاری نابێت، ڕەنگە لە ڕووی جەستەییەوە ڕزگارت بێت، بەڵام مێشک و ڕۆحت بۆ هەمیشە ئازار

دەچێژێت، ئەگەر لە دۆزەخێکدا بوویت، تا ماویت و بۆ هەتا هەتایە ئەو گرێ دەروونییە بەرتنادات". هەروەها ئەو گرێ و برینە گواستبوویەوە بۆ منداڵەکانی، بەبێ ئەوەی بزانن، بەبێ خواست و ئارەزووی خۆیان. "هەر زوو کەوتمە هاوسۆزی لەگەڵ ترس و تۆقینی ئـەوەی کە بە تەنیا و بە هەتیوی بمێنیتەوە - ترس و تۆقینێکی سامناکی وا کە هێشتا لە دەروونی مندا خۆی حەشارداوە..." ئەمە دانپێدانانی سارای کچی هامپارتزومە. بە تێپەڕینی کات کە سارا تەمەنی بوو بە دە ساڵ، چووە ناو جیهانێکی نادیاری فرمێسک و خەم و پـەژارەوە کە باوک و دایکیشی هاوبەشییان دەکرد. ئەو نـەوەی دووەم بوو کە دەرد و ئـازارەکـەی بە میرات بۆ مابووەوە. "ئەوەی زیاترم لەبیرە لەبارەی دایکمەوە چەندین جار بوو کە بە تەنیا دەمبینی فرمێسکەکانی بە ڕوومەتیدا دەهاتنە خوارەوە و دەمزانی کە سەرلەنوێ گەڕاوەتەوە بۆ ئەو ساتەوەختە سامناکانەی کە دایکی و براکانی بە چاوی خۆیان بینیبوویان کە چۆن تورکە بەربەرییەکان دڕندانە سەری باوکە خۆشەویست و بێتاوانەکەیان بڕیوە.... ئازاری ئەو ساتەوەختە ترسناکە بۆ هەمیشە لە ڕۆحیدا چەسپیوە و فرمێسکەکانی هەرگیز نەدەوەستان...".

لیۆناردۆ ئەلیشان تەمەنی تەنها نۆ ساڵ بوو کاتێک داپیرەی تێکەڵ بە جیهانی تاڵی ئازارە سەخت و نەبڕاوەکانی

خۆیی کرد. ئەویش بوو بە نەوەی سێیەمی ڕزگاربووی جینۆسایدی ئەرمەنەکان و کەوتە بەر چڕنووکی مۆتەکەی کارەساتەکە و بوو بە هاوبەشی دەرد و ئازاری داپیرەی و بوو بە بەشێک لێی.

ئازارەکانی ئۆرورا ماردیگانیان تەنانەت دوای گەیشتن بە ئەمریکاش بەردەوام بوو. ئەو بە ئازایەتییەوە پابەند بووبوو بە ڕۆڵی کارەکتەری خۆی لە فیلمی "ئەرمینیای زەوتکراو Ravished Armenia" (١٩١٩)دا، کە لەسەر بنەمای بیرەوەرییەکانی ئەو وەرگیرابوو. لە ماوەی دوو ساڵی گێڕانەوەی چیرۆکەکەیدا، تاقیکردنەوەی خۆی زیندوو کردەوە و نواندنەکەی زیانێکی زۆری بە تەندروستیی گەیاند، چونکە نەیدەتوانی تەنها شەوێکیش لە گەشتە دوور و درێژەکەی بە ناو دۆزەخدا لەبیر بکات. لە دەرەوەی ماڵەکەدا چیچانەکان پاسەوانیی دەستکەوتەکانیان دەکرد کە ژنە ئەرمەنەکان بوون و کوشتنی بەکۆمەڵی ئاوارە و پەنابەران بە درێژایی شەو بەردەوام بوو. گوێی لە قیژە و هاواری تیژ و زرمەی سمی ئەسپەکان بوو. "هەندێ جار ئێستاش ناتوانم بخەوم، هەرچەندە بۆ هەمیشە سەلامەتم و لە ئارامیدا دەژیم، بەڵام لە شەودا ئەو هات و هاوارانە دێنە گوێم و تەنانەت لەو کاتەشدا کە هاوڕێکانم لە دەورمن و ناتوانم لە گوێمدا بێدەنگیان بکەم". ئەو هەرچەندە لەگەڵ کەسێکی ئەرمەنیدا

هاوسەرگیری کردبوو و کوڕێکی لێی هەبوو، بەڵام ئەو ئاسەوارە لە مێشکیدا نەدەسڕایەوە، بۆیە خۆی لە کۆمەڵگە دابڕی و ژیانێکی تەریک و تەنیایی دەگوزەراند و بەردەوام بە خەیاڵ وای هەست دەکرد تورکەکان لە پشت دەرگای ماڵەکەیەوەن و لە ئامادەباشیدان هەڵبکوتنە سەری، تا ئەو کاتەی بە تەنها مرد و حکوومەت تەرمەکەی گواستەوە و لە گۆڕێکی بێ ناونیشاندا بە خاک سپێردرا.

ڕزگاربووانی ئەرمەن هەرگیز دەستیان بە هیچ چارەسەرێکی دەروونیدا ڕانەگەیشت بۆ ڕەواندنەوە و سڕینەوەی زانیارییە زیانبەخشە کەڵەکەبووەکان لە یادەوەریی چالاکیاندا و بۆ ڕەخساندنی ئەگەرێکی ئاشتەوایی و مەحاڵ بوو ئەو داخ و دەردە لەبیربچێتەوە. منداڵە هەتیوەکانی جینۆساید بۆ هەمیشە ئەو ئاڵۆزی و گرێ دەروونییانە بەرۆکی بەرنەدان. ژیانیان بۆ ئەوە نەبوو کە چێژی لێ وەربگرن، تەنانەت ئەگەر جیهانی نوێیش (مەبەست ئەمریکایە - و) دەرفەتی نوێ و ژیانێکی خێزانیی ئاسوودەی بۆ ڕەخساندبێتن. "هەرچەندە من لە ئەمریکا سەلامەتم و لە ئارامیدا دەژیم، بەڵام شەوەکانم ئارام نین"، ئەمە قسەی ژنێکی ئەرمەنە کە ددان بەوەدا دەنێت. یەکێکی تریش ئەوەندە کاریگەریی ڕابووردووی لەسەر بوو کە بڕیاریدا هەرگیز هاوسەرگیری نەکات و بە تەنها بژی و بە

تەنها ئازارەکانی خۆی بچێژێت، بێئەوەی لەوە بترسێت کە منداڵێکی هەتیو لە دوای خۆی بەجێبێڵێت.

کاریگەرییەکانی ئەو ئەزموونە زەبربەخشە بۆ نەوەی داهاتوو گوازرایەوە، تەنانەت لە ڕێگەی گواستنەوەی بۆماوەییەوە[٥٤] بە بێ شایەتحاڵ و گێڕانەوەی چیرۆکە خێزانییەکانیش.

**سەرچاوە:**

گۆڤاری نێودەوڵەتیی توێژینەوەکانی جینۆسایدی ئەرمەن

ژمارە ٩، ٢ (٢٠٢٤)

پرۆفیسۆر د. ڕوبینا پێرومیان

International Journal of Armenian Genocide Studies 9, no. 2 (2024)

THE INSTITUTIONS OF TURKIFICATION AND ASSIMILATION IN THE EYES OF ARMENIAN ORPHANS WHO FLED THEM

Rubina Peroomian Ph.D. USA

## پەراوێز

1. Vahakn Dadrian, “Children as Victims of Genocide: The Armenian Case,”

منداڵان وەک قوربانیی جینۆساید: حاڵەتی ئەرمەنەکان

Journal of Genocide Research 5, no. 3 (2003): 421-437.

2. Hovhannes Mugrditchian, To Armenians with Love: The Memoirs of a Patriot

بۆ ئەرمەنەکان لەگەڵ خۆشەویستیدا: بیرەوەریی نیشتمانپەروەرێک ...

(Hobe Sound, FL: Paul Mart, 1996), 56, 71. For further analysis of this memoir, see Rubina Peroomian, The Armenian Genocide in Literature, Perceptions of those who Lived through the Years of Calamity (Yerevan: Armenian Genocide Museum - Institute, 2014), 260 - 268 and elsewhere in the book.

بۆ شیکاریی زیاتری ئەم یادەوەرییە، بڕوانە ڕوبین پێرۆومیان، جینۆسایدی ئەرمەن لە ئەدەبدا، وێناکردنی ئەوانەی لە ساڵانی لێقەومان و کارەساتەکەدا ژیان...

3. Dirouhi Kouymjian Highgas, Refugee Girl کچی پەنابەر یان ئاوارە(Watertown, MA: Baikar, 1985), from the “Prologue.” Further analysis in Peroomian, the Armenian

Genocide in literature, 253 – 259 and elsewhere in the book.

بۆ شیکاریی زیاتر بڕوانە پێروومیان، جینۆسایدی ئەرمەن لە ئەدەبدا...

4. Garo Poladian, Eagles in the Desert هەڵۆکان لە بیاباندا (Paris: Araxes,1958). For page references, see Peroomian, The Armenian Genocide in Literature, 111 – 115.

5. Kostan Zarian, Voices in the Church, دەنگەکان لە کەنیسەدا...in Arby Ovanessian ed., Anthology of Armenian One – act Plays ئەنتۆلۆجیای شانۆییە ئەرمەنییە یەک پەردەکان (Paris, Yerevan: Spiurk, 2001), 11 – 27.

6. I interviewed Hripsimé Zeneyan, Ajemian on April 30, 1980, as part of my oral history coursework at UCLA with Prof. Richard G. Hovannisian. The audiotapes were kept at UCLA and later trusted to the USC Shoah Foundation in Los Angeles for indexing and digitization. The collection is accessible on their website.

7. Verjiné Svazlian, the Armenian Genocide, Testimonies of the Eyewitness Survivors (Yerevan: Gitoutyoun, 2011), 97, Testimony # 9.

8. .Dadrian, “Children as Victims of Genocide: The Ar-

menian Case."

9. Svazlian, the Armenian Genocide, 488 - 89, Testimony #295.

10. Interviewed by Michael Hagopian on July 17, 1985, in Detroit, Michigan. The interview is a part of Michael Hagopian's Armenian Film Foundation collection at the Shoah Foundation, Interview code: AFF288.

11. Vitali Ianko, the Promise at the Sea بەڵێن لە دەریادا (New York: Vintage Press, 2004), 221. For further analysis of her memoir, see Peroomian, The Armenian Genocide in Literature, 282 - 292, 382 - 387.

12. Dadrian, "Children as Victims of Genocide: The Armenian Case," 427.

منداڵان وەک قوربانیی جینۆساید: حاڵەتی ئەرمەنەکان ...

13. Ibid.

14. Ravished Armenia: The Story of Aurora Mardiganian, the Christian Girl Who Lived through the Great Mas - sacres, interpreted by H. L. Gates (New York: Kingfield, 1918).

زەوتکردنی ئەرمینیا: چیرۆکی ئۆرورا ماردیگانیان، ئەو کچە کریستیانەی کە لە ترس و بیمە گەورەکەدا ژیا ...

15. Anthony Slide, Ravished Armenia and the Story of Aurora Mardiganian (Lanham, MD: Scarecro 1997), 121. All subsequent references to Mardiganian's memoir are from this publication. See also Peroomian, The Armenian Genocide in Literature, 314 - 324 and elsewhere in the book. زەوتکردنی ئەرمینیا. هەموو ئاماژەکان دەگەڕێنەوە بۆ یادەوەرییەکانی ماردیگانیان لەم بڵاوکردنەوەیەدا. هەروەها بڕوانە پیڕومیان: جینۆسایدی ئەرمەن لە ئەدەبدا ...

16. See ft. #8 for reference.

17. Dadrian, "Children as Victims of Genocide: The Armenian Case," 424 - 425. منداڵان وەک قوربانیی جینۆساید: مەسەلەی ئەرمەنەکان

18. Henry Morgenthau, Ambassador Morgenthau's Story (New York: Garden City, 1918), 317.هێنری مۆرگێنتاو، چیرۆک و گێرانەوەی باڵیۆز مۆرگێنتاو ...

19. Kerop Bedoukian, Some of Us Survived: The Story of an Armenian Boy.

هەندێ لە ئێمە ڕزگار بوون: چیرۆکی کوڕێکی ئەرمەنی ....

20. (New York: Farrar Straus Giroux, 1979), 49 - 50. Further analysis in Peroomian, The Armenian Genocide in Literature, 232 - 237 and elsewhere in the book.

21. See ft. #5 and Peroomian, the Armenian Genocide in Literature, 254.

22. Margaret Ajemian Ahnert, the Knock at the Door: A Journey through the Darkness of the Armenian Genocide لە دەرگـادان، گەشتێک بە ناو تاریکیی جینۆسایدی ئەرمەندا ...(New York: Beaufort Books, 2007), 177.

23. The subsequent page numbers in parenthesis refer to this publication. Further analysis of the author's rending of her mother's story in Rubina Peroomian, The Armenian Genocide in Literature, The Second Generation Responds (Yerevan: An Armenian Genocide Museum - Institute publication, 2015), 128 - 133 and elsewhere in the book.

24. Mae M. Derdarian, Vergeen: A Survivor of the Armenian Genocide ڕزگاربوویەکی جینۆسایدی ئەرمەن (Los Angeles: Atmus Press, 1997).

25. The page numbers in parenthesis refer to this publication. Further analysis of the author's rending of Vergeen Meghruni's story in Peroomian, The Armenian Genocide in Literature, The Second Generation Responds, 119 - 122 and elsewhere in the book.

ژمارەی لاپەڕەکان لە نێو دوو کەواندا ئاماژەن بۆ ئەم بڵاوکراوەیە.
بۆشیکاریی زیاتری گێڕانەوەی نووسەر بۆ چیرۆکی ڤێرجین مەغرونی، بڕوانە پێرومیان، جینۆسایدی ئەرمەن لە ئەدەبدا...

26. Rubina Peroomian, “The Restless World of Leonardo Alishan (March 1951– January 2005), A Burnt Offering on the Altar of the Armenian Genocide” in Genocide Studies and Prevention 1, no. 3 (2006): 289 – 303. Citation from p. 291, from the story “The Lady – Bug and the Persian Rug.”

27. Leonardo Alishan, “An Exercise on a Genre for Genocide and Exorcism,” in The Armenian Genocide: History, Politics, Ethics, ed. Richard G. Hovannisian (New York: St. Martin’s Press, 1992), 340 – 54. Quota-tion from pp. 352 – 3.

ڕاهێنانێک لەسەر ژانرێکی جینۆساید و دەرپەڕاندنی ڕۆحە خراپ و شەڕخوازەکان، لە کتێبی جینۆسایدی ئەرمەن: مێژوو، سیاسەت، ئێتیک ...

28. Iinterviewed Satenik Spandarian on May 28, 1980. See ft. # 8 for reference.

29. Dadrian, “Children as Victims of Genocide,” 429.

30. Poladian, Eagles in the Desert, 509.

31. Svazlian, The Armenian Genocide, 501, testi-mony #308.

32. Ibid., 213, testimony #87.

33. Dadrian, "Children as Victims of Genocide: The Armenian Case," 423;

34. Morgenthau, Ambassador Morgenthau's Story, 312.

35. Ravished Armenia: The Story of Aurora Mardiganian, 65.

36. Iinterviewed Ohannes Akarakian on May 31, 1980. See ft. #8 for reference.

37. Nazan Maksudyan, "For the Holy War and Motherland. Ottoman State Orphanages (Darüleytams) in the Context of the First World War and the Armenian Genocide," L' Homme 34, no. 1 (2023): 44.

بۆ جەنگی پیرۆز و خاکی دایک. هەتیوخانەکانی (دار الأیتام) لە دۆخ و سیاقی جەنگی جیهانیی یەکەم و جینۆسایدی ئەرمەندا ...

38. In her recent work Narine Margaryan has identified 30 orphanages where Armenian children were turkified during the Armenian Genocide. See Narine Margaryan, "The Turkification of Armenian Children in the Ottoman Empire's State Orphanages (1915 – 1918)," in Silenced Crime: Forcible Child Transfer during the Armenian Genocide, edited by Edita Gzoyan

(Brill, 2025), forthcoming.

لە بەرهەمە نوێکەیدا نارین مارگەریان ٣٠ هەتیوخانەی دەستنیشان کردووە کە منداڵانی ئەرمەنی تێدا بەتورککراون لە ماوەی جینۆسایدی ئەرمەندا. بڕوانە نارین مارگەریان، ”بەتورککردنی منداڵانی ئەرمەن لە هەتیوخانە حکوومییەکانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا (١٩١٥ – ١٩١٨)"، لە کتێبی تاوانی بێدەنگ: ڕاگوێزانی زۆرەملێی منداڵ لە ماوەی جینۆسایدی ئەرمەندا ....

39. Edita G. Gzoyan, Regina A. Galustyan, Shushan R. Khachatryan & Narine V. Margaryan, “In the Beautiful Heaven, a Golden Cage: Race, Identity and Memory in Turkification of Armenian Children in State Orphanages during the Armenian Genocide بەهەشتێکی خۆش، قەفەزێکی زێڕین: ڕەگەز و شوناس و یادەوەری لە بەتورککردنی منداڵانی ئەرمەن لە هەتیوخانە حکوومییەکاندا لە ماوەی جینۆسایدی ئەرمەندا ... Journal of Genocide Research 26, no. 3 (2024): 243 – 263.

40. Tantane, was first published in Chakatamart newspaper (June 27 and July 4, 1920) in Constantinople and belonged to a collection of stories Hagop Oshagan intended to publish separately under the title (Imperial Song of Triumph) which, due to ominous po-

litical developments and his exodus from Constanti-nople, he never did. The book was later published in Beirut in 1983.

تانتان یەکەمجار لە ڕۆژنامەی چاکاتامارتدا (١٩٢٠) لە قوستەنتینییە بڵاوبووەوە و بریتییە لە کۆکراوەیەکی چیرۆک و گێڕانەوە و هاگۆپ ئۆشاگان بەنیاز بوو بە جیا بڵاویان بکاتەوە لە ژێر ناونیشانی (گۆرانیی ئیمپراتۆریی سەرکەوتن) کە بە هۆی پەرەسەندنە سیاسییە شوومەکان و هەڵاتنی لە قوستەنتینییە، هەرگیزچاپی نەکرد. دواتر ساڵی ١٩٨٣ کتێبەکە لە بەیرووت بڵاوکرایەوە.

41. Hagop Oshagan, Imperial Song of Triumph (Bei-rut: Altapress, 1983), 35.

42. For details of his "journey," see Peroomian, The Armenian Genocide in Literature, 293 - 302 and else-where in the book.

43. Cited in Alvin Rosenfeld, A Double Dying Re-flections on Holocaust Literature (Bloomington and In-dianap- olis, Indiana University Press, 1988), 18.

ڕەنگدانەوەکانی دوو جار مردن لە ئەدەبی هۆلۆکۆستدا ...

44. Svazlian, the Armenian Genocide, 426 - 428, Testimony #247.

45. The English translation with the addition of Chapter 9, left out in the Armenian publication, was

published in 2015. See Karnig Panian, Goodbye, Antoura: A Memoir of the Armenian Genocide (Stanford, CA: Stanford University Press, 2015).

بڕوانە کارنیگ پانیان، "خوا حافیز عەنتۆرا: یادەوەریی جینۆسایدی ئەرمەن ....

46. The translator of Panian's memoirs explains in a footnote what falakha is: "A cane or strap used to strike the soles of the feet, also known as a bastinado, falanga, and falaka. In the modern world, its use is considered a form of torture. ئەمە باسی فەلاقەیە و بۆ خوێنەری کورد ئاشنایە – وەرگێڕ

47. Chitjian, A Hair's Breadth, 156.

48. Zaven Der Yeghiayan, My Patriarchal Memoirs یادەوەرییە پاتریارکییەکانم (Barrrington, RI: Mayreni, 2002), 181.

49. Bedoukian, Some of Us Survived: The Story of an Armenian Boy, 153 – 156.

50. Ibid., 154.

51. Many Hills Yet to Climb, 158 – 163 and Peroomian, the Armenian Genocide in Literature, 249.

52. Many Hills yet to Climb, 165 – 168.

53. Ibid., 193 and Peroomian, The Armenian Geno-

cide in Literature, 250.

54. To Armenians with Love, 196 and Peroomian, the Armenian Genocide in Literature, 251.

55. Peroomian, the Armenian Genocide in Literature, 254.

56. Hagop Oshagan, (A testimony) (Aleppo: Nairi Press, 1946), 36.

57. Marian MacCurdy, “From Trauma to Writing,” لە ترۆماوە بۆ چاوەڕێکردن in Writing and Healing, Toward an Informed Practice, ed. C. M. Anderson and M. MacCurdy (Urbana, IL: National Council of Teachers of English, 2000), 162.

15 58. See the discussion of Kellermann Nathan’s theory of genetic transmission of trauma applied to the experiences of the offspring of Armenian Genocide survivors throughout Peroomian, The Armenian Genocide in Literature, The Second Generation Responds.

مشتومڕ لەسەر تیۆریی کێلەرمان ناتان لەبارەی گواستنەوەی ترۆما (هێدمە، شۆک، زەبر) بەگوێرەی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی نەوەی ڕزگاربووانی جینۆسایدی ئەرمەن لە کتێبەکەی پێرومیان، جینۆسایدی ئەرمەن لە ئەدەبدا، کاردانەوەکانی نەوەی دووەم.

## BIBLIOGRAPHY بیبلۆگرافی

- Alishan, Leonardo. “An Exercise on a Genre for Genocide and Exorcism” in the Armenian Genocide: History, Politics, Ethics, ed. Richard G. Hovannisian, 340 – 354. New York: St. Martin’s Press, 1992, 340 – 354.

- Ahnert Ajemian, Margaret. The Knock at the Door: A Journey through the Darkness of the Armenian Genocide. New York: Beaufort Books, 2007.

- Bedoukian, Kerop. Some of Us Survived: The Story of an Armenian Boy. New York: Farrar Straus Giroux, 1979.

- Chitjian, Hampartzoum Mardiros. A Hair’s Breadth from Death, The Memoirs of Hampartzoum Mardiros Chitjian. Reading: Tanderon, 2003.

- Dadrian, Vahakn. “Children as Victims of Genocide: The Armenian Case” Journal of Genocide Research 5, no. 3 (2003): 421– 437.

- Der Yeghiayan, Zaven, Arch. My Patriarchal Memoirs, RI: Mayreni, 2002.

- Derdarian, M. Mae. Vergeen: A Survivor of the Armenian Genocide. Los Angeles: Atmus Press, 1997.

- Gates, H. L., interpreted by. Ravished Armenia: The

Story of Aurora Mardiganian, the Christian Girl Who Lived through the Great Massacres. New York: Kingfield, 1918.

- Gzoyan Edita G., Regina A. Galustyan, Shushan R. Khachatryan and Narine V. Margaryan. "In the Beautiful Heaven, a Golden Cage: Race, Identity and Memory in Turkification of Armenian Children in State Orphanages during the Armenian Genocide." Journal of Genocide Research 26, no. 3 (2024): 243 – 263. DOI: 10.1080/14623528.2023.2237700.

- Ianko, Vitali. The Promise at the Sea. New York: Vintage Press, 2004. IWitness, USC Shoah Foundation, Armenian Genocide Testimonies.

- Kellermann, Natan P. F. "Transmission of Holocaust Trauma" (n.d.), http://yadvashem. org.il/yv/en/education/languages/dutch/pdf/kellermann.pdf.

- Kouymjian Highgas, Dirouhi. Refugee Girl. Watertown, MA: Baikar, 1985.

- MacCurdy, Marian. "From Trauma to Writing." In Writing and Healing, Toward an Informed Practice, edited by C. M. Anderson and M. MacCurdy, 158-200. Urbana, IL: National Council of Teachers of English, 2000.

- Maksudyan, Nazan. "For the Holy War and Motherland. Ottoman State Orphanages (Darüleytams) in

the Context of the First World War and the Armenian Genocide." L' Homme 34, no. 1 (2023): 39 - 60.

- Margaryan, Narine. "The Turkification of Armenian Children in the Ottoman Empire's State Orphanages (1915 - 1918)." In Silenced Crime: Forcible Child Transfer during the Armenian Genocide, edited by Edita Gzoyan. Brill, 2025, forthcoming.

- Minassian, John Hovhannes. Many Hills Yet to Climb: Memoirs of an Armenian Deportee. Santa Barbara: Jim Cook, 1986.

- Morgenthau, Henry. Ambassador Morgenthau's Story. New York: Garden City, 1918.

- Mugrditchian, Hovhannes. To Armenians with Love: The Memoirs of a Patriot, Hobe Sound, FL: Paul Mart, 1996.

- Panian, Karnig. Goodbye, Antoura: A Memoir of the Armenian Genocide. Stanford, CA: Stanford University Press, 2015.

- Peroomian, Rubina. And those who Continued Living in Turkey after 1915, The Metamorphosis of the Post - Genocide Armenian Identity as Reflected in Artistic Literature, 2nd edition. Yerevan: Armenian Genocide Museum-Institute, 2012.

__. The Armenian Genocide in Literature, Percep-

tions of those who lived through the Years of Calamity, second edition (Yerevan: Armenian Genocide Museum - Institute, 2012).

_. The Armenian Genocide in Literature, The Second Generation Responds (Yerevan: An Armenian Genocide Museum - Institute publication, 2015).

_. "The Restless World of Leonardo Alishan (March 1951 - January 2005), A Burnt Offering to the Altar of the Armenian Genocide" in Genocide Studies and Prevention 1, no.3 (2006): 289 - 303.

- Pilibossian, Helen. My Literary Profile: A Memoir. Watertown, MA: Ohan Press, 2010. Poladian, Garo. Eagles in the Desert. Paris: Araxes, 1958. Rosenfeld, Alvin. A Double Dying Reflections on Holocaust Literature. Bloomington and Indianapolis: Indiana University Press, 1988.
- Slide, Anthony. Ravished Armenia and the Story of Aurora Mardiganian. Lanham, MD: Scarecrow Press, 1997.
- Surmelian, Levon Zaven. I Ask You Ladies and Gentlemen. New York: E. P. Dutton, 1945.
- Svazlian, Verjiné. The Armenian Genocide, Tes-

timonies of the Eyewitness Survivors. Yerevan: Gitoutyoun, 2011.

- Zarian, Kostan. Voices in the Church, in Arby Ovanessian ed., Anthology of Armenian One - act Plays. Paris, Yerevan: Spiurk, 200.

## ٢
## نووسەرانی نەوەی سێیەمی ئەرمەنە ئەمریکییەکان و گەڕان بە دوای ناسنامە و لەیادنەکردنی جینۆسایددا

جینۆسایدی ئەرمەن لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا نزیکەی سەدەیەک تەمەنی هەیە، بەڵام پرسیارە بێ وەڵامەکان بەردەوامن: بۆچی ڕوویدا؟ بۆچی جیهان ڕێگەی دا ڕووبدات؟

بۆچی دان بەو ستەم و نادادپەروەرییە ترسناکەدا نەنراوە و قەرەبوو نەکراوەتەوە؟ نیگەرانیی ئەزموونی کارەساتباری بەکۆمەڵ لە ئەدەبیاتی ئەرمەنیدا بەردەوام دەردەکەوێت و بەدیاریکراویش لە ئەدەبیاتی ئەرمەنە ئەمریکییەکاندا. نکۆڵیکردنی تورکیا لە تاوانەکە هۆکاری ئەم خولیا و نیگەرانییەیە. پاشان، وێنەی ناڕوونی نیشتمانێکی لەدەستچوویش هەستێکی بێبەشبوون دەورووژێنێت تەنانەت لای ئەوانەش کە زۆرترین ئاوێتەبوون و کاریگەریی کولتووریی کۆمەڵگەی ئەمریکییان لەسەرە لە نەوەی ئێستادا.

ئەدەبیاتی جینۆسایدی ئەرمەنە ئەمریکییەکان، چ پەخشان و گێڕانەوە بێت یان شیعر و گێڕانەوەی شایەتحاڵەکان و یاداشت و بیرەوەری بێت، ڕەنگدانەوەی پێکەوە گرێدانی جینۆسایدی ئەرمەن و ناسنامەی ئەرمەنە ئەمریکییەکانە.

ئاوڕدانەوەیەک بۆ ڕابردوو و گەڕان بە دوای ڕەگ و ڕیشەدا، بە واتایەکی تر، پەیبردن بە ناسنامەی نەتەوەیی و هەستکردن بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، بۆ مێژووی هاوبەشی ئەندامانی تری گرووپەکە قووڵتر بووەوە لە ژێر کاریگەریی ئاڕاستە و ڕەوتێکدا لە ئەمریکا لە ساڵانی ١٩٦٠کان و ١٩٧٠کاندا، بەتایبەتی لە ناو ئەمریکییە بە ڕەچەڵەک ئەفریقییەکاندا سەریهەڵدا. کولتووری ئەمریکیی ئەو سەردەمە ئاسانکاریی بۆ پەیوەستبوون بە گرووپ و شوناسەوە دەکرد. دیارە ڕابردووی ئەرمەنەکان پەیوەست بوو بە کۆمەڵکوژی و ڕاگواستنەوە، کە بوو بە سەرچاوەی تێگەیشتن لە خود و بەئاگابوون و پێکهێنانی شوناس. هاندەر و پاڵنەری پشت ئەم پرۆسەیەش یادەوەرییە ترسناکەکانی کۆمەڵکوژییەکان و نۆستاڵجیا بوو بۆ نیشتمانی دایک، یان نیشتمانی لەدەستچوو، هاوکات ئازاری ئاوێتەبوون و خۆگونجاندن لەگەڵ جیهانی نوێ کە سەرتاپا ڕۆژنامە و چاپەمەنیی ئەرمەنەکانی ساڵانی ١٩٢٠کان و ١٩٣٠کانی گرتبووەوە. هەرچەندە ئەم ئەدەبیاتە زۆرتر بە دوای بەها

جوانەکاندا دەگەڕا، بەڵام وەک سەرچاوەیەکی زانین و ئیلهامێک کاری دەکرد کە نەوەی گەورەبووی ئەمریکای بە ڕابردووی ئەرمەنەوە دەبەستەوە.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، ڕزگاربووانی نەوەی دووەم تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی گواستنەوەی بێدەنگیان گێڕا، هەندێ جار بە شێوەیەکی پاسیڤ، هەندێ جاریش بە دوودڵی وەک پەیوەندییەک لە نێوان دایک و باوکیان و نەوەی دوای خۆیان. ئەوانیش دەبوو لەگەڵ ئاڵەنگارییەکانی جیهانی نوێدا ڕووبەڕوو ببنەوە. ئەوان بارگرانیی مانەوە لە ژیاندا گرفت و گرێی دەروونیی زۆری بۆ دروستکردبوون کاتێ خەباتیان دەکرد بۆ پێشکەوتن و سەلماندنی خۆیان بەرانبەر بە "شکستی" باوانیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنە و سەرکۆنەی باودا. دەیڤید خێردیان لەبارەی دایکیەوە دەنووسێت "قوربانییەکی ئەمریکی کە لە جینۆسایدی تورکیا ڕزگاری بووە" (خێردیان، ١٩٧٠).[١] بێگومان ڕزگاربووان چەندە هەوڵی دروستکردنی ژینگەیەکی تەندروست و دڵخۆشکەریان دەدا، دوور لە گرێ و گۆڵی ڕابردوو، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان تێیدا گەورە بن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. یان لە حاڵەتەکانی تردا ئەم منداڵانە لە چیرۆکە کارەساتبار و دڵتەزێنە بێکۆتاییەکانی دایک و باوکیان بێزار بوون، بۆیە گوێی خۆیان لێ کەڕ دەکرد و خواستی

دایک و باوکیان بێدەنگ دەکرد بۆ سووککردنی بارگرانیی یادەوەرییەکان بە قسەکردنی ئاشکرا و گێڕانەوەی ئەزموونە ئازاربەخشەکانیان. ڤیکتۆریا دەگێڕێتەوە کە بە دایکی گوتووە: "دایکە، ئەگەر بە ئینگلیزی لەگەڵم نەدوێیت ئەوە بە هیچ شێوەیەک قسە مەکە و لەبەر ئەوە دایکم قسەی نەدەکرد" (فۆستۆن ٢٠٠١: ٩٨). لە هەموو حاڵەتێکدا، تەنانەت ئەگەر ئەم منداڵانە لە ڕابـردووی ئازاربەخشی دایک و باوکیان دوور بخرایەنەوە یان دایانبڕیبن، بەڵام مۆرک و ئاسەواری دەروونییان هەر بەسەرەروە دەما و یادەوەریی مێژووییان هەر بۆ دەگوازرایەوە.

لە نزیکەی سێ دەیـەی ڕابــردوودا، ئێمە شایەتحاڵی زیـادبـوونـی بـەرچـاو بـوویـن لـە نووسینی یاداشتنامە و بیرەوەریدا. دوای چەندین دەیە لە کاردانەوەی دەستبەجێ بە زمانی ئەرمەنی، ڕزگاربووان لە تەمەنی پیریدا، بە هاندانی منداڵەکانیان، دەستیان کرد بە نووسین:

بیرەوەرییەکانی کیرۆپ بێدۆکیان بە ناوی "هەندێک لە ئێمە ڕزگارمان بوو Some of Us Survived " (١٩٧٩)، لە ڕوانگەی ناوازەی کوڕێکی تەمەن نۆ ساڵانی سیڤاسەوە، کە چاودێریی جیهانی پڕ ترس و تۆقینی دەوروبەری دەکات. بیرەوەرییەکانی ئەلیس موگەردیچیان شیپلەی "بەپێیان ڕۆیشتین، پاشان ڕامانکرد We Walked Then Ran" (١٩٨٣)،

هەڵهاتنێکی نائاسایی لە ترسناکی و دڕندەییەکانی تورکیا دەگێڕێتەوە، لە زێدی خۆی لە دیاربەکرەوە بۆ خاربێرت، دەرسیم، ئەرزنجان و ئەرزڕووم، پاشان بۆ تبیلیسی، باکۆ و ئەستراخان، بەرەو سەرەوەی ڕووباری ڤۆڵگا و بە سەر زەریای جەمسەری باکوور و دەریای باکووردا تا گەیشتینە بەریتانیای مەزن و ئازادی.

کتێبەکەی جۆن میناسیان، "هێشتا گرد و چیای زۆر ماون بۆ سەرکەوتن پێیاندا Many Hills Yet to Climb"، لە نووسینی جۆن (هۆڤهانێس)ی خەڵکی گورون و سیڤاس، ئیلهامێکی لە قسەکانی زیندانییەکی بەساڵاچوو لە زیندانێکی تورکیا وەرگرتووە: "ڕەنگە ئێمە ڕزگار نەبین و لە ژیاندا نەمێنینەوە، بەڵام نەوەی ئێوە پەیام و ئەرکێکی هەیە" (میناسیان ١٩٨٦: ٣ – ٤). بەڵێ بانگەواز و ئەرکێکە بە گوێی جیهاندا بدرێت.

بێرتا (بەرجوهی) نەقشیان کەچیان چیرۆکەکەی خۆی لەسەر داوای کوڕ و کچەکەی نووسیوە، "لە سێبەری قەڵادا: جینۆساید لە یادەوەریدا :In the Shadow of the Fortress The Genocide Remembered". لە پێشەکیدا نووسیویەتی: "ئێمەی ڕزگاربووان شایەتحاڵی زیندووی جینۆسایدی ئەرمەنین کە لە لایەن تورکەوە ئەنجامدرا. ئەوەی لەو کاتەدا بە نووسین و وێنە دۆکومێنت کرابوو ئێستا ڕەتدەکرێتەوە و

نکۆڵیی لێدەکرێت" (نەقشیان کەچیان، ١٩٨٨: ٩). بۆیە ئەو خانمە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم نکۆڵیکردنە نووسیویەتی، پێی وایە "دانپێدانان بە تاوانەکەدا قوربانییەکان ناگەڕێنێتەوە، بەڵام هەندێک لە ئازاری زیندووەکان کەمدەکاتەوە" (نەقشیان کەچیان، ١٩٨٨: ١٠).

هۆڤانێس موگردیچیانی خەڵکی لاپاجلی (باغچە) بیرەوەرییەکانی بە زمانی ئەرمەنی نووسیوە و کوڕەکەی، پۆڵ مارتن، لە ژێر ناوی "بۆ ئەرمەنەکان بە خۆشەویستییەوە: بیرەوەرییەک لە نیشتمانم To Armenians with Love, The Memoirs of a Patriot" وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی. پۆڵ مارتن پێی وابوو، "لەپێناو منداڵ و نەوەکانماندا، دەمانزانی کە دەبێت وەشانی ئینگلیزیی هەبێت" (موگردیچیان، ١٩٩٦: ١٧١ – ١٧٣).

لە ڕێگەی ئەم بیرەوەرییانەوە – کە تەنیا چەند نموونەیەکیان لێرەدا باسکراوە – دەنگی نەتەوەی کۆمەڵکوژ کراو و ئازارچەشتوو دەبیستین. هەر چیرۆکێک لەمانە ئەزموونێکی ژیان دەگێڕێتەوە کە بە گشتی لەوی کەسانی تر دەچێت، بەبێ گوێدانە سەرچاوەکەی – جا چ لە سیڤاس، خاربێرت، ئەرزڕووم، حوسەینیگ، مەزرێ، یان هەر شوێنێکی تر بووبێت. لە هەمان کاتیشدا، وردەکارییە ناوازەکانی چیرۆکی هەر نووسەرێک گۆشەیەکی تاریکی تراجیدیای

جینۆسایدی ئەرمەنەکان ڕووناک دەکاتەوە: گەشتێکی پڕ لە ئازار و ئەشکەنجە، یەکەم بەریەککەوتن لەگەڵ بینینی تەرمی بۆگەنکردوو، نیشانەیەکی شوومی چارەنووسی نزیکی کۆتاییان، پاشان ئەو دز و جەردانەی کە هەر شتێکیان پێبوو بۆ خۆیان زەوتیان دەکرد، ئەو چەتە chettes و باندانەی کە جەستە و تەرمی منداڵە بچووکەکانیان دەپلێشاندەوە و کچە جوانەکانیان دەفڕاند و دەستدرێژییان دەکردە سەر کچان و ژنانی گەنج و پیریش و تەنانەت خودی تەرمەکانیش، سکی ژنە دووگیانەکانیان هەڵدەدڕی و کۆرپەلەکانیان دەردەهێنا و بە ئاسماندا هەڵیاندەدان یان بە بەردیاندا دەکێشان و پانیان دەکردنەوە. قوربانییەکان بە دەم ترس و ئازارەوە هاواریان دەکرد و دەیانزریکاند و لێیان دەپاڕانەوە بۆ ئەوەی بەزەییان پێیاندا بێتەوە، زەبتییەکانیش zaptiés (جەندرمە – و) بە خۆشحاڵییەوە تەماشای هەموو ئەم دیمەنانەیان دەکرد یان لە باشترین حاڵەتدا بێباک بوون لە ئاستیاندا، یان تەنانەت خۆیشیان بەشداریی کوشتارەکەیان دەکرد. ئەم چیرۆکانە خوێندنەوەیان ئاسان نییە. ئەم دیمەنە ترسناک و تۆقێنەرانەی کوشتن و ئەتککردن بەوپەڕی خوێنساردییەوە و منداڵانی برسی و زەندەقچوو و ئەو بەدڕەفتاری و خراپەکارییەی ئەفسەرانی تورک دەیاننواند کاتێ کە پڕیان بە کچە ئەرمەنەکاندا دەکرد و دەیانماشینەوە، بەسن بۆ

ئـەوەی خوێنەر بۆ مـاوەی چەند ڕۆژێـک بخەنە حاڵەتی خەمۆکی و شڵەژانەوە. وەک کافکا دەڵێت: "ئەمانە کتێبن، وەک ناڕەحەتییەکی سەختی دەروونی دێنە لای ئێمە و بە توندی ئازاری ناخمان دەدەن، وەک مردنی کەسێک کە لە خۆمان زیاتر خۆشمان دەوێت، وەک خۆکوشتن" (ڕۆزنفیلد ١٩٨٨: ١٨).[٢]

ئەدەبیاتی جینۆسایدی نــەوەی یـەکـەم، شانبەشانی شایەتحاڵی زارەکی یان نووسراو، وەک کەرەستەی خاوی ئیلهامبەخشن بۆ کاردانەوەی ئەدەبی لە لایەن نەوەی دووەم و سێهەمەوە و گۆڕدرا بۆ یادەوەرییەکی داڕێژراو و ڕێکخراو یان ڕۆمان و تەنانەت شیعرێکیش کە فۆرم و شێوازێکی دیاریکراوی هەبێت، کە بە خاسییەتە هونەرییەکانی نووسەر و خەیاڵی دەوڵەمەندی ڕازێنرابێتەوە.

ڕۆمانی "گەشتەکانی Voyages" پێتەر نەجاڕیان (١٩٧١) شانۆی ململانێی ئازاربەخش و هەوڵی ئاشتەوایی نێوان ڕابـردوو و ئێستایە. لێرەدا ڕابـردوو هەمیشە ئامادەیە کە بەردەوام فشار دەخاتە سەر ئێستا و هەوڵی کارەکتەرەکان شکست پێدەهێنێت بۆ زاڵـبـوون بـەسـەر بـەدبـەختـی و ناخۆشیدا، بۆ دۆزینـەوەی ناسنامەی خۆیان و ڕاهاتن لەگەڵ وڵات و نیشتمانی نوێیاندا. هەروەها ڕۆمانی "کچانی یـادەوەری Daughters of Memory"ی نەجاڕیان (١٩٨٦)

دیسانەوە گەڕانێکە بۆ ناسنامە و هەوڵێکە بۆ دەستگرتن بە یادەوەریی جینۆسایدەوە. گفتوگۆ و بیرەوەرییەکانی نێوان کۆمەڵێک پیرەژنی ئەرمەنی کە لە تەمەنی گەنجیدا ئەزموونی جینۆسایدیان کردووە و پاشخان و ئاسەواری مێژووی جینۆسایدی ئەرمەنەکان دەرەخسێنن.

بە هەمان شێوە دەیڤید خێردیان یەکێک لە سەرەتاییترین نموونەکان دەهێنێتەوە: "ڕێگا لە ماڵەوە: چیرۆکی کچێکی ئەرمەنی The Road from Home: The Story of an Armenian Girl" (١٩٧٩)، باسێکی کاریگەرە لەبارەی ڤێرۆن دومێهجیانی گەنج، دایکی دەیڤید و مانەوەی پەرجوو ئامێزی. "ئەفرۆنیا: چیرۆکێکی خۆشەویستیی ئەرمەنی Efronia: An Armenian Love Story" (١٩٩٤) نموونەیەکی ترە. بیرەوەرییەکەی ئەفرۆنیا کاچادۆریان کە نزیکەی ٥٠٠ لاپەڕەیە، لە لایەن کوڕەکەیەوە وەرگێڕدراوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی و دواتر لە لایەن بووکەکەیەوە، ستینا کاچادۆریان، کە غەیرە ئەرمەنی بوو گۆڕدرا بۆ کارێکی ئەدەبیی خەیاڵیی جوان و چیرۆکێکی خۆشەویستیی لێ بەرهەمهێناوە.[٣]

ئەوجا وردە وردە، دوای مردنی دایکەکە و لە ڕێگەی یادگارییە بچڕبچڕەکانەوە کە لە دوای بەجێمابوو، یان بە هۆی سەرنجدانێکی نوێ و ئەو ڕێزگرتنە ئاساییەی کە دەخزێتە ناو دڵی کەسێکەوە بەرانبەر یەکێک لە دایک و باوکی

کۆچکردوو، کوڕ یان کچەکە تەواوی مەودای سەرچاوەی ئەو ئازار و حاڵەتە دەروونییە نادیارەی دۆزییەوە، کەوا باری شانی دایکی هێندە قورس کردبوو.

چیرۆکی "کچێکی هەتیو لە ناو لمدا Orphan in the Sands" (١٩٩٥)ی ڤەرجینیا هارۆتونیان، چیرۆکی دایکی نووسەرە، کە تەنها لە ڕۆژانی کۆتایی ژیانیدا ئەزموونی لێقەومانە تاڵەکەی لە سەردەمی جینۆساید و دوای جینۆسایددا بۆ کچەکەی گێڕاوەتەوە. هەروەها چیرۆکی کچەکەیە، کە لە ڕەفتارە سەیر و نامۆکانی دایکی بێزاری و نارەزایی دەربڕیوە، کە بە درێژایی ژیانی هەوڵی ڕاهاتن و خۆگونجاندنی لەگەڵیدا داوە و لە کۆتاییدا زانیویەتی تومەس ئەوە جینۆساید و لێکەوتەکانیە کە بووە بە هۆی ئەو ڕەفتارە نامۆ و نادیارانەی ژیانی دایکی و ئەمیشی تێکدابوو.

دەیڤید خێردیان باس لە هەمان ئەزموون دەکات لەگەڵ باوکی (١٩٧٠):

**بۆچی تا مردنی تۆ چاوەڕێم کرد**
**بزانم ئەو زەوییەی کە تۆ هەڵیدەگێڕیتەوە**
**ئەرمینیا بووە، ڕەنگی پەرژینەکە**
**ڕێز و شکۆ دانانی بۆ ئەدەنە و گلەیی و سکاڵاکانی ترت**
**لە گلەیی و سکاڵاکانی من، بیرکردن و پەرۆشیت بوو**
**بۆ نیشتمان**

**هۆکاریش زمانە ئینگلیزییەکەی من هێنایە ئاراوە.**

**(خێردیان ١٩٧٠)** [٤]

خێردیان لە چامە شیعرێکی تریدا دیسانەوە باسی باوکی دەکات کە "هەمیشە لە کاتی گەڕانەوەی لە قاوەخانەکەی ڕاسین، نیگا و بۆنێکی جیاوازی لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە بۆ ماڵ:

**ساڵانێک دواتر، بە خوێندنەوەی چیرۆکە شکۆدار و**
**تاڵ و شیرینەکانی نووسەری ئەرمەنیمان لە کالیفۆرنیا[٥]**
**کە وەک مێرمنداڵێکی ڕۆژنامەفرۆش**
**سەردانی قاوەخانەکانی فرێسنۆی کردووە،**
**تێگەیشتم کەوا ئەم کافێیانە**
**ئازار و هیوا تێکشکاوەکان و پڕ ئازارەکانی**
**گەلە هەتیو کەوتووەکەی منیان لەخۆگرتووە.**

**(خێردیان ١٩٧٠)**

ئاگۆپ هاجیکیان کاتێک لە ئەستەنبوڵ گەورە بوو، زۆر کەمی لە ڕابردووی ئەرمەنەکان دەزانی. دایک و باوکی کە هەردوکیان ڕزگاربووی جینۆساید بوون، بێدەنگ بوون و هۆکارەکەیان، وا دیارە نەک تەنیا دەروونی بەڵکو سیاسییش بوو. ڕژێمی نوێ لە تورکیا بە سەرکەوتوویی یادەوەریی مێژوویی هاووڵاتیانی خۆی سەرکوت کردبوو. بەڵام بێدەنگیی بەرچاو و ناوبەناو ئاماژەکردن بە ئاکسۆر

aksor (بە واتای دەربەدەربوون، وەک ڕزگاربووان ئاماژەیان بە ڕاگواستنەکە کردووە) هۆکارێک بوون کە هاجیکیانیان هان دا بۆ نووسینی زنجیرەیەک ڕۆمان دوای دەیان ساڵ و سەرەتا بە" تۆماس" (١٩٧٠) و "Eté sans aube " کە بە ئینگلیزی بە ناوی "هاوینێک بەبێ بەرەبەیان A Summer Without Dawn " (٢٠٠٠) وەرگێڕدراوە. لێرەدا کورتەی ئەو وەڵامانەی تێدایە بۆ هۆکاری ئەوەی کە ڕوویدا و لە سەر دیواری زیندانێکی تورکی هەڵکۆڵراوە: "دادپەروەرەکان بە هۆی ڕەگەز و زمان و باوەڕەکەیانەوە مەحکووم دەکرێن و لێرەدا چاوەڕێی مردنیان دەکەن" (هاجیکیان ٢٠٠٠:١٤٢).

هێلین پیلیبۆسیان دەزانێت کە بەرهەمی ئەزموونی زەبربەخشی دایک و باوکیەتی لەگەڵ نیشتمانی دایکدا، کە لە نائاگاییدا ئامادەیە. لە یەکێک لە کۆمەڵە شیعرەکانیدا بە ناونیشانی "پێچەکانی مێژوو: ئەرمەنەکان :History's Twists The Armenians" (٢٠٠٨) بە ڕێگا سەخت و هەڵەتەکانی مێژووی ئەرمەنستاندا دەڕوات "لەگەڵ چیرۆکەکانی بیابانی دێرەزوردا (دیرالزور) لە ڕۆژگارێکی دوور دوورەوە" دەیباتە پێچاوپێچی "خواستی تێکەڵ و ئاڵۆسکاوی تورک" و "تۆڕی بێڕەنگی جاڵجاڵۆکە"ی پیشان دەدات کە مانەوەی ئەو نەتەوەیە یادکردنەوەی لەسەر بنیاتنراوە.[٦]

بەم ڕێگەیە یان بەویان، تەواوی میللەت کاریگەرییەکانی

قوربانیدانیان هەڵدەگرت. بۆ دیانا دێر هۆڤانیسیان، هەموو ئەرمەن ڕزگاربووی جینۆسایدن. گرنگ نییە مرۆڤ لە ڕێپێوانەکانی مەرگدا ئەندامانی خێزانەکەی لەدەستداوە یان نا. ئەو دەنووسێت:

**ئێمە منداڵی دێرەزورین**

**هەرچەندە دایکت منداڵێکی ساوا بوو**

**لە وۆرسێستەر و سەلامەت بوو**

(وۆرسێستەر: ناوی دوو شارە لە بەریتانیا و ئەمریکا – وەرگێڕ)

**باوکیشت سەربازێکی گەنج بوو لە چیاکانی موراد**

**تۆیش دوای نەوەیەک لەدایک بوویت،**

**. . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . .**

**تەنانەت بەبێ ئەوەی یەک خزمیشت**

**لە کاتی ڕێپێوانەکەدا لە ژیاندا نەبووە،**

**یان لە ڕێپێوانەکەدادەرباز بووە. ئێمە منداڵی دێر زۆرین.**

**ئایا دەکرێت؟**

**(دێر هۆڤانیسیان، ١٩٨٧)[٧]**

ئیلی ڤایزڵ دەڵێت: "بەڵێ، مرۆڤ دەتوانێت هەزار میل لە دووریی پەرستگاکەوە بژی و ببینێت کە دەسووتێت. هەروەها دەتوانێت لە ئاوشڤیتز بمرێت لە دوای ئاوشڤیتز" (بێرگەر و بێرگەر ٢٠٠١: ١).[٨] کاریگەرییە دەروونییەکانی

نەوە دوای نەوە دەتوانێت تێڕوانین و تاکایەتیی نەوەکانی دواتر لە قاڵب بدات و ڕەنگە ئەوەندە قووڵ و کاریگەر بێت کە هەستی مردن لە دێرەزور بەرهەمبهێنێت بەبێ ئەوەی کەسەکە لەوێ بووبێت.

بارگرانیی یادەوەرییە دڵتەزێنەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی کاریگەر گواسترابووەوە، چونکە بە تەواوی لەگەڵ کەشوهەوای خێزان و پەیوەندیی دایک و باوک و منداڵەکانیان دەگونجێت کە ئەو نەوەیەی لە ڕزگاربووانی جینۆسایدەکە لەدایک بووە ئەزموونی کردووە. ئەنجامەکەشی بەرهەمێکی بچووک بەڵام بەنرخ بوو لە ئەدەبیاتی جینۆسایددا. کاردانەوەکانی نەوەی سێیەم لە دووریی کات و شوێنەوە بەبێ ئەزموونی ڕاستەوخۆی جینۆساید، بە پاڵنەری ئازارێکی بە میرات بۆمانەوە یان ڕابردوویەکی لەناکاو دۆزراوەوە داڕێژراوە، کە کاریگەریی فاکتەرە جیاوازەکانی کولتووری، ئایینی، ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی هەڵدەگرن و لە چوارچێوەی ئاستە جیاوازەکانی لێهاتوویی و تێگەیشتن لە شیعرییەتی جینۆسایددا. ئەم کاردانەوانە بە پاڵنەری جۆراوجۆر هەوڵی دەرچەیەک دەدەن بۆ سووککردنی ئەو ئازارەی نەوە لە دوای نەوە بە میرات ماوەتەوە، یان هەوڵ دەدەن کەوا زۆرترین بەڵگەی واقیعی بسەلمێنن بۆ

بەرەنگاربوونەوەی نکۆڵییەکان یان نائومێدیی بەردەوامی نووسەرەکە دەردەبڕن لە ستەمی نەبڕاوەی نادادپەروەری و بێدەنگیی جیهان. نادادپەروەری و پیلانگێڕی و بێدەنگیی جیهان. بە هەموو پێوەرێک، ئەم وەڵامانە دەنگدانەوەی دەروونیی بەکۆمەڵی نەتەوە دەگرێتەوە کە بە هۆی توندوتیژی، ئازاری پەرشوبڵاو بوونەوە، کاریگەرییەکانی لۆمە و گوناهبارکردنی خود، گەڕان بە دوای ناسنامە یان ململانێی ڕووبەڕووبوونەوەی جووت شوناسی، کاریگەرییەکانی ڕۆڵی ڕابردوو و ئێستای تاوانباران و تەماشاکەرانی جیهان.

بۆ ڕوونکردنەوەی دید و بۆچوونی خۆم، لێرەدا دەمەوێت تیشک بخەمە سەر سێ نموونەی پاڵنەر و ئامانج سەبارەت بە نووسەرانی نەوەی سێیەم.

### ئەرکێکی خۆبەخۆ

کارۆڵ ئێدگاریان لە کتێبی "هەڵسانەوەی فورات Rise the Euphrates"دا (١٩٩٤)، زیرەکانە ڕاستییەکانی جینۆسایدی ئەرمەن و ئەزموونی زەبربەخشی نەوەی ڕزگاربووان لەگەڵ ئەو سەرنجڕاکێشانە و چەژ و دەرفەت فرەڕەهەندیی کولتووری ئەمریکی تێکەڵ دەکات کە دەکرێت پێشکەشی هەرزەکارانی ئەرمەنی نەوەی سێهەمی بکات (ئێدگاریان،

١٩٩٤). لە کارەکانی ئێدگاریاندا بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ئەم نەوەیەی ئەرمەنی لەدایکبووی ئەمریکا چەندە بە قووڵی لەگەڵ کولتوور و شێوازی ژیانی ڕەوتی سەرەکیدا ئاسیمیلە بووبێت یان توابێتەوە و چەندە لە ڕابردووی ئەرمەنی دوورکەوتبێتەوە، بەڵام هێشتا هەر شوێنەواری برینەکانی جینۆسایدەکەی هەڵگرتووە. هەڵبەت کارەکانی ئەم خانمە نووسەرە وەک قەڵایەکی قایم لە دژی نکۆڵیکردن وەستاوەتەوە.

مای ئێم. دەرداریان بە دەنگی داپیرەی قسە دەکات، خەیاڵ و لێهاتوویی هونەریی خۆی دەخاتە سەر بۆ دروستکردنی بەرهەمێکی هونەری"ڤێرجین: ڕزگاربوویەک لە جینۆسایدی ئەرمەنەکان Vergeen: A Survivor of the Armenian Genocide" کە بەپێی بنەمای بیرەوەرییەکی ڤەرجینیا مێغرونی دروستکراوە. پاڵنەری نووسەر بۆ دەستپێکردنی پرۆژەیەکی وەها قورس، تەنیا گێڕانەوەی چیرۆکی داپیرەی نەبوو، بەڵکو، "خۆ نوقمکردنی خوێنەر بوو لە چیرۆکەکەیدا و پووچەڵکردنەوەی ئەو پێداچوونەوەیە مێژووییانەی کە نکۆڵی لە ڕاستییەکانی هۆلۆکۆستی ئەرمەن دەکەن و دەیانشێوێنن". ئەو بە چیرۆک و بەسەرهاتەکەی هاوار دەکات بۆ جیهان و بۆ نکۆڵیکاران" من لەوێ بووم! شایەتحاڵ بووم! قوربانی بووم!" (دەرداریان ١٩٩٦).

"هێڵەکان بە ناو لمدا Lines in the Sand"، ڕۆمانێکی تۆماس ئە. ئۆهانیانە، بە ناونیشانێکی لاوەکییش "عەشق، کارەسات و جینۆسایدی ئەرمەنەکان Love, Tragedy, and the Armenian Genocide"، کە بەپێی تێبینیی نووسەر "بەرهەمێکی گێڕانەوەیە لە پاشخانی مێژوودا". ئەوە وێناکردنی جینۆسایدی ئەرمەنە لە شێوەی خەیاڵدا و تێیدا کەسایەتییە گشتییەکان لە ڕۆڵی مێژوویی خۆیاندا دەردەکەون لە کاتێکدا کارەکتەرە خەیاڵییەکان دیمەنەکە پڕ دەکەن لەگەڵ پەرەسەندنی چیرۆکی وێرانکەری جەنگی جیهانی یەکەمدا. جێگای سەرنجە، ڕۆمانەکە بە بیرهێنانەوەی لێدوانەکەی هیتلەر کۆتایی دێت، کە ئەمڕۆ لەناوبردنی ئەرمەن بیردێنێتەوە و هەواڵی کوشتنی جوو بە گوێی ئامادەبوواندا دەدا و پاشان ناوبڕێکی تر: "هێڵە ڕەشە بچووکەکانی هەواڵی ڕۆژنامەکان بوونە ئەو شەمەندەفەرانەی کە جووەکانیان هەڵگرتبوو، بە ناو دارستانە چڕەکاندا دەجووڵان و ئەو لقانەیان دەشکاند کە کەوتبوونە سەر بەفرەکە. لەگەڵ لاربوونەوەی پێچکەکان بە سەر هێڵە ئاسنەکەدا شەمەندەفەرە پێچکردووەکە بوو بەو خەڵکانەی کە دەجووڵان و بە بیاباندا ڕێیان دەکرد و ڕیزەکانیان بووبوو بە هێڵ لە ناو لمدا" (ئۆهانیان ٢٠٠١: ٣٠٠). ئاشکرایە کە ئەم ڕۆمانە بیرخستنەوەیەکە بۆ جیهان

کە لەبیرچوونەوەی دڕندەییەکانی ڕابردوو باشترین هاندەرە بۆ ڕوودانی دڕندەیی تر لە داهاتوودا.

مەریەم مەنووکیان و کچەکەی، ئەلیزەی تەمەن ١٣ ساڵ، ئەرکێکی جیاوازیان هەبوو کاتێ دەستیان کرد بە هەڵدانەوەی لاپەڕە کۆنەکانی ئەو بیرەوەرییانەی کە هیرانوشی داپیرەی مەریەم بەجێی هێشتبوون کاتێ تەمەنی ١٣ ساڵ بووە و لە گێژاوی بەرگریکردن لە وان و گەشتە پڕ ئەشکەنجە و ئازارەکەی تەواوی دانیشتووان بۆ ڕۆژهەڵاتی ئەرمینیا لە کاتی جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا گیریانخواردبوو: "لەودیوی چیای ئاراراتەوە، چیرۆکی شارێکی لەناوچوو On the other Side of Mount Ararat, a Story of a Vanished City" (٢٠٠٥). ئەم تیمی دایک و کچە مەبەستیان بوو بۆ خوێنەری گەنجی ئینگلیزی زمان بنووسن بۆ ئاشناکردنیان بە مێژووی ئەرمەن و جینۆساید.

## دۆزینەوەیەکی لەناکاوی ڕابردوو

کتێبی "سەگی ڕەشی چارەنووس Black Dog of Fate" لە نووسینی پیتەر باڵەکیان (١٩٩٨) نموونەیەکی نایابە بۆ گەشتێک لە ڕابردوودا دوای دۆزینەوەی لەناکاوی نهێنییەکی خێزانیی بەستراو بە جیهانی کۆنەوە. ئەمەش پاڵنەرێکی باڵەکیان بوو بۆ ئەوەی مێژووی جینۆسایدی

ئەرمەن تۆمار بکات. ئەنجامی کارەکەش تێکەڵەیەک بوو لە بیرەوەری و بەڵگەنامەسازی و بووە بە سەرچاوەیەکی بەهادار و سەرنجڕاکێش بۆ ئەرمەنەکانی نەوەی نوێ و کەسانی غەیرە ئەرمەنیش. ئەم کتێبە وەک نووسەر خۆی باسی دەکات "بیرەوەرییەکی فرە دەنگ و فرە چینە" کە تێیدا "دۆزینەوەی کەسی و مێژوو تێکەڵ دەبن".[٩] لێرەدا، پێکهاتەی ئەرمەنی وردە وردە لە بۆشاییەکی بیرەوەریی تەمومژاوییەوە دەردەهێنرێت بۆ ئەوەی ببێتە ڕەهەندێکی گرنگ لە خودناسیی ئەرمەنە ئەمریکییەکاندا.

ئەم تێهەڵکێشە مێژووییانە نموونەی زیندوون بۆ جێگیرکردنی مێژوو و یادەوەری لەگەڵ یەکتردا و لە پاڵ گۆڕانکاریی زەق لە شێوازدا و واقیعییەتی ڕەگ داکوتاو لە یەکێکیاندا و ڕازاندنەوەی خەمناکی ئەویتریان، ئەمە جیاوازیی نێوانیان دەردەخات لە داڕشتنی وێنەی جینۆسایدی ئەرمەن لە زەینی خوێنەردا. ئەمە بەهای ناوەکیی خەیاڵی جینۆساید یان شیعری ڕەمزییە بۆ تێگەیشتن لە جینۆسایدی ئەرمەن و وەک کەرەستە و ئامرازە ڕوونکەرەوەی ڕاستییە گشتگیرەکان کە لە ڕەگ و ڕیشەی ڕاستییە مێژووییەکاندا جێگیرن و ڕەوشە لەبیرنەکراوەکان دەخەنە چوارچێوەی تێڕوانینێکی مرۆڤانەوە (پیرومیان ١٩٩٦: ٢٢ – ٢٥). زۆرێک لە مێژوونووسان ڕۆڵی ئەدەبیاتی هونەری لە هاوکاریکردنی

خوێنەران بۆ تێگەیشتن لە ناوەرۆک و مانای ڕووداوێکی مێژوویی ڕەتدەکەنەوە. یوسف حاییم یەروشالمی بە نارەزاییەوە ڕایدەگەیەنێت کە "هۆلۆکۆست لێکۆڵینەوەی مێژوویی زیاتری لە هەر ڕووداوێکی مێژووی جووەکان بە دوای خۆیدا هێناوە، بەڵام بە ڕەهایی گومانم لەوە نییە کە وێنەکەی نەک بە سوودی مێژوونووس، بەڵکو لە پۆتەی ڕۆماننووسدا دادەڕێژرێتەوە و لە چوارچێوە دەدرێت" (لانگەر ١٩٩١: ٥١). ڕەنگە مێژوونووسان لەگەڵ ئەوەدا ناکۆک بن و میتۆدی مێژوونووسیی ڕەتبکەنەوە، بەڵام بەڵگەنامە و ئامار و داتاکان چیرۆکەکە بەتەواوی ناخەنە ڕوو. چونکە بەبێ خوێندنەوەی بیرەوەری و ئەدەبیاتی هونەری و گێڕانەوەی شایەتحاڵەکان ناتوانرێت جیهانی جینۆسایدی ئەرمەن بەتەواوی بەرجەستە بکرێت.

گەشتە سەرسوڕهێنەرەکەی ڤیکی سمیس فۆستۆن بۆ ناو ڕابردوو نموونەیەکی ترە. ئەو دەست دەکات بە پەردەلادان لەسەر نهێنییەکی خێزانی کە بە باشی پارێزراوە و نیو سەدە پێشتر خۆکوشتنی داپیرەی، ڤیکتۆریا (کە هاوناوی خۆیشیەتی). فۆستۆن لە درێژەی لێکۆڵینەوە وردەکەیدا، ئەو ڕاستییە سەرسوڕهێنەرەی بۆ دەردەکەوێت لەبارەی ڕەگ و میرات و پێشینەی خۆیەوە. بە پێچەوانەی ئەو زانیارییە درۆیانەی کە بۆی دەگوازرێتەوە سەبارەت بەوەی باپیرەی

باوکی فەرەنسییە و خێزانی دایکی لە ئیتاڵیاوە سەرچاوەیان گرتووە، بۆی دەردەکەوێت کە باوباپیرانی لە مووشەوە هاتوون کە ئەرمەنی خوێن پاکن و لە چەوساندنەوە و کۆمەڵکوژییەکانی تورکیا لە ساڵانی ١٨٩٤ - ١٨٩٦ ڕزگاریان بووە. کتێبی "نهێنیی ڤیکتۆریا: پیلانگێڕییەکی بێدەنگی "Victoria's Secret: A Conspiracy of Silence (٢٠٠١) باس و گێڕانەوەی ڕزگاربوویەکی جینۆساید نییە، بەڵکو چیرۆکی خێزانێکی کۆچبەرە کە تێیدا ململانێی نێوان لەبیرکردنی ڕابردوو و ئاسیمیلەبوون بە کۆمەڵگە لە لایەک و پابەندبوون بە ناسنامەی نەتەوەیی و نەریتەکان لە لایەکی ترەوە، شەڕی خێزانیی دروست دەکات کە بە شێوەیەکی مەترسیدار قووڵتر دەبێتەوە. هەرچەندە ئاسیمیلەکردن ئامانجی بنەڕەتییە، بەڵام شانازیی نیشتمانی و هۆشیاریی نەتەوەیی خۆیان لە کردەوە و ڕەفتارەکاندا دەنواند، یان لە پرۆژەیەکی خێزانی و کارێکی هونەریی بەکۆمەڵدا، یان لە تابلۆیەکی بە مووروو چنراو وێنای دایکی ئەرمینیا دەکات کە ماتەم بۆ وێرانەکانی نیشتمان دەگێڕێت و دەلاوێنێتەوە، یان لە تابلۆیەکی سروشتی ئەرمینیادا بەرجەستە دەبێت کە چیای ئاراراتی تێدا دەربکەوێت.

لە درێژەی هەوڵەکانی فۆستۆندا، چیرۆکی گەلی ئەرمەن و پرۆسەی لەناوبردنی دانیشتووانی ئەرمەن لە

ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا دەردەکەوێت. بەڵام ئەم چیرۆکە لاوەکییە لە چوارچێوەی چیرۆکە سەرەکییەکەدا دەرفەتی گەشەکردنی پێنادرێت، چونکە بە هەڕەمەکی و لە شێوەی بیرهێنانەوەی نەریتێکدا ئەنجام دەدرێن کە لە لایەن دایکیەوە، داپیرە گەورەی فۆستۆن، بۆ داپیرە نهێنییەکەی نووسەرەکە گواستراوەتەوە. ئەم بڕگانە کە تا ڕادەیەک وەک وانەکانی مێژوو دەردەبڕدرێن کە نووسەر خۆی فێریان بووە، خۆشبەختانە تا ڕادەیەک کورتن و زۆر لە پێکهاتەی پتەوی ڕۆمانەکە کەم ناکەنەوە. تێبینی دەکرێت هەمان تەکنیک لە ڕۆمانی "سەگی ڕەشی چارەنووس"ی پیتەر باڵەکیان (١٩٩٨)دا، ڕەوتی نەرمی گێڕانەوەکە دەشکێنێت.

بیرەوەرییەکان زیاتر جێی متمانە دەبن و بە شێوەیەکی نەرم و سروشتیتر دەبن کاتێ فۆستۆن پشت بە یادەوەرییەکانی ڕزگاربووانی جینۆساید دەبەستێت، لەوانەی کە لە شاری فریسنۆ دەژیان و زۆرجار ژن و منداڵی پەنابەر لە شەقامەکاندا کۆدەبوونەوە بۆ گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهاتەکانیان لەبارەی برسێتی و دەستدرێژی و کوشتن و دەرد و ئازارەوە و لە سەرووی هەمووشیانەوە پێداگری و ئیرادەی خۆیان بۆ مانەوە. ڤیکتۆریا، داپیرە نهێنییەکەی فۆستۆن، لە گۆڕەکەیەوە دەڵێت: "من لەم چیرۆکانەدا نوقم بووم وەک ئەوە وایە کە هی خۆم بن" و بەردەوام دەبێت،

"دڵنیام ئەم کۆمەڵە خێزان و هاوڕێیانە درکیان بە مەودای کاریگەریی ئەم وێنانە نەکردووە لەسەر ژیانم" (فۆستۆن ٢٠٠١: ٩٥). ئـەم ڕستە سەرەکییە واقیعی کاریگەرییە دەروونییە بەربڵاوەکەی جینۆسایدی ئەرمەنەکان بەرجەستە دەکات نەک تەنها بە مانای گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بەڵکو بە مانای بڵاوبوونەوەی ئاسۆییش دێت، واتە ئەو ئەرمەنانەش دەگرێتەوە کە ژیانیان ڕاستەوخۆ کاریگەر نەبووە بە کارەساتەکە.

میشێلین ئاهارۆنیان، مـارکۆم، لە ڕۆمانەکەیدا "سێ سێو لە ئاسمانەوە کەوتنە خـوارەوە Three Apples Fell from Heaven" (٢٠٠١) شایەتیی ئەوە دەدات کە دایکی لە بەیرووت لەسەر چیرۆکەکانی جینۆساید گەورە بووە. "دوای نیوەڕۆکان لە سەردەمی منداڵیدا بە گوێگرتن لە دایکی و خانمەکانی تری گەڕەکەکەی بەسەردەبرد کە چیرۆکی ستەمکاری و دڕندەییەکانیان دەگێڕایەوە".[١٠] دایکی میشێلین هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەمریکییەک کرد و بەشێکی بۆ ئەوەی جیهانی کۆن بەجێبهێڵێت ڕووی لە ئەمریکا کرد و بە عادەت خۆی لە باسکردنی ئەو چیرۆکە خەمناک و ئازاربەخشانە بـەدوور دەگـرت کە لـەسـەریـان پــەروەردە بـووبـوو، کە ئەمەش کاردانەوەیەکی ئاسایی نەوەی دووەم بوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ناوبەناو هەندێ ڕستەی لە دەم دەهاتە

دەرەوە: "تورکەکان نینۆکیان دەرهێنان و لە بنی پێیەکانیان دەدا... سکی کچانی دووگیانیان هەڵدەدڕی و منداڵەکانیان لێ دەردەهێنان. نانێ [داپیرەی میشێلین] بینیونی کە تا دەمردن نەیاندەهێشت لە ڕێکردن بوەستن". میشێلین زۆر کەمی لەبارەی خێزانەکەی و مێژووی گەلەکەیەوە دەزانی و دەڵێت ئەوە هۆکارێک بووە کە دەستی کردووە بە نووسینی ئەوەی کە دەبێتە یەکەم ڕۆمانی. "پێویستییەکی لەڕادە بەدەرم هەبوو بۆ زانینی مێژووی خێزانەکەم، بۆ ئەوەی شوێن و ڕێی خۆم بزانم". ئەو دەیویست دنیای پشت ئەو دەستەواژانەی لێرە و لەوێ لەسەر داپیرەی بیستبوونی پڕبکاتەوە، ئەو ژنە ئازایەی کە لە تەمەنی زۆر گەنجیدا ڕێپێوانەکانی مردنی ئەزموون کردبوو و خوشکەکەی و سێ برا لە خۆی بچووکترەکەی ڕزگار کرد و لە بەیرووت پەروەردەی کردبوون، دەیویست دەربارەی خاربێرت و مەزرێ بزانێت کە داپیرەی ناوی لێنابوون ماڵ و نیشتمان.

بە پێچەوانەی چیرۆکی ژیانی ڕزگاربووانی تر، کە خەیاڵکرد بوون یان بەردەوام گێڕدراوەنەتەوە، ئەوە کتێبی "سێ سێو لە ئاسمانەوە کەوتنە خوارەوە". گێڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆ نییە سەبارەت بە مانەوەی ئەناگویل (نانێ)ی داپیرەی میشێلین، بەڵکو تابلۆیەکی ئەبستراکت و ئاڵۆزە کە دەنگی مردوو و زیندووەکان تێکەڵاو دەبن بۆ

وەبیرهێنانەوەی تابلۆیەکی ئەبستراکت لە ئازار و مردن. لەم گێڕانەوەی فرە ئاستەدا، تووشی چیرۆکی سەرکیس دەبین کە وردە وردە لە ژێرزەمینە تاریکەکەدا شێت دەبێت کە دایکی لە جل و بەرگی ژنانەدا شاردوویەتیەوە بۆ ئەوەی ئەم دوا کوڕە تاقانەیەی لە جەندرمەکان ڕزگار بکات. ئێمە هاوبەشی هەستی کامیلین، ئەو سەربازە تورکەی کەوا گرفتاری سەرمای زستانی سەختی بەرەی ڕووسیا بووە. کامیل بە ئەرکی خۆی دەزانێت شەڕ بۆ نیشتمانەکەی بکات، بەڵام هیچ ئارەزووی داگیرکردنی خاکی ڕووسیای نییە. ئەو دژی کافرەکان شەڕ دەکات، ئەرمەنە کافرەکانی ئەنەدۆڵ، کە "لە شەڕدا چوونەتە پاڵ دوژمنە سەرسەختەکەمان و هەوڵیان دا لە پشتەوە هێرش بکەنە سەر سوپاکەمان... ئەوانەی کە لە سایەی سەروەت و سامانی ئێمەدا دەوڵەمەند بوون. ئەوان چاوچنۆک بوون و بازرگانی هەلپەرست بوون. ئەوانە خەنجەر لە پشتی ڕووتمان دەدەن و بە پێی قڵیشاوی ئێمە پێدەکەنن. ئێمە یۆنان و بولگاریا و سربیامان بۆ مەسیحییەکان لەدەستدا. ئاخۆ جارێکی تر برایانمان لەدەست بدەین؟" (مارکۆم ٢٠٠١: ١٢٤). کارەکتەرێکی تر ڕاشێڵە کە چیرۆکە خەمناکەکەی شێوازێکی تری دەرد و مەینەتی دەخاتە ناو تابلۆکەوە. چارەنووسی ئەو بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لە چارەنووسی هاوناوەکەی دەچێت لە کتێبی

پیرۆزدا، کاتێ سوێندی بۆ یاقووب خواردبوو کە "بێ منداڵ و وەچە دەمرێت و هەر وابوو لەسەر تەختی منداڵبوون مرد". لە ڕۆمانەکەدا ڕاشێڵ ئاگاداری ئەو نەریتەیە و نوقمی بیرکردنەوەیەکی قووڵ دەبێت و لەم کاتەدا خۆی هەڵدەداتە ناو بیرێکی تاریکەوە و دەمرێت. "چۆن ناوەکەم فشاری خستبووە سەر پێستم، بە قووڵی تا سەر ئێسقان" (مارکۆم ٢٠٠١: ٣٦). ترادیسیۆنی کریستیان و جوو لە زەینی قوربانییەکاندا زۆر زیندووە و لە کاتی مردندا دەبێتە تاکە سەرچاوەی مانا و لێکدانەوە. کاتێک سەرکیس، ئەو گەنجەی لە ژێرزەمینەکەدا خۆی حەشاردابوو، هەوڵدەدات مانا لەو دڕندەییەدا بدۆزێتەوە کە گەلەکەی تووشی دەبن، دیسانەوە لێکدانەوەیەکی کریستیان – جوو بۆ کارەسات لە چەمکی گوناە و سزادا خۆی دێنێتە پێشەوە:

"ئایا ئێمە گوناە و خراپەیەکمان کردووە کە شایستەی ئەم چارەنووسە بین؟" (مارکۆم ٢٠٠١: ٤٦). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرکیس پابەند نییە بە تەواوی باوەڕ بەو لێکدانەوەیە بکات، تەنانەت ئەگەر خواستی خوداشی لەسەر بووبێت و تورکەکان تەنها جێبەجێکاری ئەو خواستە و ئامرازی سزاکە بن. ئەی باشە ئەوە چییە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی تاوانێکی لەو شێوەیە؟ ئاخۆ چەند ڕقیان لە ئەرمەنەکان بێت بۆ ئەوەی بتوانن دراوسێیەکی خۆیان

بکوژن کە نانیان لەگەڵیان بەشکردووە، بۆ کوشتنی مەعمیل و کڕیارێکی دڵسۆز کە بەردەوام سەردانی دوکانەکەیان دەکرد، بۆ کوشتنی هاوڕێیەکی خوێندکاری کۆلێج کە لەگەڵیدا دانیشتبوون و خوێندوویانە، یان پێکەوە سەیری یاریی تۆپی پێیان کردووە، یان شیعری ویتمانیان هاوبەش و ئاڵوگۆڕ کردووە کە هەردوکیان شەیدای بووبوون.

پاشان هاگۆپ، قوربانییەکی دیکەی ستەم و نادادپەروەری، لەگەڵ کەسانی تری وەک خۆی، دەستی بەستراو لە بنکەی پۆلیس وەستاوە، نازانێت بە چ تاوانێک دەستبەسەر کراوە. ئەمە دیمەنێکی ئاسایی بوو لەو ڕۆژانەدا، بەڵام خەیاڵی میشێلین باڵ دەگرێتەوە بۆ ئەوەی فۆرمی هونەری ئەبستراکتی پێبدات. هاگۆپ گوێی لە چرپەی پیاوەکان دەبێت، "نەک ئەو پیاوە دەست بەستراوانەی کە لە تەنیشتیەوە وەستاون، بەڵکو ئەو پیاوە ئەرمەنانەی کە چەندین سەدە نیشتەجێی ئەم دۆڵ و هەردە و دەشتانە بوون و پێی وابوو گوێی لە ڕۆحە بێ دەست و پێ براوەکانیان دەبێت لە شەوێکی بەهاریدا پێی دەڵێن: براکەم، ئاخۆ باوەڕ دەکەیت کە چەند هەزار ساڵێک لە مێژوو هیچ جیاوازییەک بۆ پیاوە چەکدارەکان دروست بکات؟" (مارکۆم ٢٠٠١: ١٠٣).

سەرکەوتنی ئەم بیرەوەرییانە کەوا کراون بە ڕۆمان و شیعر و پەخشان و ژانرەکانی تری ئەدەبی جینۆساید

دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ ئەوەی کە لە چوارچێوەی نەریت و کولتووری ڕۆژئاوادا بەرهەم بهێنرێن، کە بە تام و چێژ و ئارەزووی ڕۆژئاوایی و ئارەزووی چیرۆکە ترسناکەکان لای ئەوان پەسەندە و شاعیر یان نووسەری نەوەی سێیەم شارەزان لەم چەشنە پێوەرانەدا. هەروەک ئارپینێ کۆناڵیان گرێنیەر دەڵێت، نووسەری نوێ "ڕووبەڕووی کارەسات دەبێتەوە و قبووڵی دەکات و ماتەمی بۆ دەگێڕێت و تێیدەپەڕێنێت". بەڵام دواتر دەشڵێت بەهەرحاڵ: "شتێکی ئاسان نییە ڕووبەڕووی هەستەکان ببیتەوە و بە شێوەیەکی ڕاستگۆیانە بێ خەوش دەریببڕیت" (گرێنیەر ١٩٩٣: ٢٦ – ٢٧). بە ڕاستی ئەرکێکی قورسە، چونکە هەندێک جار مەحاڵە خۆت ڕادەستی لێشاوی هەست و سۆزی سەرکوت نەکەیت. ئەمەش دەمبات بۆ ڕەگەزێکی تر لە وەڵامەکانی نەوەی سێیەمدا.

## لە چنگی ڕابردوودا

لیۆناردۆ ئەلیشان، نووسەری نەوەی سێیەمی ئێرانی – ئەرمەنی – ئەمریکی، هەرگیز نەیتوانی ترجیدیاکەی داپیرەی تێپەڕێنێت، یان باشتر بڵێین هەوڵی تێپەڕاندنی نەداوە، ئەو تراجیدیایەی کە لە تەمەنی نۆ ساڵیدا بوو بە چارەنووسی. بەهێزترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەبارەت بە "نەنکی" و

"شایەتحاڵی ئازارەکانی" ئەون. ئەو هاوبەشی ئازار و مەینەتییەکانیە و بەشێکە لەو ئازارانە: "هەوڵ دەدەم ببمە شایەتحاڵی ئەو کارەساتە کە لە ژوورێکی نەخۆشخانەی لەندەن لە ساڵی ١٩٧٨دا گەیشتە لووتکە، کاتێ نەنکم لە پێش مردنیدا سوارە تورکەکانی لە چواردەوری جێگا خەوەکەی بینی کە لەسەری ڕاکشابوو. بەڵام، بەداخەوە، من شایەتحاڵ نەبووم. من کارەکتەرێکی گیرخواردووی ئەو شانۆگەرییەم کە قەتاوقەت ناگاتە هاوسەنگیی خۆی" (ئەلیشان ١٩٩٢ :٣٥٢). ئەلیشان بە گیرۆدەبوونی چنگی مۆتەکەی جینۆساید مایەوە. نەنکەکەی، "گایانێ، شەهیدی زیندوو"، وەک ئەوەی وێنای کردبوو، ژیانی و هەست و سۆزی بەڕێوە دەبرد. ئەو لە خەونەکانیدا، لە بیرکردنەوەی کاتی بەئاگابوونیدا، ئامادەگییەکی بەردەوامی هەبوو. لە ڕێگەی داپیرەیەوە بوو، وەک زۆربەی نووسەرانی نەوەی سێهەم، ئەلیشان ئازاری ئەرمەنەکانی دەبینی، کە جینۆسایدە:

**لە ناوەندی خەونەکەمدا**
**کەنیسەیەکی بەردین هەیە لە وان**
**لە دەرەوە کڵۆم و مۆر کراوە**
**هاوار هاوار و دووکەڵە لە ناوەوە،**
**ئەوە کۆبوونەوەی گەلی ئەرمەنە**
**مۆمەکان بە گۆشتی لاشەیان ئاڵوگۆڕ پێدەکەن.**

**لە خەونمدا کەنیسەیەک هەیە**
**بە ئێسکی خواوەندە مردووەکان و**
**نوێژی ساواکان و تووتییەکان دروستکراوە**
**هەمیشە، بە درێژایی شەو، لە بڵێسەی ئاگردایە**
**بەڵام هەرگیز بناغەکەی ناسووتێت.**
**لە کەنیسەکەدا پەیکەرێکی مەریەم دەسووتێت**
**لەگەڵ دەموچاوی نەنکم، مۆم دڵۆپ دڵۆپ**
**بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارەوە، بەسەر پێستی خەونەکانمدا.**
**(ئەلیشان ٢٠٠٢)** [١١]

لیۆناردۆ ئەلیشان خۆی قوربانییەکی جینۆسایدی ئەرمەنەکان بوو کە تا مردن/ خۆکوشتنی دڵتەزێنی لە ساڵی ٢٠٠٥دا، مەزنی و شکۆی ئەو ڕابردووە زەبربەخشەی لەسەر هەردوو شانە لاوازەکانی هەڵگرتبوو کە لە داپیرەیدا بەرجەستە بووبوو.

**... بێهیوا بەدوای هەندێک سێبەردا دەگەڕێم**
**لەم بیابانە خۆڵەمێشییەی مانگی نیساندا**
**بۆ ئەوەی نەنکم دابنێم و پشوو بدات**
**ئاخر ئەو قورسە و من ئێستا پیر بووم و**
**هەست بە ماندوێتی دەکەم.**
**پێناچێت مەسەلەکە هێندە گرنگ بێت**
**کە من سەرەتا نەنکم لە کۆڵ دەکرد**

**کاتێ ئەو لەڕ و لاواز و چواردە ساڵ بوو**
**منیش بەزەحمەت تەمەنم دەگەیشتە نۆ ساڵ.**
**(لە شیعرێکی بڵاونەکراوەی ساڵی ٢٠٠٢)** [١٢]

دووبارە زیندووکردنەوەی یادەوەریی کارەساتبارانەی جینۆسایدی ئەرمەن، هەرچەندە لەوپەڕی توندیی خۆیدا نەبوو، ئەوەندەش کاریگەرییەکەی وێرانکەر بوو وەک بۆ ڕزگاربووانی نەوەی یەکەم، بەڵام بۆ نەوەکانی دواتر گواستراوەتەوە و ئیلهامبەخشە بۆ بەرهەمهێنانی داهێنانی ئەدەبی. ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە جینۆسایدەوە وەک وێنەی پارچەپارچە دەردەکەون کە خۆیان بەسەر ژیانی ڕۆژانەدا دەسەپێنن لە جیهانی نوێدا (واتە ئەمریکا – و). زۆرێک لە شیعرەکانی پیتەر باڵەکیان لە دیوانەکەیدا "ڕۆژە خەمناکەکانی ڕووناکی Sad Days of Light" (١٩٨٣)دا ئەم دووانەییە (دوالیزمە) وێنا دەکەن. لە ڕێگەی تێکەڵکردنی وێنەکانی ڕابردوو و ئێستاوە، باڵەکیان ڕووداوەکانی ساڵی ١٩١٥ لە زەین و مێشکی داپیرەیدا تۆمار دەکات (شیرینیان ١٩٩٠: ١١٠ – ١١٥).

## ئەنجام

نووسەر و ڕەخنەگری ئەرمەنی ئەمریکای باکوور، لۆرن شیرینیان تێبینی ئەوە دەکات کە "ساڵی ١٩١٥ وەک هێمایەک کار دەکات کە لە ڕێگەیەوە ئەرمەنەکان زانیارییان لەسەر خۆیان هەیە و خۆیان دەبینن. چونکە پاش ڕزگاربوونیان لە جینۆساید، نەک هەر دەبێت باوەڕیان بە خۆیان هەبێت، بەڵکو دەبێت قەناعەت بە کەسانی تر بکەن کە باوەڕیان بە بوونیان هەبێت. ئەدەبیاتی ڕەوەندی ئەرمەنی دەربڕینێکە بۆ ئەم پێویستییە" (شیرینیان ١٩٩٠: ٦٠).

لە ڕاستیدا گەڕان بەدوای ناسنامە و خودشوناسیدا ئەدەبیاتی خەیاڵی بە ڕێڕەوی ڕێگا جیاوازەکاندا دەبات، بەڵام جینۆساید و بنیاتنانەوەی یادەوەرییەکەی وەک مۆتیڤێکە لە ناوەڕۆکدا دەمێنێتەوە. ئەمە لە دۆخی نووسەرانی ڕزگاربووی نەوەی دووەمدا ڕاستە و نموونەکانیش زۆرن. بەڵام چڕیی ئەم ململانێیە بۆ ناسنامەیەکی ئەرمەنی، مەرج نییە لە هەموو پێکهاتە ئەمریکی - ئەرمەنەکاندا بە هەمان ڕادە بوونی هەبێت. لە هەندێک حاڵەتدا خەبات تەنیا خەباتی دەستەبژێری ڕۆشنبیرە و برینی جینۆساید لە ڕێگەی ئەو کارە ئەدەبیانەوە دەردەکەوێت کە بەرهەمی دەهێنن. نەوەی سێیەم هێشتا هەر لەو ململانێیەدا گیرۆدە بووە و وەڵامەکانیان لە هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەی جینۆسایدەوە سەرهەڵدەدەن

بۆ ئەوەی کاریگەرییە مێژوویی و دەروونییەکەی تێبگەن و یادەوەرییەک بپارێزن کە پەیوەندیی بەو جینۆسایدەوە هەبێت و بیانناسێنێت پێی. لەم چوارچێوەیەدا پێمخۆش بوو دەرفەتم هەبوایە بۆ باس و گفتوگۆکردن لەسەر ڕۆمانی "زابێل Zabelle"ی نانسی کریکۆریان و ڕۆمانەکانی تریشی، هەروەها ڕۆمانی "ڕۆژئاوای ڕۆژئاوا"ی مارک ئاراکس، "ڕیڤەربیگ Riverbig"ی ئاریس جانیگیان، "من وەک ئەو"ی نانسی ئاگابیان و زۆری تریش. من دەمەوێت ئەم لێکۆڵینەوەیە فراوانتر بکەم و ژانری دراماتۆرگیا (هونەری دراما) کە ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی جینۆسایدی ئەرمەنە، بگرمە بەر. بەڵام لێرەدا دەوستم و دوا سەرنجم دەدەم:

نوێنەرایەتییە ئەدەبییەکانی جینۆسایدی ئەرمەن بۆ نەوەکانی داهاتوو بەردەوام دەبن لە دارشتنی تێگەیشتن لەم ستەمکارییە چارەسەر نەکراوە. ئەوان وەک کاریگەرترین گوێزەرەوەی یادەوەری کار دەکەن و پابەندبوون بە خەباتی نیشتمانی و نەتەوەییەوە پشتڕاست دەکەنەوە. بە ڕاستی ئەوە هێزی داهێنەرانەی هونەرمەندە کە دەتوانێت تراجیدیا لەیادنەچووەکانی جینۆسایدەکە بەرجەستە بکات و بیانخاتە فەزای خەیاڵی خوێنەرەوە. سەرەڕای ئەوەی کە یەهودا باور لەبارەی هۆلۆکۆستەوە هۆشداریی داوە کە

لە ڕێگەی بەرهەمەکانی نووسەرانی خەیاڵییەوە جۆرە تێگەیشتنێک دێتە ئاراوە کە بە "تێگەیشتنی میتافیزیکی" ناوزەدی دەکات، هەروەها سەرەڕای بێزاری و نارەزایی دەربڕینی یەروشالمی لە وێنەی هۆلۆکۆست کە لە لایەن ڕۆماننووسەکانەوە دادەڕێژرێتەوە، بەڵام ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر لە هێز و چڕیی ئەو کاریگەرییەدا هەیە کەوا ئەدەب دەتوانێت نوێنەرایەتیی جینۆساید بکات و ڕۆڵی گرنگ و بەرچاودا بیگێڕێت (یۆنگ ١٩٨٨: ٧).

ئیمیڵ ڤاکنهایم دەڵێت کەوا نوێکردنەوەی ڕابردوو بۆ ژیانی ئێستا هەمیشە ئەرکێکی بنەڕەتیی مێژوونووسان و فەیلەسوفان و لاهووتییەکان یان تیۆلۆجییستان بووە (من لێرەدا ئەدیب و نووسەرانیشی بۆ زیاد دەکەم). بێگومان پێشتر ئەم ئەرکە هەرگیز ئەوەندە پێویست و قورس نەبووە (مۆرگان ١٩٩٧: ١٧٢). بەم پێیە، دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە وەڵام و کاردانەوەکان بۆ جینۆسایدی ئەرمەن وەک مۆنۆمێنتێک بۆ بە نەمری هێشتنەوەی یادەوەریی تراجیدیای ڕابوردووی گەلی ئەرمەن، بۆ خواستی گەل و نەتەوە بۆ دووبارە هاتنەوە سەرخۆ و سەرپێکەوتنەوەی و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ تێپەڕاندنی ئەم تراجیدیایە و بەردەوامیدان بە مانەوە.

## سەرچاوە:

گۆڤاری کۆمەڵەی لێکۆڵینەوە ئەرمەنەکان

ناوی باسەکە: نووسەرانی نەوەی سێیەمی ئەرمەنە ئەمریکییەکان و گەڕان بە دوای ناسنامە و لەیادنەکردنی جینۆسایددا

Journal of the Society for Armenian Studies 7 (1994)

The Third-Generation Armenian American Writers Echo the Quest for Self-Identity with the Genocide at Its Core

## تێبینی و پەراوێز:

١- دێڕە شیعرەکە لە قەسیدەی "خێزانێکی چوار کەسی" لە نووسینی دەیڤید خێردیان (١٩٧٠) لە کۆمەڵە شیعری "لەبارەی مەرگی باوکم و شیعرەکانی ترەوە" وەرگیراوە.

٢- لە کتێبی ئەلڤین ڕۆزنفیلد، "ڕەنگدانەوەی دوو مردن لەسەر ئەدەبیاتی هۆلۆکۆست" وەرگیراوە (١٩٨٨).

٣- بۆ شیکارییەکی کورتی ئەم کارە، بڕوانە پێداچوونەوەی ڕوبینا پێرومیان، گۆڤاری کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەکانی ئەرمەن، ژمارە ٧ (١٩٩٤): ٢٠٥ - ٢٠٨.

٤- ئەم شیعرە ("بۆ باوکم") و ئەو شیعرەی کە دواتر وەرگیراوە ("باوکم") نموونەی زۆرێکن کە دەنگدانەوەی یادەوەریی نەسڕاوە و ئازاربەخشی جینۆسایدەکە دەخەنە ڕوو کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی باوکیەوە بۆ نووسەر گواستراوەتەوە کە کۆمەڵەی "ڕێزگرتن لە ئەدەنە" (١٩٧٠) بۆی تەرخانکردووە.

٥- ئاماژەکردنە بە "نووسەری ئەرمەنیمان لە کالیفۆرنیا"ی ویلیەم سارۆیان.

٦- بۆ شیکارییەکی کورت لە شیعری پیلیبۆسیان، بڕوانە پێداچوونەوەی ڕوبینا پێرومیان، "گۆڤاری کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەکانی ئەرمەنی" ١٨، ٢ (٢٠٠٩): ١٤٥ - ١٤٨.

٧- پارچە وەرگیراوەکە لە بەشی دووەمی شیعری سێ بەشیی "تریپتیچ" بە ناوی "بۆچی لم ئەرمەنەکان دەسووتێنێت". بڕوانە "دەربارەی

کات" (١٩٨٧)، لاپەڕە ١٤.

٨- بۆ وەرگرتنی ئەم چیرۆکە لە لایەن یوری زڤی گرینبێرگ و شرۆڤەکردنی ئیلی ڤایسڵ، بڕوانە ئالان ئێڵ بێرگەر و نائۆمی بێرگەر (٢٠٠١).

٩- لە کتێبی "مێژووی خوێندنی باڵا" وەرگیراوە، ١٢ی حوزەیرانی ١٩٩٨، لاپەڕە ب٧.

١٠- ئەمە و گواستنەوەی دواتر لە ئیفادەکانی مارکۆم وەرگیراوە بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی لە هەواڵنامەی خوێندکارانی پێشووی ئەرمەنی زانکۆی بێرکلەی.

١١- لە شیعرێکی بڵاونەکراوەوە وەرگیراوە، بە ناونیشانی "ECCE HOMO".

١٢- "گەشەکردن لەگەڵ کەلەپوور و میراتەکەم (بۆ دوو قوربانیی جینۆسایدی ئەرمەن)"

١٣- چوارەم لە ڕیزبەندی چوار شیعردا کە ناوی لێناوە "قوربانییان: گەڕانەوەی دڵڕەقترین مانگ". ئەم زنجیرەیەی لە مانگی نیسان/ مایسی ٢٠٠٢دا نووسیوە، کە بڵاونەکراوەتەوە.

١٤- بۆ شیکاریی ئەم وێنانە لە کتێبی "مێژووی ئەرمینیا"دا، بڕوانە لۆرن شیرینیان (١٩٩٠).

سەرچاوەکان: References

1. Alishan, L. (1992) An Exercise on a Genre for Genocide and Exorcism. // The Armenian Genocide: History, Politics, Ethics. / Ed. by R.G. Hovannisian. New York: St. Martin's Press.

2. Balakian, P. (1983) Sad Days of Light. New York: Sheep Meadow Press.

3. (1998) Black Dog of Fate. New York: Broadway Books.

4. Berger, A.L. and Berger, N. (Eds.) (2001) Second Generation Voices, Reflections by Children of Holocaust Survivors and Perpetrators. Syracuse, NY: Syracuse University Press.

5. Derdarian, Mae M. (1996) Vergeen: A Survivor of the Armenian Genocide. Los Angeles: Atmus Press.

6. Der-Hovanessian, D. (1987) About Time. New York: Ashot Press.

7. Edgarian, C. (1994) Rise the Euphrates. New York: Random House Books.

8. Foston, V.S. (2001) Victoria's Secret: A Conspiracy of Silence. Sacramento: Victoria Lazarian Heritage Association.

9. Grenier, Arpiné Konyalian (1993). “The Apprentice in Exile: Toward an Armenian- American Poetics,” As-pora 1;1: 17 - 32.

10. Kacikyan, Agop, Christina le Vernoy and Joyce Bailey tr. (2000). A Summer without Dawn. Toronto: McClelland & Steward.

11. Katchadourian, S. (1994) Efronia, An Armenian Love Story. Boston, MA: Northeastern University Press.

12. Kherdian, D. (1970) On the Death of My Father and other Poems. Fresno: Giligia Press.

13. (1970) Homage to Adana, Fresno: Giligia Press.

14. (1979) The Road from Home: The Story of an Armenian Girl. New York: Greenwillow.

15. Langer, Lawrence L. (1991) Holocaust Testimo-nies, The Ruins of Memory. New Haven and London: Yale University Press.

16. Manoukian, Mariam and Elize (2005) On the other Side of Mount Ararat, a Story of a Vanished City. Glen-dale, CA: Abril Book Publishing.

17. Marcom, Micheline Aharonian (2001) Three Apples Fell from Heaven. New York: Riverhead Books.

18. Minassian, J. (1986) Many Hills Yet to Climb, Memoir of an Armenian Deportee.
Santa Barbara, CA: Jim Cook.

19. Morgan, M. L. (1997) To Seize Memory, History and Identity in Post - Holocaust Jewish Thought. // Thinking about the Holocaust, After Half a Century. / Ed. by A.H. Rosenfeld. Bloomington and Indianapolis: Indiana University Press.

20. Mugrditchian, H. (1996) To Armenians with Love: The Memoirs of a Patriot. Hobe Sound, Florida: Paul Mart.

21. Nakshian Ketchian, Bertha (1988) In the Shadow of the Fortress: The Genocide Remembered. Cambridge, MA: The Zorian Institute.

22. Ohanian, Th. A. (2001) Lines in the Sand: Love, Tragedy, and the Armenian Genocide. Published by Lines in the Sand Press.

23. Peroomian R. (April 1996) How to Read Genocide Literature, The Problematics, The Search for a Canon. // International Network on Holocaust and Genocide.

24. Pilibossian, H. (2008) History's Twists: The Armenians. Watertown MA: Ohan Press.

25. Rosenfeld, A. (1988) A Double Dying Reflections on Holocaust Literature. Bloomington and Indianapolis: Indiana University Press.
26. Shirinian, L. (1990) Armenian-North American Literature, A Critical Introduction: Genocide, Diaspora, and Symbols. Lewiston, Queenston, Lampeter: The Edwin Mellen Press.
27. Young, J.E. (1988) Writing and Rewriting the Holocaust. Bloomington and Indianapolis: Indiana University Press.

# ٣
# جیهانی نائارامی لیۆناردۆ ئەلیشان (١٩٥١ - ٢٠٠٥): قوربانییەکی سووتان لەسەر قوربانگەی جینۆسایدی ئەرمەن

لیۆناردۆ ئەلیشان لە ژیانی کورتی خۆیدا وەک نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگری ئەدەبی، میراتێکی دەوڵەمەندی ئەدەبیی بەجێهێشتووە، میراتێک کە بە شێوەیەکی بەرفراوان ناسراو نییە. ئەم نووسینە هەوڵ دەدات ڕۆشنایی بخاتە سەر بەشێکی گرنگی بەرهەمی ئەدەبیی ئەو: داهێنانەکانی لە ژانری ئەدەبی جینۆسایددا. ئەلیشان نەوەی سێیەمی ڕزگاربووی جینۆسایدی ئەرمەنەکان بوو، میراتگری یادەوەرییە وێرانکەرەکانی داپیرەی بوو، لە ژێر چنگی مۆتەکەی کارەساتەکەدا دەژیا و هەرگیز نەیتوانی تێیپەڕێنێت. ئەو ئازارە هەمیشەییەی کە داپیرەی لە نەخۆشخانەیەکی دەروونییەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی تر بەکێش دەکرد، لە کارە ئەدەبییەکانیدا دەنگی دایەوە و وێنە و نیگاری جیهانی خەم و ئازارەکانی نەتەوەیەکی قوربانیی

**دەکێشا. ئەلیشان وەک هونەرمەندێک کە بە دوای جوانیدا دەگەڕێت لە هونەردا، ڕووبەڕووی ئاڵەنگاریی زاڵبوون بە سەر جیهانی ئاڵۆزی جینۆساید بووەوە لەپێناو ڕێکخستن و هاوئاهەنگیی هەستکردندا. ئەو نەیتوانی ئەم دووبەرەکییە چارەسەر بکات و کەسیش ناتوانێت چارەسەری دژوارییی ئەو لەتبوونە بکات کە سەپاوە بە سەر هونەرەکەیدا وەک تایبەتمەندییەکی ئەدەبی جینۆساید و یەکگرتوویی وەک هەلومەرجی جوانی لە هونەردا.**

"قالۆنچە و فەرشە ئێرانییەکە The Lady - Bug and the Persian Rug" چیرۆکێکە دیالۆگی دوای مەرگە لە نێوان نووسەر و داپیرە مردووەکەی وێنا دەکات و بەم شایەتییە کاریگەرە دەست پێدەکات: "داپیرە چوار نەوەی هەبوو، بەڵام نەیتوانی خۆی بکات بە چوار بەشەوە. لەبەر ئەوە منی هەڵبژارد. ئاخر کاتێ ماڵێک دەسووتێت، مەرج نییە هەموو کەسێکی تێدا بسووتێت. بەڵام من کاتێ تەمەنم نزیکەی نۆ ساڵ بوو سووتام".[١]

لە خوێندنەوەی یەکەممدا، پێم وابوو ئەمە میتافۆرێکی وێنەیی تەڵخ و تاریکە بۆ ژیانی لیۆناردۆ ئەلیشان و بوونی، وەک قوربانییەکی سووتاو لەسەر سەکۆی کوشتاری یادەوەریی جینۆسایددا. بەڵام ئێستا لە دوای ساڵانێک، چیرۆکەکە بە شێوەیەکی هێجگار ترسناک دەردەکەوێت.

ئاخۆ ئەمە پێشبینییەکی ترسناک بوو بۆ کۆتاییەکی پڕ ئازار کە لەگەڵ ژیانێکی سەرتاپا ئازار و مەینەتیدا یەکبگرێتەوە؟

کاتێ پرسیاری شوناسی کولتووریی لێدەکرا، ئەلیشان خۆی بە ئەمریکییەکی - ئێرانی - ئەرمەنی وەسف دەکرد، بەو ڕیزبەندییە. ئەو هەر بە ڕاستی نووسەر و شاعیر و ڕەخنەگری ئەدەبی ئەمریکی- ئێرانی- ئەرمەنی بوو. بە زمانی ئینگلیزی و فارسی نووسیویەتی، بەڵام زۆرتر بە زمانی ئینگلیزی، بەڵام خەونبینین و خۆشەویستی و پەرۆشی و تامەزرۆیی بە زمانی ئەرمەنی بووە. هەمیشە بەزەحمەت پێناسەی ناسنامەی خۆی دەکرد: کێیە، یان وەک خۆی دەینووسی، چییە و بۆچی بە ئینگلیزی نووسینی هەڵبژاردووە. لە شیعرێکی ماناداردا بە ناوی "پەناگە" دەنووسێت:

**پێویستم بە سترۆکتورە**
**پێویستم بە فۆرمە**
**کاتێ شاعیر قەشەیەکی شێتی ئەرمەنییە**
**کاتێ شاعیر ئاخوندێکی ئێرانیی سەرخۆشە**
**پێویستم بە ئینگلیزییەکی پاک و خاوێنە**
**پێویستم بە ئەلێکساندەر پۆپە.**[٢]

زمانی ئینگلیزی پەناگەیەک بوو بۆ ئەوەی لە لێشاوی بەربڵاوی نەریتە شیعرییە ئەرمەنی و فارسییە پڕ لە هەست و

سۆزەکان فریای بکەوێت. بەڵام دەبوو مەسەلەکە لەوە قووڵتر بووبێت. ئەوە سەرسامیی ئەلێکساندەر پۆپ بوو بە نەریتی کلاسیک و زەبەلاحە ئەدەبییەکانی کە ئیلهامبەخش بوو بۆ ئەلیشان و ڕێنمایی داهێنانەکانی کرد: دیسپلیندار و پوخت، پێویستی بە ڕازاندنەوە نەبوو بۆ شاردنەوەی خەوشی هونەری، وەک ئەلێکساندەر پۆپ دەیگوت. پۆپ ئامۆژگاریی شاعیرانی دەکرد و دەیگوت "وشەکان وەک گەڵای دارن، ئەگەر زۆر بوون ئەوە بەری باشی دارەکە کەم دەبێت"[٣]، بۆیە لیۆناردۆ ئەلیشان ئەو ئامۆژگارییەی پەیڕەوی کرد.

ئەلیشان لە دایک و باوکێکی ئەرمەنی لە تاران لەدایک بووە و ساڵی ١٩٧٣ بۆ خوێندنی باڵا کۆچی کردووە بۆ ئەمریکا. ساڵی ١٩٨١ لە زانکۆی تەکساس بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە. لە ساڵی ١٩٧٨ تا ١٩٩٧ لە زانکۆی یوتا لە شاری ساڵت لەیک سیتی مامۆستای ئەدەبی فارسی و ئەدەبیاتی بەراوردکاریی بووە. هاوسەرگیریی کردووە و سێ منداڵی بووە. بەڵام لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا بە تەنها لەگەڵ دایکە نەخۆشەکەیدا ژیاوە، کە چەند مانگێک پێش ئەم کۆچی دوایی کردووە. هاوسەرەکەی لێی جیابووەتەوە و لەگەڵ منداڵەکان لە لۆس ئەنجلس دەژیا. ژیانی خێزانیی نۆزدە ساڵەی وێران بووە و هێلانەکەی لێ تێکچووە و

نوقمی ژیانێکی سۆزداریی کاتی و مەیخواردنەوە بووە.

**یەک بالیف لەسەر جێگاکەم دوای نۆزدە ساڵ**
**تەنها یەک بالیف لەسەر جێگاکەم**
**پڕ بوو لە نۆزدە هەزار پەڕ**
**لە باڵەکانی نۆزدە هەزار باڵندە**
**کە لە قژ و پرچی تۆوە فڕیون.[٤]**

بەڵام ئەوە تەنیا دەرئەنجامی زەرفی یان فیزیکی بوو. ئەم زەبر و لێدانە کوشندەیە لە ژیانیدا بووە هۆی "بچڕانێکی میتافیزیکی"، کە سەریکێشایەوە بۆ نامۆبوونی لە جیهانی ئاسایی و سروشتی، لە هەموو شتێک بێجگە لە خود. لە ماتەمگێڕیی ڤاهێ ئۆشاگاندا[٥] نووسیویەتی، "کاتێ خودیش دەبێتە کەسێکی تەواو نامۆ، ئەنجامەکەی شێتییە".[٦] ئەمە چ دژوارییەکە، لیۆناردۆ هەندێ جار بە ڕاستی شێت بوو. بەڵام ئایا ئەم دۆخەی ئەو ساتانە نەبوون کە گڕکانی داهێنەرانەی دەتەقییەوە؟ بە هێنانەوەی تێبینییەکەی میشێل فۆکۆ بۆ ڤاهێ، دیسانەوە بۆ لیۆناردۆش هەر وا دەکەوێتەوە: "لە کوێ کارێکی هونەری هەبێت، شێتیی نییە".[٧] کەواتە بەرهەمەکانی لیۆناردۆ بە ڕاستی گەوهەرێکی ئەدەبین.

شیعر و چیرۆکە خەیاڵییەکان و وتارەکانی لیۆناردۆ بە شێوەیەکی بەرفراوان لە گۆڤارە نیشتمانی و

نێودەوڵەتییەکاندا بڵاو دەکرانەوە. دوو کۆمەڵە شیعری بە ناوەکانی "سەماکردن بە پێی پەتی لەسەر شووشەی شکاو Dancing Barefoot on Broken Glass“ (١٩٩١) و "لە دووتوێی دڵۆپێک ئاونگەوە Through a Dewdrop“ (٢٠٠٠) ناوبانگ و ناساندنی بەدەستهێنا. هەروەها کۆمەڵێک شیعری هاوچەرخی فارسی لە نووسینی نیما یوشیج، مێهدی ئەرخەوان - سالەس، ئەحمەدی شاملوو و ئەوانی دیکە بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوە. ئەو سەرسام بوو بە شیعری فارسی، کە بە ڕەگەزە کولتووری و ئەفسانەیی و ئیسلامییەکان دەوڵەمەندن. هەروەها شانازیی بە مێژوو و میراتی ئێرانەوە دەکرد، میراتێک کە لەگەڵیدا گەورە بووبوو و تامەزرۆی بوو و بە خوایشتی خۆی دەربەدەری و تاراوگەی هەڵبژارد لە دوای شۆڕشی ئێران. لەگەڵ هاوڕێ شاعیرە ئێرانییەکانیدا، پەنابەرانی وەک خۆی، کە شیعرەکانیان وەک هی ئەم پڕ بوو لە تووڕەیی و پەستی و ڕەنگدانەوەی بێزارییەکی قووڵ بوون، بەشداریی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی شیعر خوێندنەوەی دەکرد:

**چونکە ئێمە گاز لەو دەستە دەگرین کە خۆراکمان دەداتێ!**
**بەڵام ئەوە بزانن ئەگەر وامان کرد**
**تەنها لەبەر ئەوەیە کە دوای هەزارانساڵ و ڕۆژ**
**هێشتا لەبیرمانە**

**کاتێک پێویستمان پێی نەبوو**
**بۆ ئەوەی لە دووریی زێد و نیشتمان**
**بە دوای ئارامیدا دەگەڕێین،**
**نەک خواردنمان پێ بدرێت[8]**

ئەلیشان لەگەڵ یادەوەرییەکانی منداڵییەکی بێتاوان لە ئێرانی جوانی دوێنێدا دەژیا. ئەم یادەوەرییانە زیادەڕۆییەکی بێئەندازە قەبەیان وەرگرت و تا دەهات جوانتر و سەرنجڕاکێشتر دەبوون: "تاراوگە پزیشکێکی نەشتەرگەری کارامە بوو بۆ ڕابردوو. بەردەوام و یەکبینە کار لەسەر باشترکردنی ڕواڵەتی ڕابردوو دەکات. تا دوای چارەکە سەدەیەک، ڕابردوو هێندە دوورکەوتەوە کە وەک خودی باخچەی عەدەن دوور و جوان دەبێت". (ئەو پارچەیەی کە ئەم وشانە لێیەوە وەرگیراون بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش ناوی "پەڵەکانی سالۆمە"یە.)[9] هەرگیز وازی لە خەون بینین بە ئیسفەهان و دەوڵەمەندیی میراتە کولتوورییەکەی نەهێنا، شارێک کە هەموو یادەوەرییە شیرین و پاکی منداڵییەکی بێخەمی تێدا بەرجەستە بوو. ئیسفەهان پەناگە و بەهەشتی ئێران بوو:

**نە دۆزەخ لە ئیسفەهان هەبوو، نە حەسرەت، نە مردن**

**..........**

**گەڵامێوەکان: دەستی سەوز بوون**
**مرواربییان لێ دەچۆڕا لەگەڵ بارانی بەر تیشکی خۆرەتاودا**
**یادەوەرییەکان دەبوونە شووشە لە هێشووی گەوهەردا[١٠]....**

لەبری ئەوەی بچێتە ناو پێداچوونەوەی وردی میراتی ئەدەبی ئەلیشانەوە، ئەم بابەتە بەتەنها تیشک دەخاتە سەر بەرهەمەکانی لە ژانری ئەدەبی جینۆسایددا، چونکە بێجگە لە نۆستاڵجیای بۆ نیشتمان و پەرۆشی و تامەزرۆیی بۆ زێدی لەدایکبوونی، ئەلیشان نەوەی سێیەمی ڕزگاربووی جینۆسایدی ئەرمەنەکان بوو، لەوانە بوو کە لە نێو چنگی مۆتەکەی کارەساتەکەدا ژیابوون. ئەو هەرگیز نەیتوانیوە تراجیدیاکەی داپیرەی تێپەڕێنێت - یان باشتر بڵێین هەرگیز هەوڵی تێپەڕاندنی نەداوە - ئەو تراجیدیایە کە هی داپیرەی بووە و لە تەمەنی نۆساڵیدا بووە چارەنووسی ئەمیش و بێهوودە خەباتی کردووە بۆ ئەوەی چیرۆکی ئەو کارەساتە سامناکە بۆ جیهان بگێڕێتەوە، واتە چیرۆکی داپیرەی. "هونەرمەند لە نێوان خزمەتکردنی هونەرەکەی و قەناعەت پێکردنی خەڵک بەو کارەساتە بەکۆمەڵەی کە بەسەر گەلەکەیدا هاتووە. ئەو هەم ڕۆڵی هونەرمەندی دابڕاو و هەم ڕۆڵی بانگەشەکاری دڵگەرم دەگێڕێت. لە ئەنجامی ئەوەدا، سەرلێشێواوی و چەواشەبوون لە ژانر و ڕۆڵەکاندا دروست دەبێت و شکستێکی بێزارکەر بە دوای خۆیدا دەهێنێت" و لە

میانەی پێشکەشکردنێکی سۆزئامێز لە کۆنفرانسێکی ساڵی ١٩٨٩دا لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس UCLA، کە تایبەت بوو بە جینۆسایدی ئەرمەن، ددان بەوەدا دەنێت.[١١]

ئەم پێشکەشکردنە ناونیشانێکی سەیری هەبوو، "ڕاهێنانێک لەسەر ژانرێکی ئەدەبی بۆ جینۆساید و دەرکردنی جنۆکە یان ڕۆحە بەد و خراپەکان". هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ژانرێکی ئەدەبیی گونجاو بۆ دەربڕینی هونەری لە ئەدەبیاتی جینۆسایددا کارێکی تەواو بەجێ و مایەی تێگەیشتنە، بەڵام بۆچی "دەرکردنی جنۆکە"؟ ئەلیشان چ جۆرە کردارێکی لە مێشکدا بوو و بەو کارە هەوڵی چی دەدا؟ دیسانەوە لە چیرۆکێکدا بە شێوەیەکی سەیرتر باسی ئەمە دەکات بە ناونیشانی "خانم و شەیتان و جنۆکە دەرکەری بچووک "The Lady, the Demon, and the Little Exorcist"[١٢]، کە دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی تایبەتی خۆی لەگەڵ داپیرەی: "داپیرەش دایکی من بوو. ئەو چاودێرم بوو، خۆشەویستم بوو، مامۆستام بوو، هەروەها فریشتەی پارێزەرم بوو". ئەو ڕۆژە بەبیر دێنێتەوە کە داپیرەی بۆ یەکەمجار چیرۆکەکەی بۆ گێڕایەوە. لەو کاتەوە، ددان بەوەدا دەنێت کە بێگوناهیی خۆی لەدەستدا و جنۆکەی تێدا جێگیر بوو."جینۆساید هاتبووە ناو دڵ و مێشکمەوە. لە خوێنمدا دەهات و دەچوو و ڕۆحیشی داپۆشیبووم. هەر لەو کاتەوە ڕۆحم شاڵەکەی

نەنکم سوور بووە کاتێ کە تەمەنی چواردە ساڵ بوو. ئێستا بە تەواوی هەستم بە بوونی ئەو جنۆکەیە کردووە لە ژیانمدا و هێشتا هەر هەستی پێدەکەم". دەقێکی فارسیی خاوەن نادیاری سەدەی یازدەهەم سەبارەت بە دەرکردنی جنۆکە وەک بەهاناوەچوونێک بوو بۆ بۆ دەرد و ئازارەکانی. "ڕەنگە بە پێوتنم کە جنۆکەی دەرکـردووە و منیش، بە بیستنی، تەنها بە بوونم لەوێ، بووبم بە خانەخوێی نوێ. ڕەنگە هەموو ئەو شیعر و چیرۆک و وتارانەی لەسەر ئەم بابەتە نووسیومن، هەوڵە لاوازەکانی من بن بۆ دەرکردنی جنۆکە. تەنها شتێک من بە ڕاستی دەزانـم ئـەوەیـە کە شکستم هێناوە''. نووسین ئازادی نەکردم و ئاسوودەییەکی پێبەخشیم. جنۆکە بـەردەوام هەر لەگەڵیدا دەژیـا، لە ناو ناخیدا: "نووسین بۆ ساتێک ئارامیم پێدەبەخشێت'' ئەو لە هەمان چیرۆکدا دەنووسێت، ٰوەک چۆن مەیخواردنەوە ئـاسـوودەم دەکـات پێش ئـەوەی ببێتە سووتەمەنی بۆ جنۆکە. بەڵام نووسین جنۆکە ناترسێنێت". ڕەخنەگران بە ڕوانگەیەکی دەروونییەوە بۆ ئەدەب پێچەوانەکەی دەخەنە ڕوو و جەخت لەسەر سروشتی خەمڕەوێنی نووسین دەکـەنـەوە، بـە تایبەتی نـووسـیـن لـەسـەر ئەزموونێکی زەبربەخشی بەکۆمەڵ. لە ڕاستیدا نووسین لەسەر ئەم جۆرە ئەزموونانە ڕێگەی بە پێغەمبەران و نووسەرانی

جووی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست و مێژوونووسانی ئەرمەن دا کە کارەساتە مێژووییەکان ڕوون بکەنەوە بۆ ئەوەی خۆیان و خوێنەرەکانیان بگەنە دۆخی ڕەوینەوەی خەم و ئاسوودەیی. بەڵام ئەلیشان هەرگیز بە خەمرەوێنی و ئاسوودەییەکی لەو شێوەیە نەگەیشتبوو. لای ئەو هێشتا هەر تارمایی یادەوەرییەکانی جینۆساید چنگی لە ڕۆحی بەرنەداوە.

لە کتێبی "قالۆنچە و فەرشە ئێرانییەکە The Lady-Bug and the Persian Rug" دا، ئەلیشان باس لە بارگرانییە قورسەکەی "ئەرک"ی خۆی دەکات بۆ گێڕانەوەی چیرۆکی داپیرەی. ئەو و یەکێک لە براکانی تاکە ئەندامی خێزانەکەیان بوون کە ڕزگاریان بوو، شەست و دوو کەسوکاریان لەسەر ڕێگای ڕاگواستن بۆ بیابانی سووریا گیانیان لەدەستدابوو. ئەلیشان لەسەر ئەو چیرۆکە ترسناکانە گەورە بووە کە چۆن ئەندامانی خێزانی داپیرەی لەناوچوون و فەوتاون، بەڵام چیرۆکی شاڵە سوورەکەی داپیرەی قووڵترین کاریگەریی لەسەر دەروونی دروست کردووە. داپیرەی، گەیانێ، لە کاتی ئەزموونەکەدا تەمەنی تەنیا چواردە ساڵ بوو و پاش ئەوە دەستبەرداری ژیان بوو. ئەشکەنجە و یادەوەرییە وێرانکەرەکانی ئەو گەشتە ترسناکە، بە درێژایی ژیانی هێرشیان دەکردە سەری. ئەو "چیتر ئەو کچە نەما و بوو بە

پەیکەری تاوانباری''. ئەو دەگریا کاتێک بەتەنها دەبوو، یان کاتێک پێی وابوو تەنهایە، وەک لیۆناردۆ لەبیریەتی، هەر ماوە نا ماوەیەکیش دەبرایە کلینیکی دەروونی بۆ هاتنەوە سەرخۆ. لیۆناردۆ تەمەنی تەنها نۆ ساڵ بوو کاتێ نەنکی بڕیاریدا هۆکاری ئەو بەدبەختییە سامناکەی پێ بڵێت و بۆچی بەردەوام دەگری:

**"ڕۆژێک کاپتنی تورک بەسەر ئەسپێکی پەڵە پەڵەوە بەلایدا تێپەڕی. ئەم شاڵێکی سووری بەسەرەوە بوو کە بەنرخترین پۆشاکی بوو. کاپتن پێیگوت: ‹ئەمشەو دێم بۆ لات›. پیرەژنێک ئامۆژگاریی کرد کە شاڵەکەی فڕێبدات و ئەویش بەگوێی کرد. ئەو ئێوارەیە بینی کاپتنەکە لەگەڵ کچێکدا ڕۆیشت کەوا شاڵە سوورەکەی نەنکی بەسەرەوە بوو. پاشان کاپتنەکە بەبێ کچەکە گەڕایەوە. داپیرە ئەو شەوە لە خۆشییاندا فرمێسکی ئاسوودەیی دەڕشت، بەڵام تا کۆتایی ژیانی باجەکەی دا بە ڕشتنی فرمێسکی پەشیمانی"[١٣].**

شەرمەزاری و پەشیمانی لە ڕزگاربوون بەرانبەر بە مردنی ئەوانی تر ڕووداوێکی دەگمەنە لە ئەدەبیاتی جینۆسایدی ئەرمەندا، بەڵام جێگای سەرنجە، کەوا لە چاوپێکەوتنە زارەکییەکانی ڕزگاربووواندا ڕووبەڕووی ئەم هەستە هەمیشە ئازاربەخشانە دەبیتەوە. ڕەنگە ئەمانە هەست و سۆزی خەفەکراو و چەپێنراو و چارەسەرنەکراو

بن کە لە وەڵام و کاردانەوە ئەدەبییەکاندا بۆ جینۆساید دەڕەوێنەوە.

بەهێزترین داهێنانە ئەدەبییەکانی ئەلیشان لە دەوری "نەنکی" و "بینینی ئازارەکانی"دا چڕبوونەتەوە. ئەو بووە بە هاوبەشی ئازارەکانی و بووەتە بەشێک لێیان.

**من هـەوڵدەدەم بینەری ئەو کارەساتە بم کە لە ژوورێکی نەخۆشخانەی لەندەن لە ساڵی ١٩٧٨دا گەیشتبووە لووتکە، کاتێ کە داپیرە لە پێش مردنیدا بینی سوارەکانی تورک چواردەوری تەختی خەوەکەیان گرتووە. بەڵام، بەداخەوە، من بینەری ئەوە نەبووم. من کارەکتەرێکم لەو شانۆگەرییەدا گیرۆدە بووم کە قەتاوقەت ناگاتە هاوسەنگیی خۆی.**[١٤]

"گەیانێ، شەهیدی زیندوو"، وەک چۆن داپیرەی خۆی وێنا دەکات، ژیانی خۆی و هەستەکانی بەڕێوەدەبات. ئەو ئامادەییەکی بەردەوامە لە خەونەکانیدا، لە بیرکردنەوەکانی لە کاتی بەئاگابوونیدا. لە ڕێگەی داپیرەیەوەیە کە وەک زۆربـەی نووسـەرانی نـەوەی سێیەم، ئەلیشان ئـازاری ئەرمەنەکان دەبینێت، کە جینۆسایدە. بە هەمان شێوە کارۆڵ ئێدگاریان، پیتەر باڵەکیان و میشێلین ئاهارۆنیان مارکۆم و چەندانی تر، ڕۆمانی بەهێزیان لەسەر بنەمای چیرۆکی داپیرەکانیان نووسیوە. ئەم نووسەرە گەنجانە ویستوویانە لەبارەی ڕابردووی ترسناک و باوباپیرانیانەوە

بزانن، ڕابردوویەک کە زۆرجار لە لایەن دایک و باوکیانەوە پەردەپۆش دەکرا و لەبیر دەکرا. بە دووریی کات و شوێن لە ڕووداوەکە لە لای خۆیانەوە و بە لێهاتوویی بەدەستهێنراو لە شیعرییەتی جینۆسایددا، بەشێک لە چیرۆکی جینۆسایدی ئەرمەنیان بە نەمری هێشتەوە. "لەسەدا حەفتا و پێنجی شیعرەکانم یان باسی ئەرمینیا یان داپیرەمن، چونکە داپیرەم جینۆسایدە و هەروەها ئەرمینیاشە"، ئەمە تێبینیی ئەلیشانە.[١٥] خۆشەویستیی ئەویش بۆ ئەرمینیا بوو بە سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخشی هەستپێکراو، کاتێ کە بە هاوڕێتیی گرووپێکی توێژەران لە پایزی ١٩٩١دا گەشتی کرد بۆ یەریڤان بۆ بەشداربوون لە کۆڕبەندێکدا کە هەر یەکە لە کورسیی ناریکاتسی بۆ لێکۆڵینەوە ئەرمەنەکان لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلس UCLA و بەشی ئەدەبیات لە زانکۆی یەریڤانی حکوومی ڕێکیانخستبوو و لەوێ پەیپەرێکی توێژینەوەی پێشکەش کرد بە ناونیشانی "گەڕانەوەی خواژنی مەزن لە هایرێنەکانی نەهاپێت کوچاکدا". ئەو ئەزموونە هەم ئازاربەخش بوو و هەم دڵخۆشکەر بوو بۆ ئەو. هەروەها لە دڵەڕاوکێی پێشکەش کردنی باسەکەیدا بە زمانی ئەرمەنی بوو و سڵی لە شارەزایانی زمانی ئەرمەنی دەکردەوە کە ڕەنگە بە چاوێکی نزمەوە سەیری بکەن بە هۆی ناڕەوانیی زمانە ئەرمەنییەکەیەوە. ئەو بە دروستی پێشبینیی ئەوەی

دەکرد کە لە ناو ئامادەبوواندا زۆر کەسی لووتبەرز هەبن کە گرنگی بە ناوەرۆک و تازەیی مێتۆدی باسەکە نەدەن و تێڕوانینێکی قووڵیان لەسەر لێکۆڵینەوەکانی نەبێت، کە بە سووکایەتیکردن بە خەباتی ئەو بۆ بەرهەمهێنانی وشەی ئەرمەنی بزە بیانگرێت. بەڵام دەبوو ئەو سەفەرە بکات و "دەبوو بگەڕێتەوە بۆ لای دایکی"[١٦] و گەڕایەوە. ئەو بە قووڵی ئەو توێژەر و زانایانەی ئەرمەنی سەرسام کرد کە دەیانتوانی لە پشت شەرمنیی خوێندکارئاساوە گەیاندنی سادەی زمانی ئەرمەنی ببینن.

ئەلیشان ئاشقی هەموو بەردێک بوو لە ئەرمینیا. سەری لەوە سوڕما کاتێ کچە لەشفرۆشێکی ئەرمەنی تەمەن هەژدە ساڵانی بینی کە لە تاریکی و نزیکە چۆڵی مەیخانەیەکدا لە یەریڤان چاوەڕێی لەشکرەکانی دەکرد. کاتێ کچەکە چیرۆکی دڵتەزێنی خۆیی بۆ گێڕایەوە، کە چۆن ناچار بووە جەستەی بە حەفتا ڕۆبڵ بفرۆشێت (نزیکەی دوو دۆلاری ئەمریکی، لەو کاتەدا) بۆ ئەوەی بژێویی ژیانی خۆی پەیدا بکات، ئەویش گریاوە و هەموو ئەو پارەیەی لە گیرفانیدا بوو پێیداوە.

هەڵبژاردنی لیۆناردۆ بۆ پێشکەشکردنی توێژینەوەیەک لەسەر جیهانی شیعری نەهاپێت کوچاک بڕیارێکی هۆشیارانە بوو، چونکە کۆتاییهێنانی بە پێشکەشکردنەکەی

بە کێشانی هاوتەریبێک لە نێوان گەڕانەوەی کوچاک بۆ دایکە خوداوەندی جیهانی ئەرمەنستانی بتپەرست و گەڕانەوەی خۆی بۆ دایکی پیرۆزی ئەرمینیا (گەلی ئەرمەن ساڵی ٣٠١ی زاینی بوون بە کریستیان و پێش ئەو مێژووە پتپەرست بوون - وەرگێڕ). هەردوو گەشتەکەیان بە ئازار بوو و تاسە و حەسرەتەکانی چەندین سەدە بە نەکوژاوەیی مابوونەوە.[١٧] ئەرمینیا بە هەموو جوانی و ناشیرینییەکانیەوە خۆی بۆ ئاشکرا کردبوو، وەک واقیعێک کە هیچ پەیوەندییەکی بە خاکی خەونەکانیەوە نەبوو کە لە شیعرە زۆرەکانیدا تایبەت بە ئەرمینیا گوتبووی. ئەرمینیا بۆی بووە "منداڵێکی سەیر و سەمەرەی خۆشەویستی و ئازار"، بەرجەستەی داپیرەی کردبوو بە هەموو ئەو شتانەی کە نوێنەرایەتیی دەکرد: "فرمێسکی نەنکم"، کە خەمۆکیی لە ڕۆحە گەنج و بێگوناهەکەیدا چاندبوو، "دەستەکانی نەنکم"، ئیلهامبەخش بوو بۆ ئاسایش و ئارامی لە دڵی کوڕێکی لاواز و شەرمندا. وا ئێستاش بەرەوڕووی ڕەوشێکی تەژی لە ژیان بووەتەوە نەک واقیعێکی پڕ لە پردی وێران و کتێبی سووتاو و گوللەتۆپی پڕ لە گرمە و قریشکە و شێتەکان بە کراسی دڕاوەوە سەرگەردان دەسووڕێنەوە و لەگەڵ خۆیاندا خەونە کۆتوبەندکراوەکان ڕادەکێشن، وەک ئەوەی لە "کتێبی مێژووی ئەرمینیاکەمدا" خەیاڵی دەکرد.[١٩]

وا ئێستا هێما و سیمبۆلیزمی خۆی لەدەستداوە بۆ ڕەوشێک کە لە هەمان کاتدا سەرنجڕاکێش و نامۆ بوو. لیۆناردۆ سەر بەو ژیانە نەبوو: "ئێستا زانیم و تێگەیشتم کە سەر بەو ژیانە نیم"[20] ئەلیشان ئەرمەنییەکی تاراوگە و دیاسپۆرا بوو، بە کۆمەڵگەی ئەرمەنیی سۆڤییێت و کاریگەریی حەفتا ساڵ حوکمڕانیی سۆڤییێت لەسەر شێوازی ژیان و تێڕوانین و ناسنامەی ئەرمەنەکان ئاشنا نەبوو. بەهەرحاڵ، ئەزموونەکەی ئەمیش بێ وێنە نەبوو. هاکۆب کاراپێنتس، نووسەرێکی تری ڕەوەنـدی ئـەرمـەنی، یـەکـەم دیـداری خۆی لەگەڵ هاوڕێ ئەرمەنەکان لە سەمای بازنەیی پڕ لە هەراوهوریادا لە چیرۆکی "هایکاکان شۆرجپار"ی (سەمای بازنەیی ئەرمەنی) لەبیرە. هەوڵ دەدات بەشداری بکات، بەڵام مۆسیقا و جووڵەکان لە قووڵایی خاکی ئەرمەنستانەوە دێت و ئەم تەنها سەردانیکەرێکە کە ڕیتمەکەی لە شەقامەکانی ئەمریکادا لەدەستداوە. نامۆیە و جووڵەی نائاسایی هەیە. ئەو سەر بەو شوێنە نییە.[21]

بیرکردنەوە نائومێد و پەرت و بڵاوەکانی ئەلیشان لە کتێبەکەیدا "لە خەونەوە بۆ واقیع: دۆن کیشۆت لەگەڵ ئەسپێکی تۆپیو و ئاشەباکانی بەبێ با From Dream to Reality: Don Quixote with a Dead Horse and Wind-mills with No Wind"، بریتییە لە گەشتێک کە یەکەم و

دوا بەرکەوتنی لەگەڵ ئەرمینیا باس دەکات. ‹’ئێستا من کێ بووم؟‘‘ لەم خودشیکاری و هەڵسەنگاندنە هونەرییەدا جارێکی تر لە خۆی دەپرسێتەوە و وەڵامەکە ئەوەیە: "پیاوێک بە پاسپۆرتی ئەمریکییەوە کە لە زانکۆیەکی ئەمریکیدا وانـەی ئەدەبیاتی فارسی و کولتوور و شارستانییەتی ئێرانی دەگوتەوە و بە زمانی ئەرمەنی ’خۆشم دەوێن‘ی بە منداڵەکانی وتووە و بە زمانی ئەرمەنی خەونی بینیوە". پاشان ئەو شیعرەکەی دووپات دەکاتەوە سەبارەت بەوەی کە بۆچی نووسینی بە زمانی ئینگلیزی هەڵبژاردووە. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئارا ئۆشاگان لەساڵی ١٩٩٢، کاتێ پرسیاری ئەوەی لێکرا کە خۆی لە کوێدا دەبینێت لە ناو شاعیرانی تری ئەرمەنی کە بە زمانی ئینگلیزی دەنووسن، وەڵامی دایەوە: "هەستیاریی من لە شیعردا ڕەنگە فارسی بێت و ناوەرۆکی زۆرجار ئەرمەنییە، دەربڕینی "ئەمریکی.... دەزانم خەون دەبینم" بە زمانی ئەرمەنی، زمانی فارسی دەڵێمەوە، ئینگلیزی دەنووسم. من چیم، نازانم".[٢٢]

"ئــەوەی بـە دڵنیـاییـەوە دەیـزانـی ئـەوە بـوو کـە "بە هەڵە بە دوای هەستی ئاسایش و ئارامیدا گـەڕابـوو لە دیاردەیەکی دەرەکیی وەک ئەرمینیادا، لەبری ئـەوەی لە قووڵایی تاریکیی ڕۆحـی خۆیدا بـەدوایـدا بگـەڕێت‘‘. ئەو دەیزانی بۆچی بەردەوام تامەزرۆی هەستکردن بە ئینتیما

بوو، بۆ ئاسایش و ئارامی: "لە هەموو ماڵەکانمدا هەستم بە پەرۆشیی دەکرد بۆ نیشتمان" هەروەها دەنووسێت. "دەبێت من لایەنی نەخۆش بووبێتم بۆ خوداوەندێکی کۆن بڕابێتەوە و فڕێدرابێتە ئەم جیهانە."[23] ئەو واقیعەی کە لە ئەرمینیا بینی و هەوڵدانی بەردەوامی بۆ ڕزگاربوون، ئازارە هەمیشەییەکانی ڕابردوویەکی زەبربەخشی کەم نەکردەوە کە لە لایەن داپیرەیەوە بۆی گواسترابووەوە - ئازاری خێزانە قەسابیکراوەکەی، نەتەوە قەسابیکراوەکەی، بەڵکو لە سەرووی هەمووشیانەوە، ئازاری هەبوونی ئەرکێک بۆ ئاگادارکردنەوەی جیهان سەبارەت بەو نادادپەروەرییە گەورەیە، جینۆساید و شکستهێنان لە ئەرکەکەیدا.

**گەیانێ وەک بەرجەستەکردنی جینۆسایدی ئەرمەن مایەوە و چیرۆکەکەی بوو بە وێنەیەکی بچووکی ئازارەکانی نەتەوەیەکی قوربانی. ئەو بوو بە ڕوخساری بەرجەستەی تەواوی ئازارەکانی نەتەوە و لە شیعری لیۆناردۆدا وەک ژنێکی شێت دەرکەوتووە کە لە دەوری تەختی مردنەکەی لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی لە لەندەن سوارەکانی تورک دەبینێت، قسە بۆ ئەم دەکات و بە گلەییەوە لێی دەپرسێت کە بۆچی هێندە بێتوانایە لە گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهاتەکەی و ئەو تراجیدیایەی بەسەر گەل و نەتەوەکەیدا هاتووە بۆ هەموو دنیا.[25] گەیانێ ورچە مێینەیەکی برسییە و ئامادەیە بۆ قووتدانی ماهاساتڤا[26] و دەبێتە کچی**

ئەنتیگۆنی خواوەند (له ڕاستیدا ئەنتیگۆن کچی ئۆدیپ پاشایه له ئەفسانەی گریکیدا)، هەروەها ئەم خواوەنده خۆی کوێر کرد و وێڵ و سەرگەردان بوو پاش ئەوەی له بەرانبەر ڕاگواستن و دەربەدەرکردنی ئەرمەن دەستەوسان ما و هیچی پێنەکرا.[٢٧] ئەوە پەیکەری مەریەمە که بەردەوام دەسووتێت و وەک مۆمی تواوە و سووتاو فرمێسک هەڵدەوەرێنێت و خەون و ویژدانی دەسووتێنێت:

له ناوەندی خەونەکەمدا
له وان کەنیسەیەکی بەردین هەیه که
که له دەرەوە کڵۆم و مۆر کراوە
هەناسەی هاوار هەڵدەکێشێت و دووکەڵ له ناوەوە،
ئەوە کۆبوونەوەی گەلی ئەرمەنه
که مۆمەکان به گۆشتی جەستەیان ئاڵوگۆڕ پێدەکەن
له خەونمدا کەنیسەیەک هەیه که به ئێسکی خواوەنده مردووەکان و
به دۆعا و نوێژی کۆرپەکان و تووتییەکان دروستکراوە و
هەمیشه، به درێژایی شەو، له بڵێسەی ئاگردایه
بەڵام هەرگیز تا سەر زەوی ناسووتێت.
له کڵێساکەدا پەیکەری مەریەم دەسووتێت
لەسەر ڕوومەتی نەنکم، مۆم دڵۆپ دڵۆپ به چاوەکانیدا
دەهاته خوار، بۆ سەر پێستی خەونەکانم ...[٢٨]

بۆ ئەوەی بە تەواوی لە مانای نووسینەکانی ئەلیشان تێبگەین، گرنگە کتێبی پیرۆز بناسین، بێجگە لە ئەفسانەی یۆنانی و ئێرانی و ئەرمەنی و ئەدەبیاتی کلاسیکی، هەروەها ئەدەبیاتی جیهانیی مۆدێرن و ڕەخنەی ئەدەبی. ئەلیشان زۆرجار ئاماژەی بە هەموو ئەم سەرچاوانە دەکرد لە بارودۆخی هاوتەریب یان دژبەیەکدا، یان تەنیا بۆ وەرگرتنی خوازە و مێتافۆر. ئەو وەستای هەموو ئەم نەریتانە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کامیانی وەک هی خۆی وەرنەگرت و بەردەوام بە دوای بەهێزترین فۆرمی شیعریدا دەگەڕا. ئەو نەک هەر وەستایەکی دەربڕینی هونەری بوو بەڵکو هەوڵی دەدا بە کەمترین ژمارەی وشە بگاتە ئەو قووڵاییە کۆتاییەی کاریگەرییە مەبەستدارەکە، زۆرجار وەک وەستا نیگارکێشێک کە دەتوانێت تەنها بە چەند لێدانێکی فڵچەی مەزاج و کاریگەریی دیمەنێکی ورد و کێشراو دروست بکات. ئەو جارێک لەبارەی شیعرەوە نووسیویەتی، "شیعرێکی باش تابلۆیەکی ژاپۆنییە: خانمان لە ڕۆژێکی هاوینەدا گەشتێک دەکەن Ladies Taking a Stroll on a Summer Day". ئێمە کیمۆنۆکانیان لە جووڵەدا دەبینین، لێرەوە بیرۆکەی گەشتەکە هات و باوەشێنەکانیشیان لە جووڵەدان و لێرەوە هاوینە".[٢٩] ئەو وەستایەکی کارامە بوو لە بەکارهێنانی کاریگەرییە بەهێزەکاندا بە کورتی. هەر لەبەر ئەمەشە کە بە لای تانکا و

هایكۆ و سێنریۆدا سەرنجی ڕاكێشرا.[٣٠] كتێبی "لە دووتوێی دڵۆپێک ئاونگەوە" كە ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوكرایەوە، كۆمەڵەیەكی دوو بەشە لە هایكۆ و سێنریو و تانكا.[٣١]

بەشی یەكەمی كتێبی "لە دووتوێی دڵۆپێک ئاونگەوە"، بە ناوی "ئەم كچە مردووانە These Dying Daughters"، بیركردنەوە خەمناكەكانی ئەلیشان لەسەر چەندین بابەت بەرجەستە دەكات. ئەمانە شیعری سێ دێڕین، زۆربەیان هایكۆ و هەندێكیان سێنریۆن. ئەم شیعرانە تارمایی مردن بەسەریاندا زاڵە و سێبەری خۆی دەخاتە سەر سیحراویترین وێنەكانی سروشت، مردن وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ئارامیی دەروونی و ئۆقرەییە دەگمەنەكەی، وەک بانگهێشتێک بۆ كۆتاییهێنان بە ئازارە بێكۆتاكان و وەک خولیایەک بۆ خۆكوشتن دەبینێت:

**مردن ڕۆژی پشووەكەی وەرگرتووە**
**بۆ چاودێریكردنم**[٣٢]

قەسیدەیەكی سێنریو بە مۆركێكی گاڵتەئامێزەوە بۆ ژیانە ئەشكەنجە و سزادیتووەكەی:

**بەهارە، نەک كاتێک بۆ مردن**
**بە پیاوە بەفرەكە دەڵێم و**
**هیوادارم پشتڕاستی بكاتەوە**[٣٣]
**چڵە گیایەک كە لە دووتوێی بەردێكەوە گەشە دەكات**

**بیرکردنەوەکانی خۆکوشتن پووچەڵ دەکاتەوە[34]**

دوا هایکۆ لە کۆتایی بەشی یەکەمدا گەڕانەوەیە بۆ ناونیشانی نهێنیی، "ئەم کچە مردووانە". ئەم کارە کۆتایی بە گرێیەکی دەروونیی تەمومژاوی دێنێت لە هەست و سۆزی تەنیایی و خۆشەویستیی نائومێدانەی بۆ ژنە تەنهاکەی و پەنابردنی بۆ جیهانی مەیخواردنەوە:

**دەردێکی بێدەرمانە**

**ئەم کچانە وا دەمرن**

**دەستەکانم[35]**

دەستەکانی بەشێکن لە کۆ، نوێنەرایەتیی کۆ، کەسی ئەلیشان، جەستە، ڕۆح، دەروون، لە سەختییەکی تێپەڕنەکراودا تێکەڵاون، لەگەڵ مردن وەک تاکە هۆکاری ڕزگاری.

پاشان زنجیرەیەکی پێنج دێڕیی بە شێوەی تانکا لە بەشی دووەمدا دێت، بە ناوی "دەستە بێهێزەکانم"، هێمای دەستەکە بەردەوامە. کەش و هەوا وەک خۆی دەمێنێتەوە، بابەتەکان زیاتر ڕەنگاوڕەنگن، زیاتر مەتەڵن، لەگەڵ هەندێک وێنەی ئابڕووبەری ئاماژەپێدەر، کە بۆ لێکدانەوەی خوێنەر جێهێڵراوە. هەندێک لە تانکاکان وێناکردنی زۆر سادەن و خولیا ئاڵۆزەکەیان بۆ ژیان و مردن دەردەخەن:

**سەوز سەوز، زەرد سەوز**
**زەرد زەرد، زەرد سوور سوور سوور**
**مردوو**
**گەڵای کەوتوو گەڵای دارەبەن** [36]

هەندێکی تر دڕندەیی ئەم جیهانە نادادپەروەرە ڕەنگ دەکەن:

**منداڵان**
**بە بێدەنگی لە برسێتیدا ڕووناکیی لە چاوەکانیاندا دەمرن**
**بەقەد یادەوەریی منداڵی خودایەکی دادپەروەر ڕەنگ پەڕیو دەبێت**[37]

تانکا کە بە ناوی "سوودگەرایی" ڕەنگدانەوەی دڕندەیی چارەنووسی خۆی و چیرۆکی دڵتەزێنی خێزانەکەی خۆیەتی:

**دایکم چووەتە کەنیسە**
**تا زیاتر ئازیزانی لەدەست بدات**
**زیاتر خودای خۆشدەوێت**
**هەست دەکەم خودا زۆری زۆر خۆشدەوێت**
**بە ڕادەیەک کە منیش لەگەڵ خۆی ببات**[38]

دیسانەوە، دوا تانکا دەگەڕێتەوە بۆ ناونیشانەکە و جارێکی تر گاڵتەجاڕیی ژیانی بێمانای ئەلیشان نیشان دەدات:

**لە شەودا**

**من بەردە ئەستێکەم دەگۆڕم**

**شلەیەکی سووکتر زیاد بکەم بۆ قاوەکەم و**

(قاو: مادەیەکی کەڕووییە بۆ ئاگرکردنەوە – وەرگێڕ)

**بە دەستە بێهێزەکانم بڵێ**

**لانی کەم ئەمڕۆ شتێکمان کردووە**[39]

لە کتێبی کۆمەڵە شیعری "لە دووتوێی دڵۆپێک ئاونگەوە"دا، بیرکردنەوە و وێنەکان کۆدەبنەوە و تابلۆیەکی جوان، ژیانی نائاسایی، ناتەقلیدی، ژیانێکی شێتانەی شاعیرێکی بەهرەمەند پێکدەهێنن. تەنانەت لەم فۆرمە نوێیە نامۆیەیدا، وەک پێداچوونەوەکارەکانی جەین و وێرنەر ڕیشهۆڵد شایەتیی دەدەن، "ئەو بەردەوام بەئەمەک دەبێت بۆ میرات و پاشخانی خۆی لە ڕێگەی ڕاهێنانی گیانی فۆرمە شیعرییەکەی خۆیەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیدا بگونجێت لەبری ئاوێتەکردنی خۆی لە ناو شیعری ژاپۆنی و کاریگەرییەکانی لەسەری".[40]

بۆچی ئەم سەرسامییە بەم شێوە شیعرە ژاپۆنییانە؟ ڕەنگە ئەوە پاڵنەرێک بووبێت بۆ تاقیکردنەوەی ژانرێکی خوازراو لە شیعری ئەمریکیدا، کە کەم کەس تێیدا سەرکەوتوو بوون، بۆ ئەوەی بەهرە و دەست نەرمکردنی دەربخات بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ هەر چوارچێوەیەکدا بۆ دەربڕینی بیر و

داهێنانی خۆی. بەڵام زیاتر پێدەچێت کە ئەوەی ئەلیشانی بۆ ئەم ژانرانە ڕاکێشابێت، ئاڵەنگاریی دەربڕینی شیعری بووبێت بە ئیمتیازەوە. من ئەم مۆتیڤ و پاڵنەرە بەراورد دەکەم بە ڕەوتی ئەدەبی ئەرمەنی کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لە نووسینی چوارینەدا هاتبووە کایەوە. کارێکی ئاسان نییە بیرکردنەوەکانی مرۆڤ، فێرکردن بێت یان فەلسەفی یان تەنیا سۆزداری، لە چوار دێڕدا دابڕێژیت. ڕەنگە کەسێکی هۆڤانێس تومانیانی پێویست بێت ئەو کارە ئەنجام بدات. ئەوجا ئەگەر هایکو، تانکا، سێنریو، یان چوارینە بن، ئەوە شیعرەکانی ئەلیشان هەمیشە ورد و پوختن، بەبێ وشەیەکی زیادە، هەمیشە چاویان خستووەتە سەر مەبەست و پێکاویانە. وشەیەک، سیفەتێک، میتافۆرێک لاببە و پێکهاتەکە دەڕووخێت. بەهەرحاڵ، سەرسامییەکەی لە فۆرمەکە تێدەپەڕێنێت. لە لاپەڕەیەکی فۆتۆکۆپیکراوی شیعرێکی تانکا بە ناوی "کینگفیشەر"، لە پێنج دێڕیی جیاواز پێکهاتووە، کە لە گۆڤاری تانکا جۆرناڵی تۆکیۆ لە ساڵی ٢٠٠٠دا بڵاوکراوەتەوە،[٤١] بە زمانی فارسی و بەکورتی نووسیویەتی، "هەر یەکێکیان (هەر پێنج دێڕێک) شیعرێکی جیاوازە، بەڵام بە گشتی هەڵگری کۆلکەی هاوبەشن. هەڵبەت بابەتی ئەدەب و هونەرەکانی بینین لە ڕۆژهەڵاتی دووردا گرنگن".

ئەلیشان بە خولیای چیرۆکی نەگێڕدراوەی جینۆسایدی ئەرمەنەوە مایەوە. ئەو بە خولیای خۆشەویستی، چارەنووس، چیرۆکە ترسناکەکانی ئازارەکانی مرۆڤ مایەوە. مرۆڤدۆست بوو، ڕۆحێکی هەستیار بوو کە دڵی هەموو دەرد و ئازارەکانی مرۆڤی لە باوەش گرتبوو، هەموو منداڵەکان لە نەهامەتییەکی گەورەدا دەژیان و لە گۆشە دوورەکانی جیهاندا بە هۆی برسێتییەوە هەڕەشەی مردنیان لەسەر بوو:

**ئەگەر دەستەکانم بە ئەندازەی دڵم گەورە بوونایە**
**گشت ئاڵاکانی وڵاتانی بچووک و گەورەم دەبرد و**
**بە دەستە گەورەکانم گەورەترین بەتانی و خێوەتم**
**لێ دەدوورین کە جیهان بینیبێتی**
**بۆ هەموو منداڵە ڕەش و ڕووتەکان**
**خۆزگە دەستەکانم ئەوەندەی دەمم گەورە دەبوون!** [٤٢]

ئەو لە هەڵمەتە سەربازییە بەردەوامەکەی ئەفغانستان بە سەرۆکایەتیی ناتۆ تەواو پەست و تووڕە بوو، کە ژن و منداڵانی کە خەڵکی بێتاوانی پیاو و ژن و منداڵیان تێدا دەبوونە نەک تەنها قوربانی دووڕوویی مرۆڤدۆستیی ئەمریکی بەڵکو لەوەش زیاتر، دووڕوویی خودا، خودای هەموو شوێنێک بەڵام بێدەسەڵات لەوەی هیچ شتێک بکات و بە دڵێکی لەتلەت سەیری کوشت و کوشتارەکەی دەکرد:

ئەوان دە ملیۆن مینیان لە ئەفغانستان چاندووە
یەک مینی ئەرزی بۆ هەر دوو یان سێ ئەفغانییەک،
بەبێ گوێدانە تەمەن و نەتەوە و پاشخانێک.
مردنیان لە سکی دایکیدا چاندووە
دەست و قاچی دەستکرد لەگەڵ خواردندا
بە هەوادا دەخرێنە خوارەوە.
میننێکیان چاندووە لە ژێر سەرینەکەی خودا و
خەونەکانی لەبارەی کۆترەوە.
هەموو شەوێک خەونێکی تاریکی نوێ باڵەکانی بڵاودەکاتەوە
ئەم بەیانییە بە سەرئێشەیەکی توند لە خەو هەڵسام.
بە ماندووییەوە لە خەو هەڵسام.
بە درێژایی شەو مینم پووچەڵ کردبووەوە یان تەقاندبوومەوە.
خەونێکی ئەوەندە ڕاستەقینە بوو، کە لاق و دەستەکانم پشکنی.
هێشتا هی من بوون. خەونێکی وا تاریک بوو
دڵی خۆمم پشکنی، خودا هێشتا هەر لەوێ بوو.
بەڵام هێشتا هەر مین و هەروەها هێشتا
کێشەی دە ملیۆن مین هەبوو،
دە ملیۆن لاق و دەست، دە ملیۆن ڕۆحلەبەر، دە ملیۆن خەون،
لە دڵی خودایەکدا لەتوپەت بوون کە لەگەڵ جووتیاران
زەوی دەکێڵێت و لە دڵی مندا دەژی.[٤٣]

شێوازی ئەلیشان لە نووسینی پەخشاندا کۆمەڵێک بابەتی بەرفراوان دەگرێتەوە. زانیاریی قووڵی ئەو لە فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتیدا کە لە چیرۆک و پەندە نەریتییەکاندا بەرجەستە بوون، بە کەرەستەی خاو بۆ هاوتەریبەکانی خوێندن و فەلسەفە. ئەمەش دەرفەتی ئەوەی پێبەخشی کە قووڵبێتەوە لە قووڵترین چینەکانی سروشتی مرۆڤدا، ئارەزووە شاراوەکانی و خووە ئاژەڵییەکانی زاڵبوون بەسەر ئیرادە و ڕەفتاری کۆنترۆڵکراودا. بەڵام دیسانەوە، کاتێ هاتە سەر گێڕانەوەی چیرۆکی جینۆسایدی ئەرمەن، ئاڵەنگارییەکە بە بێ چارەسەر مایەوە. ئەو بەردەوام بوو لە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ئامرازی گونجاوی دەربڕین بۆ گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە بۆ جیهان، بۆ باشترین وێناکردنی ئەو ڕاستییەی جینۆسایدکە بە باشترین شێوە ڕاڤە نەدەکرا و گلەیی ئەوەی دەکرد کە: "هیچ ژانرێکی گونجاو نییە بۆ پێدانی دەربڕینێکی هونەری بە جینۆسایدەکە". ڕۆمانەکە نزیکترینە بەڵام ئەوەش بەس نییە و تایبەت شایەتحاڵی گشتییە. بەڵام هەرچەندە ئەم شایەتحاڵە ڕاستی تەواو دەڵێت و بێجگە لە ڕاستی هیچی تر ناگێڕێتەوە، بەڵام شکست دەهێنێت لە وتنی هەموو ڕاستییەکان"[٤٤] هەرگیز ئەم ژانرە ئەدەبییەی تاقی نەکردووەتەوە. شیعر پسپۆڕیی ئەو بوو، تەنانەت پەخشانەکەیشی شیعرێکی بێسەروایی موزیک ئاسا بوو.

شانۆگەریی"شاڵە سوورەکەThe Red Scarf" (٢٠٠٠)، تاکە شانۆنامەیە کە نووسیویەتی، وەک شیعر دایڕشتووە و سەیر نییە باس لە ئەزموونی پڕ دەرد و ئازاری داپیرەی دەکات کە ساڵی ١٩١٥، لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بووە و کچێکی گەنج کە جلوبەرگی ئەرزڕوومیی لەبەردا بووە و بە شاڵێکی سوور پرچە درێژەکەی داپۆشیوە. لە شانۆنامەکەدا وەک تارماییەک دەردەکەوێت کە تەنها ئارام دەتوانێت بیبینێت کە کارەکتەری سەرەکییە. ڕووداوەکانی "شاڵی سوور" لە کۆنتێکست یان سیاقێکی هاوچەرخدا نمایش دەکرێت و ڕووداوەکان دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ١٩٧٨ (ئەو ساڵەی داپیرەی ئەلیشان لە نەخۆشخانەیەکی لەندەن کۆچی دوایی کرد). شانۆنامەکە ڕەنگدانەوەی خەیاڵی ژیانی ئەلیشان خۆیەتی وەک مامۆستایەکی زانکۆ و پیاوێکی خێزاندار و ژیانێکی هاوسەرگیریی ئاڵۆزی هەبوو، کە داپیرەی لەگەڵ خێزانەکەی دەژیا بەڵام وا ئێستا لە نەخۆشخانە کەوتووە. ئەلیشان شێوەی کارەساتی یۆنانی کۆنی بەرجەستە دەبێت و ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ سەرسامیی ئەو بە نەریتی کلاسیک: کۆرسێک لەسەر شانۆ دێتە ناوەوە بۆ ئاسانکاریی ڕەوتی چیرۆکەکە لە کاتی ئێستادا. لەم حاڵەتەدا کۆرسەکە لە سێ ژن پێکهاتووە و ڕەنگە نوێنەرایەتیی ئەو سێ ژنە بکەن لە ژیانیدا: کچە هەرزەکارەکەی (کچەکە)، هاوسەرە

جوانەکەی (ژنە گەنجەکە) و دایکی (ژنە بەتەمەنەکە). بەڵام ڕەنگە ئەوان نوێنەرایەتیی سێ قۆناغی ژیانی گەیانێیش بکەن. کۆرسەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

**ژنە گەورەکە: ... ئێمە دەتوانین نەوەکان بین،**
**نەک تەنها هی ئێمە، بەڵکو هەموو گەل و نەتەوەکان.**
**ئاخۆ دەتوانین لەبری هەموو مردووەکان قسە بکەین**
**ژن و کچێکی بچووکتر: ...**
**ئەوانەی ژیاون و سواڵیان بۆ نان دەکرد،**
**ئەوانەی ژووری نووستنەکانیان پڕبوون لە تارمایی و جنۆکە و پەیکەری کەللەسەری لەسەر ستوونی جێگە خەوە نوێیەکان؟**
**ژنی گەورەتر و ژنی بچووکتر و کچ: با چاوەڕێ بین و ببینین ئەگەر هەریەکێکیان بتوانێت ئازاد بێت.[٤٥]**

دۆخەکە لەبار بوو بۆ پێشکەشکردنی شانۆنامەکە. ئاخۆ دەرفەت دەڕەخسێت بۆ ئەلیشان کە لە کۆتاییدا خۆی ئازاد بکات و لە مۆتەکە و تارماییەکانی ڕزگاری بێت؟ ئاخۆ ڕێگەیەک هەیە بۆ ئازادکردنی نەوەکانی ڕزگاربووانی هێدمە و زەبروزەنگی بەکۆمەڵ لە هیچ شوێنێکی جیهاندا؟

ئەلیشان ناوی خەیاڵیی بە کارەکتەری سەرەکی (ئارام) و هاوسەر و کچەکەی دەدات، بەڵام هەوڵی گۆڕینی ناوی گەیانێی داپیرەی نادات، چونکە جێپەنجەی ئەو ناوە زۆر

لەوە قووڵتر بوو بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگۆڕدرێت. پێدەچێت ناو و کەسەکان بۆ ئەلیشان توانای گۆڕین و ئاڵوگۆڕ و وازلێهێنانیان هەبێت - بەڵام ئەوە بۆ نەنکی و ناوەکەشی کارێکی مەحاڵ بوو، چونکە ئەو هێمای بوو، دروستکەری بوو، ژنە خواوەندی، ژنە خواوەندی دەرد و ئازارەکانی بوو کە ئەو دەیپەرست وەک چۆن کاهینی بتپەرستەکان بتە خوداوەندەکانیان دەپەرست.

داپیرەی ئارام ژنێکی تەمەن حەفتا و هەشت ساڵە (تەمەنی نەنکی کاتێ کە مرد) دوا ڕۆژەکانی ژیانی لە نەخۆشخانەیەکی دەروونی بەسەردەبات، دوور لە واقیعی دەوروبەری، تەنها ئاگاداری فلاشباکەکانی ساڵی ١٩١٥یە. کەس تێناگات بۆچی ئارام خۆی ئەوەندە گیرۆدەی ئەم فلاشباکانەیە، بۆچی ناتوانێت ڕابردوو لەبیر بکات و بەردەوام بێت لە ژیانی خۆی. بۆ پرسیارێکی پەرستار جووەکەی نەنکی، ئارام وەڵامی دەداتەوە، "باشە، ڕاشێڵ ڕەنگە لەبەر ئەوە بێت کە مێژوو ڕاستیی کارەساتەکەی قبووڵ کردوویت و توانیوتە بەردەوام بیت و کتێبی سەرکەوتوو بنووسیت و فیلمی باش دەربارەی تراجیدیاکەت دروست بکەیت، لە کاتێکدا بۆ تۆ، ئەو هۆلۆکۆستە کەرەستەی پوخت و خاوە بۆ دروستکردنی فیلم یان نووسینی کتێب، بەڵام بۆ ئێمە هێشتا مێژوویەکی کاڵ و خاوە".[٤٦] ئەم ڕوونکردنەوە دیدگای

ئەلیشان خۆی بەرجەستە دەکات کاتێ هەردوو ئەزموونی جوولەکە و ئەرمەنی و کاریگەرییەکانیان لەسەر نەوە ڕزگاربووەکان بەراورد دەکات. نووسەر پشت بەو باوەڕەی خۆی دەبەستێ کە جووەکان بەهرەمەندی ئاشتەواییین و دەتوانن هونەر لە خۆڵەمێشی هۆلۆکۆستەوە بخولقێنن، چونکە هۆلۆکۆست ڕاستییەکی ددان پێدانراوە، لە کاتێکدا ئەرمەنەکان هێشتا ناچارن خەبات بکەن بۆ ددانپێدانانی جینۆسایدەکەیان.

ئەلیشان بە تێکەڵکردنی هەموو ژانرە ئەگەرییەکانی دەربڕینی هونەری و بە یارمەتی کتێبی پیرۆز و مەزامیرە گونجاوەکان، بڕگەکانی کۆرس، فلاشباک و دیالۆگ، وێنەیەکی وردی ژیانی خۆی پەیوەست بە مێژووی ڕابردووی خێزانەکەیەوە دەخاتە ڕوو – جینۆسایدەکە لە ناوەڕۆکەکەیدا – دایکی و هاوسەرەکەی و بێگومان داپیرەشی. ئەو لە هێنانەوەی شیعری خۆی یان چیرۆکەکانی شاڵە سوورەکەی گەیانێ کە "هەزار جار" گوێی لێبووە، ئەو ڕووداوە تراجیدییەکەی کە لەسەری "شیعرێک، چیرۆکێک، وتارێکی بڵاوکردووەتەوە.. ". بەڵام لێرەدا چیرۆکەکە و بەتایبەتی دیمەنی گەیانێ لە دوا ساتەکانی مردنیدا، بە شێوازێکی مۆتەکە ئاسا نمایشک دەکرێت، وەک لووتکەی شانۆنامەکە.

دیمەنەکە لە مەیخانەیەکدا دەست پێدەکات کاتێ پەرستارەکەی گەیانێ دەچێتە ژوورەوە بۆ ئەوەی هەواڵی مردنی داپیرەی بداتە ئارام. کۆرسەکە گۆرانی کۆتایی چیرۆکەکە دەچڕێت. ژنە بەتەمەنەکەش باس لە مردنی ئەو جەستەیە دەکات کە دوای مردنی کچە بچووکە تەمەن چواردە ساڵەکە بەردەوام بووە لە ژیان و پیربووندا و ئێستا جەستەکە لەگەڵ خودی ڕاستەقینەی خۆیدا یەکدەگرێتەوە. ژنە بچووکەکە ماتەمینیی خۆی بۆ خۆشی و جوانیی خۆی دەگێڕێت، کە بە هۆی خۆشەویستیی نائاسایی نێوان پیاوێک و نەنکەکەی بەفیڕۆ چوو، کەوا هەردوکیان قوربانیی ئازارە نەمرەکانی یادەوەرییە تاڵەکان بوون. "ئاخۆ کۆچی دوایی کرد و مەسەلەکە کۆتایی هات؟" ئەو لە ژنە بەتەمەنەکە دەپرسێت و گومانی هەیە لە مردنی داپیرە – واتە نەمانی جەستەیی ئەو – ئاخۆ دەتوانێت هەست و یادەوەرییە ئازاربەخشەکان کەم بکاتەوە و ژیان بگێڕێتەوە بۆ سروشتی خۆی لە ناو پەیوەندییەکی ئاڵۆز و شێتانەدا؟ کچەکە دەیەوێت بژی، دەیەوێت هەموو شتێک لەبیر بکات و ژیانی خۆی وەک مرۆڤێکی ئاسایی بژی، بەبێ ئەوەی بارگرانیی ڕابردوو ڕۆحی داگیر بکات.

شانۆنامەکە هاتە کۆتایی، بەڵام هێشتا پرسیارێک مێشکی بینەرانی داگیرکردووە. لە سەرەتاوە کۆرسەکە

گۆرانی دەڵێت، "با بمێنینەوە و با بزانین/ ئاخۆ هیچ یەکێکیان دەتوانێت ئازاد بێت". کێ بە ڕاستی ئازادیی خۆی وەدەستهێناوە، ئێستا کە گەیانێی "شەهیدی زیندوو" نەماوە؟ ئێستا کە چیرۆک و بەسەرهاتەکەی ئاشکرا بووە، ئایا ڕزگاربوون لەئارادا دەبێت؟ ئارام مەیخانەکە بەجێدێڵێت و توورەکەیەکی بۆری خستووەتە بنباڵی کە شاڵێکی سووری تێدایە و دیاریی خاوەن مەیخانەکەیە بۆ کچەکەی. چیرۆکی شاڵە سوورەکە بەردەوامە. کچەکە بە دەم هاوارکردنەوە تەختەی شانۆکە بەجێدەهێڵێت "ئەمە دادپەروەری نییە!"[٤٧] پێدەچێت ئاسۆی ژیانێکی ئاسایی لە داهاتوودا بۆ ئەو تەڵخ بێت. ئارام و هاوسەرەکەی بەبێ ئەوەی یەکتر ببینن ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. سێبەری تارماییەکی شووم ژیانی خێزانیی داهاتوویان دادەپۆشێت. کەس ئازاد نییە! کەس لە بارگرانیی ڕابردوو ڕزگاری نابێت!

بەپێی زانیاریی من، ئەلیشان هەرگیز ئەم شانۆگەرییەی بڵاو نەکردووەتەوە، سەرەڕای هاندانی زۆر. بەڵێن وابوو شانۆییەکە لە باری "گوناهباری" ڕزگاری بکات، بەڵام نەیکرد و بەردەوام وای بیر دەکردەوە کە خیانەتی لە داپیرەی کردووە و بەڵێنی خۆی شکاندووە و خۆی لە خۆشەویستییەکەی بێبەش کردووە، چونکە نەیتوانیوە ئەو ئەرکە بەجێبهێنێت کە لە خەونەکانیدا و لە بیرکردنەوەی

کاتی بەئاگابوونیدا و لە کاتی موناجات و دواندن لەگەڵ ڕۆحی خۆیدا پێی سپێردرابوو. وشە خەیاڵییەکانی و ئەرکی ئاسمانی و خۆشەویستیی مەرجداری داپیرەی بۆی، لە کار و بەرهەمی داهێنانیدا ڕەنگیدابووەوە:

**"... ئازیزم، ئەگەر دەتەوێت بۆ هەمیشە و**
**هەتا هەتایە خۆشم بوێی،**
**دەبێت وەک فرمێسکی خێڵ داببارێیت،**
**دەبێ ببیتە دەنگی مردووەکان کوڕی خۆم"** [48]

دەروویەک نەبوو بۆ ڕزگاربوون و دەبوو بە درێژایی ژیانی ئەم بارەی بەسەر شانەوە بێت:

**... بێهوودە بە دوای سێبەرێکدا دەگەڕێم**
**لەم بیابانە خۆڵەمێشییەی نیساندا**
**بۆ ئەوەی نەنکم دابنێم و پشوویەک بدەم.**
**ئەو قورسە و من ئێستا پیر بووم و**
**هەست بە ماندوێتی دەکەم.**
**پێنەدەچوو مەسەلەکە هێند قورس بێت**
**کە من سەرەتا نەنکم دەکردە کۆڵ**
**کاتێ کە ئەو کیژێکی لاوازی چواردە ساڵ و**
**منیش تەمەنم تەنها نۆ ساڵان بوو**[49]

ئازارە سەختەکانی ئەلیشان و خولیا و شەیدابوونی بۆ گێڕانەوەی چیرۆکە نەگێڕدراوەکانی جینۆسایدی ئەرمەن، بە

ڕاستی، ساڵانە لەگەڵ نزیکبوونەوەی مانگی نیسان توندتر دەبووەوە - بەتایبەتی لە ساڵانی کۆتایی ژیانیدا، کاتێ لە خانووە دوونهۆمییەکەی دایکیدا دەژیا و لە ژێرزەمینەکەدا دەخەوت و کاتێ کە بە قووڵی هەستی بە کاریگەرییەکانی "بچڕانی میتافیزیکی" دەکرد، کاتێ هەستی دەکرد کەوا کەمتەرخەم و شکستخواردوو بووە لە ئاست خێزانەکەی و منداڵەکانیدا:

**نیسان،**

**بۆچی ئەم هەموو ژیانە لەگەڵ تۆ**

**خۆ من زیندووی مردووم؟**

ئەمە یەکەم بڕگەی شیعری "نیسان، لە ساڵی ١٩١٥وە"، دووەم بڕگەی چوار شیعری بڵاونەکراوە بە ناوی "قوربانییان: گەڕانەوەی دڕندەترین مانگ". لەم قەسیدە شیعرییەدا ئەلیشان بیری دێتەوە کە چۆن گریاوە کاتێک بیستوویەتی کە کەسێکی کۆنەپەرست و توندڕەو ترشی تێزابی بەسەر دەموچاوی کچێکی جواندا ڕشتووە، چونکە دەموچاوی بە پەچەی ئیسلامی دانەپۆشیوە. بە لێکچوواندنێکی بەهێز، دەپرسێت:

**نیسانی جوان و شیرین، ئەگەر بەزەییم پێدا بێتەوە**

**بۆچی لێت دەپرسم**

**لە کاتێکدا دەبوو بۆ تۆ بگریم و**

**پرسیار لە تورک بکەم**

**بۆ ئەوەی چی بەسەر دەموچاوتدا کردووە؟**

بۆ ئەلیشان، بە ڕاستی مانگی نیسان مانگێک بوو بۆ ئەوەی بەتەواوی شێتبوون، لە کۆنترۆڵ دەرچوون، مەست و سەرخۆشی و دابڕان بوو لە واقیع، پەیوەندیی تەلەفۆنی بەردەوام بۆ هاوڕێکانی و گفتوگۆکردن بوو کە ڕۆژی دواتر لە بیری نەمابوو باسی چی کردووە، هەوڵی نائومێدانەی خۆکوشتن. بەڵام فرە جار دەرئەنجامەکەی، شاکارێک، قەسیدەیەک یان زنجیرە شیعرێک بوو وەک بەرخی قوربانی بۆ یادی مردووەکانی، بۆ هەموو ملیۆن و نیوەکەیان، کە وا دیار بوو لە گۆڕە وەهمییەکانیان ڕاست دەبنەوە و ژوورەکەی و ڕۆحی ئەم پڕ دەکەن لە سێبەر و تارماییەکانیان:

**ئەو ئەرمەنیانەی لە ماڵ و حاڵیان دەرکران**
**بەرەو بیابان و هەشتا و حەوت ساڵ لەمەوبەر**
**گەڕێنراونەتەوە بۆ جیهانی ڕۆحەکان،**
**تەنها لە مانگی نیساندا چاوەڕێی من ناکەن و**
**تەنها لە بیست و چواری مانگدا.**
**ئەوە تەنها ئەو ڕۆژەیە کە کۆدەبنەوە**
**وەک سوپای تارماییەکان و**
**بۆ چەندین کاتژمێر ڕاوەدووم دەنێن**[٥٠]

**ئەوجا دەپاڕێتەوە تا ئازاد بکرێت:**
**ئەو چیرۆکانەم بیستووە کە ئەم تارمایيانە دەیگێڕنەوە**
**هەروەها چیرۆکی تارماییەکانی ترم بیستووە**
**خودایە، تکایە چەندت پێدەکرێت هەوڵێک بدە**
**بۆ ئەوەی هەموو تارماییەکانم ئارام بکەیتەوە.**[51]

لە هەر بڕگە شیعرێکیشدا کە دەینووسێت، داپیرە ئامادەیە:

**ئەوا مانگی نیسانە**
**دیسانەوە پڵنگە برسییەکەیە و**
**منیش وەک هەندێک بۆدیساتڤا، مەهاساتڤا،**
**جارێکی تر خۆمی دەخەمە خزمەتەوە.**[52]

هەندێ جار ئەلیشان سەرنج و تێبینیی خۆی لەسەر ئەو شیعرانە دەردەبڕی کە بۆ هاوڕێکانی دەنارد. من لە ١٥ی مایسی ١٩٩٩دا قەسیدەی "نیسان، لە ساڵی ١٩١٥وە"م وەرگرت لەگەڵ چەند دێڕێک کە هاوپێچ بوو:

**لە کاتێکدا تۆ دوور بوویت من شیری دووگیانیم دەدا کە لە ئەنجامدا لەدایکبوونی ئەم شیعرە بوو. هەر جارێک کە پێم وایە تەواو بووم، تەواو نەبووم و هێشتا زیاترم هەبوو. ئەمە درێژترین شیعرە کە تا ئێستا نووسیومە و لاموایە یەکێکە لە باشترینەکانیش.**

ئەلیشان لەم قەسیدە شیعرییە درێژە کە دوانزە بەشە، نەک هەر وەک بوونەوەرێکی خۆنەویست کە خۆی دەکاتە قوربانی بۆ نەنکە خۆشەویستەکەی بەڵکو وەک پەیکەرتاشێک،

ئاسنگەرێک، ئەڵماسبڕێک و هتد. بەڵام ئەم مێژووە تەنها باسی نادادپەروەری دەکات، باسی ئەشکەنجەدان دەکات، باسی بێتوانایی خودا دەکات لە دەستوەردان. دواتر لەوێ دیسانەوە نەنک هەیە و ئەمجارەیان وەک شاژنی پاشا ئۆدیب. ئەم ئاماژەیە بۆ ئەفسانەی ئۆدیپ شتێکی نامۆیە و ڕوون نەکراوەتەوە:

**داپیرە، شاژنی دڵم**
**ئەی دڵی هەر نیسانێک،**
**چاوەکانم بە دەرزییەکەت کون بکرێن**
**ئەگەر هەرگیز پشتت تێبکەم، خۆشەویستەکەم.**[٥٣]

ئەو بە ئاماژەیەکی ورد بە ئەخلاقی بوودایی کۆتایی بە "٢٤ی نیسانی ١٩١٥" دەهێنێت:

**بەڵام ئازیزم،**
**ئەگەر سەرکەوتوو بم لە ڕزگارکردنت**
**لە گەدەی ئاوساوی تەرمی زەمانەوە،**
**من خۆم لە خۆت ڕزگار دەکەم؛**
**ئێمە لە هەموو شوێنێک هەمووان ئازاد دەکەین،**
**بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەو کارە نەکات کە ئەوان دەیکەن**
**هەرگیز جارێکی تر.**

لیۆناردۆ ئەلیشان کەسێکی هەست ناسک و بەسۆز بوو. بە سۆزەوە پەیوەندیی بە هەموو شتێکی دەوروبەریەوە دەکرد و کاردانەوەی هەبوو. بە سۆزەوە عاشقی

ماموٚستای باخچەی ساوایان بوو، لە ئەنجامدا دیمەنێکی شەرمەزارکەری لێکەوتەوە کە نەیتوانی تا کۆتایی ژیانی لەبیری بکات.[٥٤] خۆشەویستییەکەی بۆ نەنکی سەقامگیری و هاوسەنگییەکەی تێکشکاند و فڕێیدایە ناو گێژەنگێکی هەست و سۆزەوە کە هەرگیز نەیتوانی لێی دەربچێت و ئاشقی هەموو شتێکی جوان بوو - کارێکی هونەری، پارچە مۆسیقایەک، ژنێکی جوان. شەیدایی و پەرۆشیی ئەو بۆ جوانی و گەڕان بە دوای هاوسەنگی و نەزمی درک پێکردندا، پێچەوانەی ئەو جیهانە بێسەروبەرە بوو لە چواردەوریدا، واتە جیهانی جینۆساید، کە نەزم و هاوسەنگی هیچ مانایەکی نەبوو. ئەلیشان وەک هونەرمەندێک کە بە دوای جوانیدا دەگەڕا لە هونەردا، ڕووبەڕووی ئەو مەحاڵە بووەوە و شکستی خۆی لە زاڵبوون بەسەر ئەو ئاڵەنگارییەدا ڕاگەیاند. نە خۆی و نە کەسی تریش نەیتوانی ئەو دووبەرەکییە چارەسەر بکات و کەسیش نەیتوانیوە چارەسەری ئەو دژوارییە بکات لە نێوان ئەو دژوارییە چارەسەر بکات لەنێوان ئەو لەتبوونەی کە بەسەر هونەرەکەیدا سەپێنرابوو وەک خاسییەتێکی تایبەتمەند و جیاکاری ئەدەبیاتی جینۆساید و یەکگرتوویی و پتەویی وەک مەرجی جوانی لە هونەردا.

لە گەشتە سەخت و پڕ ئازارەکەیدا، پردێک هەبوو کە زۆرجار لە نێوان مەراق و پەرۆشییەکەیدا لێی دەپەڕییەوە.

ئەو بــەردەوام تارمایی مـردووەکـانی، واتـە قوربانییانی جینۆسایدی ئەرمەنەکان، "تارماییە لەبیرکراوەکانی ساڵی ١٩١٥" ڕاوەدوویـان دەنـا - ئەو تارماییانەی کە هەرگیز جێیان نەدەهێشت و لە کۆڵی نەدەبوونەوە، نە لە مانگی نیسان و نە بە درێژایی ساڵیش:

**... تارماییەکانم**

**لەو شوێنانەدا خۆیان دەشارنەوە کە مرۆڤ کەمترین چاوەڕوانییان لێدەکات،**

**وەک لە وشەی "خۆشمدەوێی" باوکێکی شکستخواردوو**

**لە کارتێکدا دەیدۆزیتەوە کە دەیکاتەوە**

**پاش ئەوەی بە درێژایی هەموو ڕۆژەکە مەستی مەیخواردنەوە بووە بۆ ئەوەی لەبیری بکات کە ڕۆژی باوکە.[٥٥]**

لیۆناردۆ ئەلیشان لە ٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ کۆچی دوایی کرد، کاتێ ئاگرێکی گەورە لەماڵەکەیدا کەوتەوە لە شاری ساڵت لەیک سیتی. ماڵەکە بە تەواوی سووتا و ئەویش کە تاقانە دانیشتووەکەی بوو، لەگەڵیدا سووتا. بەمە پێشبینییە ترسناکەکەی هاتەدی: کۆتاییەکی تراجیدیی بەخۆیەوە بینی کە لەگەڵ ژیانە پڕ ئازار و مەینەتییەکەیدا یەکیدەگرتەوە: ژیـان و مردنی قوربانییەک بە سووتان لەسەر قوربانگەی یادەوەریی جینۆساید.

## سەرچاوە:

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی توێژەرانی جینۆساید

Genocide Studies and Prevention: An International Journal, Volume 1, Issue 3

The Restless World of Leonardo Alishan (March 1951–January 2005): A Burnt Offering on the Altar of the Armenian Genocide

Rubina Peroomian

جیهانی نائارامی لیۆناردۆ ئەلیشان (١٩٥١ - ٢٠٠٥): قوربانییەکی سووتان لەسەر قوربانگەی جینۆسایدی ئەرمەن

پرۆفیسۆر د. ڕوبینا پێرومیان / زانکۆی کالیفۆرنیا – ئەمریکا

## تێبینی و پەراوێز Notes

1. Leonardo Alishan, ‘‘The Lady-Bug and the Persian Rug,’’ Ararat 35, 140 (Autumn 1994): 32. قالۆنچە و فەرشە ئێرانییەکە

2. Leonardo Alishan, ‘‘Refuge,’’ in Dancing Bare-foot on Broken Glass (New York: Ashod Press, 1991), 51. سەماکردن بە پێی ڕووت لەسەر شووشەی شکاو

3. Alexander Pope, ‘‘An Essay on Criticism,’’ in Critical Theory since Plato, ed. Hazard Ames, 281 (New York: Harcourt Brace Jovanovich, 1971). وتارێک لەسەر ڕەخنە، لە تیۆری ڕەخنەیی لە دوای ئەفلاتونەوە

4. Leonardo Alishan, ‘‘The Nest,’’ Visions (1999). هێلانە

5. Vahe´ Oshagan was a revered Armenian poet, writer, and critic with whom Alishan had developed an intellectual bond.

ڤاهێ ئۆشاگان شاعیر و نووسەر و ڕەخنەگرێکی ئەرمەنی ڕێزدار بوو کە ئەلیشان پەیوەندییەکی فیکری لەگەڵیدا پەرەی سەندبوو.

6. Leonardo Alishan, ‘‘Vahe Oshagan (1921 – 2000),’’ Ararat 41, 160 (Autumn 2000): 64.

ڤاهێ ئۆشاگان (١٩٢١–٢٠٠٠)

7. Ibid. هەمان سەرچاوە

8. Leonardo Alishan, ‘‘To an American Friend Who Loves Persian Poetry,’’ in Oberon, poetry 2 (2003): 21. بۆ هاوڕێیەکی ئەمریکی کە شیعری فارسی خۆشدەوێت

.9 The copy of this piece in my possession is a photocopy of page 31 of an unnamed magazine or anthology, sent to me by Alishan.

کۆپی ئەم پارچەیەی لەبەردەستمدایە، فۆتۆکۆپی لاپەڕەی ٣١ی گۆڤارێک یان ئەنتۆلۆژیایەکی بێ ناوە، کە لە لایەن ئەلیشانەوە بۆم نێردراوە.

10. Leonardo Alishan, ‘‘Remembrances,’’ Lull-water Review 13, 1 (Winter 2002): 73. This poem won him the Lullwater First Prize.

‘‘بیرەوەرییەکان،’’ پێداچوونەوەی لولواتەر ١٣، ١ (زستانی ٢٠٠٢): ٧٣. ئەم شیعرە خەڵاتی یەکەمی لولواتەری بەدەستهێنا .

11. Leonardo Alishan, ‘‘An Exercise on a Genre for Genocide and Exorcism,’’ in The Armenian Genocide, History, Politics, Ethics, ed. Richard G. Hovannisian, 340–54 (New York: St. Martin’s Press, 1992), 352 – 53.

ڕاهێنانێک لەسەر ژانرێک بۆ جینۆساید و دەرکردنی جنۆکە،‘‘ لە جینۆسایدی ئەرمەن، مێژوو، سیاسەت، ئەخلاق

12. Leonardo Alishan, ‘‘The Lady, the De-

mon, and the Little Exorcist,'' unpublished manuscript, circa 2003. Subsequent quotations in this paragraph are from the same source.

قالۆنچە، جنۆکە و دەرکردنی جنۆکە لە جەستە،" دەستنووسێکی بڵاونەکراوە

.Alishan, ''Lady-Bug,'' 32 .13

مەشق و .Alishan, ''Exercise on a Genre,'' 352 .14
ڕاهێنان لەسەر ژانرێک

15. Ara Oshagan, ''Once in a While It's OK to Walk Naked in the Crowd: An Interview with Leonardo Alishan,'' Asbarez English Weekly, 14 March 1992, 7.

جارێک لە کاتێکدا باشە کە بە ڕووتی لەناو قەرەباڵغیدا بڕۆن: چاوپێکەوتنێک لەگەڵ لیۆناردۆ ئەلیشان

16. Leonardo Alishan, ''The Return of the Great Goddess in the Hayrens of Nahapet Kuchak'' (in Armenian), paper presented at UCLA Narekatsi Chair of Armenian Studies / Yerevan State University Department of Literature symposium, Yerevan, fall 1991. گەڕانەوەی خوداوەندە گەورەکە لە هایرێنەکانی نەهاپێت کوچاک

١٧. بنەمای ژنانە و چەمکی خوداوەند لە ئایینی مەسیحی سەرەتاییدا ڕەتکرایەوە و چەمکی کەنیسەی (کەنیسەی دایک) جێگەی گرتەوە بۆ

ئەوەی وەک بەخشەری ژیان کار بکات. ئەم هەڵوێستە دژە ژنانە لە شیعری لیریکی ئەرمەنیدا زاڵ بوو- هەمووی، بەڕێکەوت، لە لایەن شاعیرانی ڕۆحانییەوە ئامادەکرابوون- تا هایرێنەکانی نەهاپێت کوچاک، شاعیری عەلمانیی سەدەی ناوەڕاستی ئەرمەنی. کوچاک لەم ژانرە شیعرەدا هەر سێ ئەرکی خوداوەندی بتپەرست دەگەڕێنێتەوە بۆ ژن: بەخشەری ژیان، گۆڕانکاری و بەخشەری مردن. دوای هەزاران ساڵ لە ڕەتکردنەوە، خوداوەندی بتپەرست گەڕایەوە بۆ شیعری ئەرمەنی، کوچاکیش بۆ خوداوەندی بتپەرست، بۆ سەرچاوەی ژیان.

١٨. لیۆناردۆ ئەلیشان، " لە خەونەوە بۆ واقیع: دۆن کیشۆت لەگەڵ ئەسپێکی تۆپیو و ئاشەبا بە بێ با".گۆڤاری ئارارات ٣٢، ١٣٢ (پایزی ١٩٩٢): ٢٣ – ٢٧، ٢٣.

١٩. هەمان سەرچاوە. ل٢٦

٢٠. هەمان سەرچاوە. ل ٢٣ - ٢٤.

٢١. هاکۆپ کاراپێنتس هایکاکان شۆرجپار لە ئەنکاتار، تەواونەکراو، (نیویۆرک: چاپخانەی ڤۆسکەدار، ١٩٨٧).

٢٢. ئۆشاگان،"جارێک لە ماوەیەکدا“Once in a While ، ٧.

٢٣. لیۆنارد ئەلیشان، کاتی مەرگ ٢ لە "سەماکردن بە پێی پەتی لەسەر شووشەی شکاو Dancing Barefoot on Broken Glass، (نیویۆرک، چاپخانەی ئاشبۆد، ١٩٩١)، ٧٠.

٢٤. ئەلیشان، ڕاهێنان لەسەر ژانرێک An Exercise on a Genre .

٢٥. ئەلیشان، "قالۆنچە و ...."

٢٦. لیۆناردۆ ئەلیشان، "٢٤ی نیسانی ١٩١٥"، ئەرمینیان ویکلی، ٢٧ی مایسی ٢٠٠٠.

٢٧. هەمان سەرچاوە.

٢٨. ''ECCE HOMO,''. بڵاو نەکراوەتەوە، ٢٠٠٠.

٢٩. لیۆناردۆ ئەلیشان "شیعر"، حوزەیرانی ٢٠٠٢، ١٨.

٣٠. تانکا یەکێکە لە کۆنترین و گرنگترین شێوەکانی بەیتی ژاپۆنی. تانکای زمانی ئینگلیزی تا ڕادەیەک جیاوازە و ڕەنگە وێنەی زیاتری تێدابێت لە چاو نەریتی ژاپۆنی، کە پێکهاتە دانراوەکەی سی و یەک بزوێنە، لە پێنج دێڕ پێکهاتووە. لە باشترین تانکادا زۆرجار پێنج هێڵەکە بەبێ کێشە دەڕژێنە ناو یەک بیرکردنەوە. تانکا پوختە و وەبیرهێنەرەوەیە؛ بەزۆری ئاهەنگ دەگێڕێت بۆ ساتێک و ڕووداوێک و یادەوەرییەک. هایکۆ زیاتر پەیوەندی بە سروشت و دیاردە سروشتییەکانەوە هەیە. سێنریو زیاتر پەیوەندی بە ڕەفتاری مرۆڤەوە هەیە و خاوەنی تۆنی تەنزئامێزی ورد. مایکل دیلان وێڵچ بە سێنریو ناودەبات "شیعری خۆئاگاداری مرۆڤ." ڕەی ڕاسموسن، "سێنریو: پێناسەکان و بێژەکردن،" لاپەڕەی ووونە ژوورەوەی سێنریو، http://raysweb.net/senriu/definitions.html (دەستگەیشتن بە ٢٥ی تەمموزی ٢٠٠٥). هەردوو هایکو و سێنریو پارچەیەکی زۆر کورتن، ''درێژی هەناسەیەکی ئاسوودە،'' سێ هێڵی بێ قافیە، و زۆرجار جیاوازیکردن لە نێوان ئەو دوو فۆرمەدا زۆر قورسە. زۆرێک لە شاعیرانی ئینگلیزی و ئەمریکی، کە لە جەیمس جۆیس و ئێزرا پاوندەوە دەستیان پێکرد لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩١٠ بۆ ١٩١٧، ئیلهامیان لە سادەیی و قووڵی هایکو و سێنریو وەرگرتووە،

ئەم فۆرمانە بەکاردەهێنن بۆ دەربڕینی کاریگەرییەکانیان لەسەر دیاردە سروشتییەکان و ڕەفتاری مرۆڤ و هەروەها هەستەکانیان. بەڵام بزووتنەوەکە تەنیا لە دوای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ڕەگی داکوتێت، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی گۆڤاری خولیی تەرخانکراو بۆ ئەم فۆرمانە. لەو کاتەوە هایکو و سێنریو لە ئەدەبیاتی ئەمریکای باکووردا گەشەیان کردووە.

٣١. لیۆناردۆ ئەلیشان، لە ڕێگەی دڵۆپێکەوە (لۆس ئەنجلۆس: نامەی کراوە، ٢٠٠٠). بەشێک لە شیعرەکانی ئەم کۆمەڵەیە بۆ یەکەمجار لە گۆڤارە ئەدەبییە بەناوبانگەکانی وەک تانکای ئەمریکی، لقە ڕەش، داپیرە زەوی، ژاپۆنۆفیل، لینکس، هایکۆی مۆدێرن، پالۆمار شۆکەیس، پێنۆمبرا، پوینت جودیس لایت، دەمارە خامەکان، خوشکەکانی ئەمڕۆ، سپین، زستانە سپین، تانکا جۆرناڵ، و توندرە دەرکەوتن.

٣٢. ل ٥٢، ٣٣. ل ١٠، ٣٤. ل ١١، ٣٥. ل ٥٦، ٣٦. ل ٦٤، ٣٧. ل ٧٠، ٣٨. ل ٨١، ٣٩. ل ١٠١ (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

٤٠. جەین ڕیشهۆڵد و وارنەر ڕیشهۆڵد، پێداچوونەوە لە ڕێگەی شەبنەمێکەوە: کۆمەڵێک لە هایکو، سێنریو و تانکا، لەلایەن لیۆناردۆ ئالیشان، لینکس: گۆڤارێک بۆ بەستنەوەی شاعیرانی ١٦، ١ (٢٠٠١)، http://www.ahapoetry.com.com ئۆکتۆبەری ٢٠٠٦).

41. لیۆناردۆ ئەلیشان، باڵندەی زیقاوڵە،''Kingfisher, گۆڤاری تانکا، ژمارە ١٥، ٢٠٠٠.

42. "Utilitarianism سووگەرایی Sufi 58 (هاوینی ٢٠٠٣):

٤٣.

43. لیۆناردۆ ئەلیشان، "بیرکردنەوە ماندووەکان،" بڵاوکراوەکانی سووتانی بوش، http://www.bbbooks.com/ winner2003.html (دەستگەیشتن بە ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦). ‘‘بیرکردنەوە ماندووەکان‘‘ خەڵاتی شیعری خەڵکی پێش قازانج لە ساڵی ٢٠٠٣ی بەدەستهێنا. خەڵاتەکانی دیکەی ئەلیشان بریتین لە خەڵاتی ئەکادیمیای شاعیرانی ئەمریکی (١٩٧٧)، خەڵاتی دانیال ڤاروجان لە یانەی شیعری نیو ئینگلاند (١٩٨١)، و خەڵاتی شیعری پێداچوونەوەی لولواتەر (٢٠٠٢)

44. ‘ئەلیشان، "مەشق و ڕاهێنان لەسەر ژانرێک". ل ٣٥٢.

45. شاڵە سوورەکە ((دەقێکی شانۆیی بڵانەکراوە، ٢٠٠٠).

46. هەمان سەرچاوە، فەسڵی یەکەم.

47. هەمان سەرچاوە، فەسڵی دووەم.

48. لیۆناردۆ ئەلیشان، "گونجاندن" (بڵاونەکراوەتەوە، ٢٠٠٢).

٤٩. لیۆناردۆ ئەلیشان، "گەشەکردن لەگەڵ میراتەکەم Growing with My Heritage" (بۆ دوو قوربانیی جینۆسایدی ئەرمەنەکان)،" چوارەم لە زنجیرەی چوار شیعری بڵاونەکراوە بە ناوی ”قوربانیان: گەڕانەوەی دڕندەترین مانگ‘‘، کە لە مانگەکانی نیسان و ئایاری ٢٠٠٢ نووسراوە.

٥٠. لیۆناردۆ عەلیشان، "بۆسەی قوربانی،" سێیەم لە زنجیرەی ”‘قوربانیان: گەڕانەوەی دڕندەترین مانگ Victims: The Return of the Cruelest Month" بڵاونەکراوەتەوە.

٥١. ئەلیشان، ٢٤ی نیسانی ١٩١٥.

٥٢. هەمان سەرچاوە. لە ئایینی بوودایی تیبتدا، بۆدیساتڤا هەر کەسێکە کە پاڵنەرەکەی بەزەیی بێت و نەک تەنها بۆ خۆی بەڵکو بۆ هەموو کەسێکی دیکەش بەدوای ڕۆشنگەریدا بگەڕێت. مەهاساتڤا یەکێک بوو لە دووبارە لەدایکبوونەکانی پێشووی بودا، کە خۆی فڕێدایە بەردەم پڵنگێکی برسی و بەچکە برسیەکانی بۆ ئەوەی ببێتە خۆراکیان.

٥٣. هەمان سەرچاوە

٥٤. ئەو لەسەر ئەم ڕووداوەی نووسیوە لە کتێبی "زەردەخەنە (گوڵەبەڕۆژەیەک بۆ خاتوو ئەرمیک گۆگۆزیان)"، دەستنووسێکی بڵاونەکراوەیە، ٢٠٠١، باس لەوە دەکات چۆن باوک و دایکی بانگهێشت کراون بۆ چاوپێکەوتنی بەڕێوەبەری باخچەی ساوایان و مامۆستا بۆ ڕوونکردنەوەی ددانپیانانی نامۆی کوڕە پێنج ساڵانەکەیان بە خۆشەویستیدا.

٥٥. ئەلیشان، بۆسەی قوربانی، The Victim’s Ambush

## کورتە ژیاننامەیەکی نووسەر

ڕوبینا پێرومیان، دکتۆرا لە زمان و کولتوورەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە زانکۆی کالیفۆرنیا - لۆس ئەجلس UCLA. پێشتر وانەبێژی توێژینەوەی ئەرمەنی بووە لە زانکۆی UCLA. لە ئێستادا، توێژەرێکی سەربەخۆیە. ئەو بە شێوەیەکی بەرفراوان وتاری پێشکەش کردووە و لە سیمپۆزیۆمی نێودەوڵەتیدا سەبارەت بە جینۆسایدی ئەرمەن و چەندین بابەتی توێژینەوەی لە گۆڤارە زانستییەکاندا بڵاوکردووەتەوە. پێرومیان توێژەرێکی ئەدەبیی باڵادەستە و نووسەری چەندین لێکۆڵینەوەیە لەسەر جینۆسایدی ئەرمەن. بوارەکانی نووسینی جۆراوجۆرن لە ڕۆمانەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، زمان، مێژوو و بوارەکانی سۆسیۆلۆجیا. کتێبەکانی لە ئەرمینیا و ئێران و لوبنان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و شوێنانی تر چاپ و بڵاوبوونەتەوە.

ڕوبینا پێرومیان ساڵی ١٩٣٦ لەدایکبووە و ساڵی ١٩٦٩کۆلێجی ئەندازیاریی زانکۆی تارانی تەواوکردووە. ساڵی ١٩٧٨ کۆچی کردووە بۆ ئەمریکا و لە بەشی

زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی کالیفۆرنیا وانەی وتووەتەوە. لە کتێبە بەرچاوەکانی: مێژووی ئەدەبی ئەرمەنی لە تاراوگە (دیاسپۆرا) و ڕەنگدانەوەی جینۆسایدی ئەرمەن لە ئەدەبدا. کتێبێکی گرنگی قوتابخانەی بە زمانی ئەرمەنی نووسیوە بۆ پۆلەکانی خوێندنی ئامادەیی لەسەر پرسی جینۆساید و مێژووی ئەرمەنی بە ناوی "جینۆسایدی ئەرمەن، ١٩١٥ - ١٩٢٣: ڕێبەری مامۆستا و قوتابییان" (١٩٨٨) و لە قوتابخانە حکومییەکانی ویلایەتی کالیفۆرنیادا دەخوێنرێت. بێجگە لە کتێبێکی ڕێبەری تایبەتی خوێندن و فێرکردن بۆ مامۆستایان و ئەمانە بە شێوەی ئۆنلاینیش بەردەستن.

مۆنۆگرافیاکانی لەسەر جینۆساید بریتین لە:

- کاردانەوە ئەدەبییەکان بۆ کارەسات: بەراوردێک لە نێوان ئەزموونی ئەرمەن و جووەکان.
- ئەوانەی لە دوای ساڵی ١٩١٥ لە تورکیا بەردەوام بوون لە ژیان.
- جینۆسایدی ئەرمەنەکان لە ئەدەبدا، تێڕوانینەکان بۆ ئەوانەی لە ساڵانی کارەساتەکەدا ژیاون.
- جینۆسایدی ئەرمەن لە ئەدەبدا، کاردانەوەکانی نەوەی دووەم.

Rubina Peroomian

# Children in the Armenian Genocide

Translated into Kurdish:

**Mohammed H. Tofiq**

Sulaimani – 2026